حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی
## پۆلی دوازدەیەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی ئامادەیی
## پۆلی دوازدەیەم



چاپی شازدەهەم
١٤٤٣ کۆچی ٢٠٢٢ زایینی ٢٠٢٢ کوردی

**دانانی**

| | | |
|---|---|---|
| **عبـــدالله شـــاڵی** | **د.عزالـــدین مصطـفی** | **د.امیــــــن علـــي** |
| **نوری علي امـــین** | **فریـدون علــي امـــین** | **علاءالدين سجادي** |

**پێداچوونەوەی زانستیی دووەم**

| | | |
|---|---|---|
| صادق احمد عثمان | فاروق نورالدین ئاغۆك | عمر أحمد خــدر |
| نەمام جـلال رشـید | ئـەخـتـەر صـدیق حسـین | محسن علي حسين |


**سـەرپەرشـتیاری زانستیی چاپ:** صـادق احمــد عثمـــان - چیمەن کریم حمەأمین

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** ئـــاری محســن احمـد

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك:** ئاری محســن احمد

**تایپکـردن:** یوسف احمد اسماعیل

ڕێڤین راغـب حســـین

لانە مجـــید مـیربحیی

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری:** ئاشتی عمر علی

# پێشەکی

مامۆستایانی بەڕێز، دانانی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، بۆ زیاتر لە چل ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، لە چوار بەش (ڕێزمان، ئەدەب، ڕەوانبێژی و خوێندنەوە) پێکهاتووە، تەنها یەکجار لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆر لە ساڵی(٢٠٠٧)ز بژارکراوە و پێداچوونەوەی زانستی بۆ کراوە و دەوڵەمەندکراوە.

بێگومان پڕۆگرامی خوێندن پێویستی بە گەشەپێدان و پێداچوونەوەی بەردەوام هەیە، چونکە سیستەمی خوێندنی زمان و ئەزمونەکان و وانەگوتنەوە گۆڕاوە، لە ڕوانگەی ئەو دید و بۆچوونە و بە مەبەستی گونجاندن و ئاسانکاری لیژنەیەکی پسپۆر لە لایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێردرا.

لە بەشی ڕێزمان چەندین گۆڕانکاریکراوە و ڕاهێنانی هەڵبژاردن بۆ هەموو بابەتەکان زیادکراوە. بەشی ئەدەب پوختەکراوە. لە بەشی ڕەوانبێژی پێناسەکان بە زمانێکی سادەتر داڕێژراونەتەوە و نمونەی ڕوونتر و جوانتر لە شوێنی نمونە لێڵەکان دانراون. لە بەشی خوێندنەوە بەچاکمان زانیووە بابەتەکان کەمبکەینەوە. هەوڵمانداوە سەرجەم بەشەکانی کتیبەکە، لەڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەوە هەڵەبڕبکەین.

هەروەها دیزاینێکی جوانی بە بەرگێکی قەشەنگ بۆ کراوە. داوا لەپسپۆرانی زمانی کوردی لە مامۆستا و سەرپەرشتیاران دەکەین، لە هەر تێبینی و ڕەخنە و پێشنیازێک کە هەیانە ئاگادارمانبکەنەوە بۆ ئەوەی لە چاپەکانی ئایندەدا لەبەرچاویانبگرین.

لیژنەی پێداچوونەوە

٢٠١٩/٨/٢٠

# پێرســت

## بەشی ڕێزمان ٧

### وەرزی یەکەم:


کار بەپێی ناوەڕۆك چوار شێوازی هەیە:

١- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٨

٢- شێوازی ڕێژەی دانانی ........ ١٣

٣- شێوازی ڕێژەی داخوازی ........ ١٩

٤- شێوازی مەرجی (ڕستەی ئاوێتەی مەرج) ........ ٢٤

کاری چاوگی (بوون) ........ ٢٩

ئەرکی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا ........ ٣٥

ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان: ........ ٣٩

- یەکەم: وەك بکەر ........ ٣٩

- دووەم: وەك بەرکار ........ ٤٥

- سێیەم: وەك تەواوکەری بەیارێدە ........ ٥١


### وەرزی دووەم:


هاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە ........ ٥٧

جۆرەکانی هاوەڵکار لە ڕووی ڕۆنانەوە ........ ٦٦

ڕادە ........ ٧٠

دیارخەرەکانی ناو

یەکەم: ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو ........ ٧٤

دووەم: ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو ........ ٧٩

سێیەم: ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو ........ ٨٥

چوارەم: ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو ........ ٨٩

## بەشی ئەدەب ٩٥

### وەرزی یەکەم


پڕەوی شیعری کوردی لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٩١)ز ........ ٩٦
قۆناغی یەکەم: ساڵانی (١٩٣٩-١٩٥٨)زدا ........ ٩٦
قۆناغی دووەم: ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٠)زدا ........ ١٠٤
قۆناغی سێیەم: ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)زدا ........ ١٠٧
تایبەتمەندی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا ........ ١٠٨
ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥)زدا ........ ١٠٨
ڕوخسار و تەکنیکی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی(١٩٧٠-١٩٧٥)زدا ........ ١١٠
شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) زدا ........ ١١٢
ڕەخنەی ئەدەبی ........ ١١٨
ڕەخنە و چەمکی ڕەخنە ........ ١١٨
مێژووی ڕەخنەی جیهانی ........ ١١٨
یەکەم: ڕەخنەی خۆرئاوایی ........ ١١٩
دووەم: ڕەخنەی خۆرهەڵاتی ........ ١٢١
ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ........ ١٢١
ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان ........ ١٢٦
پەخشان ........ ١٣٠
وتار ........ ١٣١
قۆناغی یەکەم: ساڵانی (١٩٣٩-١٩٥٨)زدا ........ ١٣١
قۆناغی دووەم: ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٠)زدا ........ ١٣٣
قۆناغی سێیەم: ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)زدا ........ ١٣٤


### وەرزی دووەم


چیرۆکی کوردی لە شەڕی دووەمی جیهانیەوە ........ ١٣٧
قۆناغی یەکەم: چیرۆکی هونەریی کوردی لە ساڵانی (١٩٣٩-١٩٥٨)زدا ........ ١٣٧
قۆناغی دووەم: چیرۆکی هونەریی کوردی لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٠)ز دا ........ ١٤٠
قۆناغی سێیەم: چیرۆکی هونەریی کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)زدا ........ ١٤٢
ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا ........ ١٤٦

## بـەشی ڕەوانبێژی ١٥١

### وەرزی یەکەم


١ - ڕەگەزدۆزی ..... ١٥٢
٢- لێکچوواندن ..... ١٥٦
٣- خواستن ..... ١٦٠


### وەرزی دووەم


٤- دژیەك ..... ١٦٣
٥- جوانیی بایس ..... ١٦٦
٦- تێهەڵکێش ..... ١٦٨


## بەشی خوێندنەوە ١٧٣

### وەرزی یەکەم


شێخ سەعیدی پیران ..... ١٧٤
میر شەرەفخانی بەدلیسی ..... ١٧٦


### وەرزی دووەم


مەلا محەمەدی کۆیی ..... ١٧٨
قەڵای دمدم ..... ١٨٨


## سەرچاوەکان ١٨٤

# بەشی ڕێزمان



## کاربەپێی ناوەڕۆك چوار شێوازی* هەیە

### ١- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

١- کارەکەی تۆمان دواخست.
٢- هاوکار قەڵەمەکەی بەخشیوە.
٣- هەموو بۆ بینینی پێشانگاکە هاتبوون.
٤- کە ئەوان هاتن بۆ ماڵی ئێمە، براکەم دەرگاکەی بۆیەدەکرد.
٥- دۆخی ئافرەتی کورد تایبەتمەندییەکانی گەلی کورد دەنوێنێت.
٦- خانووەکەتان نەفرۆشرا.
٧- ڕاسپاردەکە بە ئەوان جێبەجێناکرێت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (دواخست، بەخشیوە، هاتبوو، هات، بۆیەدەکرد، دەنوێنێت، نەفرۆشرا، جێبەجێناکرێت) هەموویان واتاکانیان هەواڵێک ڕادەگەیێنن و دەردەخەن لە دەمێکدا، لە هەموو ئەم ڕێژانەدا لەوە بە گومان نین، کە واتای کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام، واتا ڕویانداوە یان ڕوودەدەن یان ڕونادەن، ئەم جۆرە ڕێژانە کە بۆ گەیاندنی چەمکی هەواڵێک بەکاردەهێنرێن، شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندنی کارن.

ئەو ڕێژانەی (کار) کە لە شێوازی ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

#### یەکەم ‹ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن:

ئەم ڕێژەیە لە چاوگەکان، بە لابردنی (ن) نونی چاوگ لە چاوگەکە دروستدەکرێت، وەک کاری (دواخست)، کە لە ڕستەی یەکەمدا پیشاندراوە.

#### دووەم ‹ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن:

قەدی چاوگ لەگەڵ نیشانەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن (وە، ووە)** دروستدەکرێت، وەک کاری (بەخشیوە) کە لە ڕستەی دووەمدا پیشاندراوە.

(*) شێواز/ اسلوب
(**) لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا نیشانەی (ووە) بۆ ئەو کارانە بەکاردێت کە قەدەکانیان کۆتایی بە پیتی (د، ت) هاتووە، نیشانەی (وە) بۆ قەدی ئەو کارانە بەکاردێت کە کۆتاییان دێت بە بزوێنەکانی (ا ، ی ، وو).
لە زاری کرمانجیی سەروودا لەجیاتی نیشانەی (وە) نیشانەی (یە) و لەجیاتی (ووە) نیشانەی (ییە)، لە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا بەکاردێت، وەک: هێناوە ← هێنایە چاندووە ← چاندییە

## سێیەم ‹ ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

قـەدی چاوگ لەگەڵ نیشـانەی ڕابـردووی دووری ڕاگەیاندن (بوو) دروسـتدەکرێت. وەک کاری (هاتبـوو)، کـە لـە ڕسـتەی سـێیەمدا پیشـاندراوە.

## چوارەم ‹ ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن:

قـەدی چـاوگ نیشـانەی (دە)ی دەخرێتە بەردەمی بـۆ دروسـتکردنی ڕێژەکە ئەگەر کارەکە سادە یان ناسادە بێت، وەک کاری (بۆیەدەکرد)، کە لە ڕستەی چوارەمدا پیشاندراوە.

لە کرمانجیی سەروو.

- **(د + قەد):** (د + هات) ⟵ دهات

## پێنجەم ‹ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:

ڕەگی کار نیشانەی ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن (دە) دەخرێتە بەردەمی ڕەگی کارەکە ئەگەر سادە یان ناسادە بێت ئینجا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەنووسرێن، کە ئەمانەن: {م ، ین ، یت ، ن ، (ات ، ێت) ، ن}.

(دە + ڕەگی کار + جێناوی کەسیی لکاو)* وەک کاری (دەنوێنێت) کە لە ڕستەی پێنجەمدا پیشاندراوە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لە شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندندا:

١- کاری بکەرنادیار بەکاردەهێنرێت.

٢- لە ڕێـژەی کاری ڕابـردووی تـەواوی ڕاگەیاندنـدا، ئەگـەر کاری ڕابـردووی نزیکـی ڕاگەیانـدن کۆتایی بە پاشـگری (ەوە) هاتبوو، ئـەوا ناوبەندی (ت) دەخرێتە نێوان نیشـانەی ڕابـردووی تەواو و پاشـگرەکەوە:

- خوێندووە ⟵ خوێند + وو + ت + ەوە
- دۆزیوەوە ⟵ دۆزی + وە + ت + ەوە

* لە کرمانجیی سەروودا لە جیاتی نیشانەی(دە) نیشانەی (د) بۆ ئێستا و (دێ) بۆ داهاتوو بەکاردێت.
د + چم ⟵ دچم ، دێ + چم ⟵ دێچم

٣- ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن لە شێوەی (ئەری)وە دەکرێن بە نەرێ:

**أ-** هەموو ڕێژەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن بە کاری بکەردیار و بکەرنادیارەوە بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێن، وەک:

- بوو ← نەبوو
- فرۆشرا ← نەفرۆشرا
- وەرگرت ← وەرنەگرت

**ب-** ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە کاری بکەردیار و نادیارەوە بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت، لە شوێنی نیشانەی (دە) دادەنرێت وەک:

- دەبێت ← نابێت
- ئاوەداندەکەنەوە ← ئاوەدانناکەنەوە
- دەنووسرێ ← نانووسرێ

## دەستور

هەندێ ڕێژەی کار بۆ خەبەردان ڕاستەوخۆ لە کار و حاڵی کەسێک یان شتێک بەکاردەهێنرێت و گومان لەوەدا نییە، کە کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام یان نەگەیشتووە، بەم ڕێژانەی کار دەگوترێت (شێوازی ڕاگەیاندن).



## ڕاهێنان - ١

**لەم چاوگانە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن و ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروستبکە:**

(ڕامالّین، پەڕینەوە، ئازادکردن)

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم ڕستانە شیبکەوە:**

١- شڤان ل بن کەپرێ نڤستییە.

٢- شاناز ڕایەخەکەی چنی.

٣- گوندەکان ئاوەداندەکرێنەوە.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- ئەو لە تاقیکردنەوەکەدا سەردەکەوت. کاری (سەردەکەوت) لە ڕێژەی

ئـ- ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن ب- ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن

پ- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ت- ڕابردووی بەردەوام

٢- ڕاسپاردەکە جێبەجێدەکرێت. کاری ڕستەکە نەرێ دەکرێ به ئامرازی

ئـ- نی ب- نە پ- نا ت- مە

٣- کام لەمانە کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لە چاوگی (خولانەوە)؟

ئـ- خولاوەتەوە ب- خولایتەوە پ- دەخولایەوە ت- خولایەوە

٤- ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروستدەکرێت بە دەستوری

ئـ- دە + ڕەگ ب- قەد + بوو پ- دە + قەد ت- قەد + وە

٥- لە چاوگی (شوشتن) ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بریتییە لە

ئـ- دەشوات ب- دەیشوشت پ- نەیدەشوشت ت- دەیانشوشت

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (هۆنراوەکانیان لەبەرکرد، ئینجا چوون بۆ قوتابخانە).**

١- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان؟

٢- لە کاری (لەبەرکرد) ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروست بکە و لە ڕستەی تر بەکاری بهێنە.

٣- لە هەردوو کار ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروست بکە و ڕستەکە بنووسەوە.

٤- لە هەردوو کار، ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دروست بکە و ڕستەکە بنووسەوە.

٥- وشەی (هۆنراوەکان) شیبکەوە.

## ٢- شێوازی ڕێژەی دانانی

**أ-**

١- بریا بۆ ئاهەنگەکە چووباینەوە.

٢- ڕەنگە لە ژوورەکەدا خەوتبێتن.

٣- کاشکی چووبووبام و گلەییم نەهێنابایە سەرخۆم.

**ب-**

١- بریا نانەکەت خواردبا.

٢- لەوانەیە خانووەکەیان کڕیبێت.

٣- دەبوو بارەکەتان ئامادەکردبا پاشان چووبان بۆ هەولێر.

٤- خۆزگە کەپرەکەی دروستکردبووبا.

٥- خۆزی من خانییەك ئاڤاكربا.

**پ-**

١- دەبێت منداڵەکانمان جوان پەروەردەبکەین.

٢- دەمەوێت لە تاقیکردنەوەکاندا سەربکەویت.

ئەگـەر بڕوانینـە ئـەو کارانـەی کە لەو ڕسـتانەی سـەرەوەدا هەن دەبینیـن، ڕێژەی ئـەم کارانـە وەک ڕێژەکانی کاری ڕاگەیاندن ڕاسـتەوخۆ ئەنجامی هەواڵێـک کە دەدرێتە پاڵ کەسـێک یان شـتێک نـادەن بە دەسـتەوە، بەڵکو لە شـێوەی (گومان، مەبەسـت، ئـارەزوو، ئاوات.....)ە.

لەگـەڵ ڕێژەکانـی شـێوازی دانانیـدا هەندێـک کاری یاریـدەدەر و هەندێـک وشـە بەکاردێـن: (دەبێت، دەبوو، دەبوایە، بریا، خۆزگە، ڕەنگە ...) کە هەواڵەکە دەدەن بەدەسـتەوە، گومـان لـە بـە ئەنجامگەیاندنـی کارەکە هەیـە. لەکاتی گۆڕینی ڕسـتەی دانانی بۆ شـێوازی ڕاگەیانـدن یـان داخـوازی ئـەم کار و وشـانە لادەبرێـن و پێچەوانەش ڕاسـتە.

## تێبینی - ١ -

### لەکاری بکەرنادیار:

شـێوازی ڕێـژەی دانانـی، کارەکان لـە شـێوەی (کاری بکەرنادیار)یش دروسـتدەکرێت بـــۆ نمونـــە:

(ڕابردوو ← ڕەگی کار + را + با) **خۆزگە نامەکە نووسرابا.**

(ڕانەبردوو ← ب + ڕەگی کار + رێ) **ڕەنگە نامەکە بنووسرێ.**

## تێبینی - ٢ -

### کارە یاریدەدەرەکان:

(دەبـوو – دەبـوایە – دەبێـت – پێویســتە – دڤێت) بۆ پێویستی بەکاردێت.

دەمەوێت: بۆ ویسـتن بەکاردێت.

دەتوانن: بۆ تـــوانین بەکاردێت.

چێدبێت: بۆ گومان بەکاردێت.

## تێبینی - ٣ -

### وشـەکان:

خۆزگە (خۆزی) – بریا – کاشکێ: بۆ ئاوات و ئارەزوو بەکاردێت.

بەلکی – ڕەنگـە – لـەوانەیە : بۆ گومان بەکاردێت.

خـــوایە : بۆ نزاو پاڕانەوە بەکاردێت.

## دروستکردنی ڕێژەکانی شێوازی دانانی بەم شێوانەی لای خوارەوە دەبێت

### أ ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی

قــەدی چــــاوگ + بــا

کەوتبا - هێنابا - وەرگرتبا - ئامادەکردبا

### ب ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی

قــەدی چــــاوگ + بێت

کەوت + بێت = کەوتبێت.

هێنا + بێت = هێنابێت.

هەڵبژارد + بێت = هەڵبژاردبێت.

یارمەتی دا + بێت = یارمەتیدابێت.

### پ ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی

قــەدی چــــاوگ + بووبا

هێنابووبا - کەوتبووبا - وەرگرتبووبا - ئامادەکردبووبا...

### ت ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی

بـ + ڕەگی کار + جێناوی کەسی لکاو

بنووســـم - بچێت - بخـۆین - پــەروەردەبکـــەین - ســـەربکەویت *.

لێـرەدا ئامـاژە بـەوە دەکەین کە (بـا، بێت، بووبا، ب) نیشـانەن لە شـێوازی دانانیدا، هەروەهـا هەمـوو ڕێژەکانی شـێوازی دانانـی بە ئامرازی (نـە) نەرێدەکرێن، ئەگـەر کارەکە لـە دەمـی ڕابـردوو بـوو، دەکەوێتە پێـش کارەکە.

---

(*) ڕێـژەی ڕانەبـردووی دانانـی هەروەک ڕێـژەی ڕانەبـردووی ڕاگەیاندنە تەنیا نیشـانەی (دە) دەگۆڕین بـۆ (ب). هەروەهـا دەکرێـت دەرنەکەوێت، ئەگەر کارەکە ناسـادە بوو.

بـەڵام ئەگەر لـە دەمی ڕانەبردووی دانانی بوو، ئامرازی (نە) شــوێنی نیشــانەی (ب) دەگرێتــەوە. وەک:

هاتبا ← نەهاتبا

دەرچووبێت ← دەرنەچووبێت

هێنابووبا ← نەهێنابووبا

بنووسم ← نەنووسم

## دەســتور

ئـەو ڕێژەیەی کارە ڕاســتەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەیداتە پاڵ کەسـێک یــان شــتێک نایدات بە دەســتەوە، بەڵکو لەشــێوەی گومــان، ئارەزوو، ئــاوات، پاڕانەوە یــان مەبەســتدا واتاکــەی دەردەکەوێت.



## ڕاهێنان - ١

**ڕێژە و شێوازی کارەکانی ئەم ڕستانە دیاربکە؟**

١- لەوانەیە باران ببارێت.

٢- کاشکی دیتبام و کتێبەکەم لێ وەرگرتبا.

٣- ڕەنگە زوو هاتبێتن و زوو ڕۆیشتبێتن.

٤- بریا کوردستان زیاتر پێشکەوتبا.

## ڕاهێنان - ٢

**لە ڕستەی (دەبێت ژینگە بپارێزین).**

١- (دەبێت) چ جۆرە کارێکە ؟ چی دەگەیەنێت؟

٢- (بپارێزین) لە چ ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروستکراوە؟

٣- لە کاری(بپارێزین) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکە؟

٤- کاری (بپارێزین) بدە پاڵ جێناوە لکاوەکانی دووەمی تاک و سێیەمی کۆ.

٥- شێوازی ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕاگەیاندن.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی بە کام دەستور دروست دەبێت؟

ئـ- قەدی چاوگ + ووە　　ب- قەدی چاوگ + با

پ- قەدی چاوگ + بێت　　ت- ب + ڕەگی کار + جێناو

٢- خانووەکەیان کڕیوە. ئەم ڕستەیە بگۆڕین بۆ شێوازی دانانی دەبێتە:

ئـ - خانووەکەیان کڕیبێت　　ب- خانووەکەیان کڕیبا.

پ- خۆزگە خانووەکەیان کڕیبێت　　ت- بریا خانووەکەیان کڕیبا.

٣- ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دەکرێتە نەرێ بە ئامرازی:

ئـ- نا    ب- مە    پ- نی    ت- نە

٤- لە ڕستەی (خۆزگە چووبا بۆ گەشت)، وشەی (خۆزگە) بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە؟

ئـ- ئاوات    ب- گومان    پ- پێویستی    ت- پاڕانەوە

٥- لە ڕستەی (دەمەوێت لە تاقیکردنەوە سەربکەون). کاری (سەربکەون) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ - ڕانەبردووی دانانی    ب- داخوازی

پ- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن    ت- ڕانەبردووی دانانی و داخوازی

## ڕاهێنان - ٤

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١- خۆزگە بەفر بارییا.

٢- دەبێت چیرۆکەکە بخوێنیتەوە.

## ٣- شێوازی ڕێژەی داخوازی

/١

| (ب) | (أ) |
| --- | --- |
| لێکۆڵینەوەکە مەنووسە. | لێکۆڵینەوەکە بنووسە. |
| کتێبەکە هەڵمەگرە. | کتێبەکە هەڵبگرە. |
| لەگەڵ فرۆشیارەکە ڕێکمەکەوە. | لەگەڵ فرۆشیارەکە ڕێکبکەوە. |

/٢

| | |
| --- | --- |
| گۆڤارەکە مەکڕن. | گۆڤارەکە بکڕن. |
| لە ژوورەوە دامەنیشن. | لە ژوورەوە دابنیشن. |
| شانۆگەرییەکە پێشکەشمەکەن. | شانۆگەرییەکە پێشکەشبکەن. |

/٣

| | |
| --- | --- |
| نانەکە مەخۆ. | نانەکە بخۆ. |
| قەڵەمەکە دامەنێ. | قەڵەمەکە دابنێ. |
| منداڵەکە بانگمەکە. | منداڵەکە بانگکە. |

ڕێژەی داخوازی، فەرمان و داوا و وریاکردنەوەیە بۆ بەجێهێنان یان بەجێنەهێنانی کارێک، لەلایەن کەسی دووەمی تاک، یان کەسی دووەمی کۆ.

ئەم ڕێژەیە نیشانە و پێکهاتنی تایبەتی خۆی هەیە، کەرەستەی پێکهاتنی بریتییە لە: نیشانەی کار (ب) ڕەگی کار و جێناوی لکاو، (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک و (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێت.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێژەی ئەو کارانەی لە ڕیزی ژمارە (١) بەشی (ئـ) پیشاندراون (بنووسە ـ هەڵبگرە ـ ڕێکبکەوە) دەبینین داوا لە کەسی دووەمی تاک دەکرێت، کە کارێک بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام لە ڕستەکانی بەشی (ب) (مەنووسە ـ هەڵمەگرە ـ ڕێکمەکەوە) داوا لە کەسی دووەمی تاک بکرێت بۆ نەکردنی کارێک کە بەهۆی ئامرازی (مە)وە نەرێکراوە.

هەروەهـا ئەگـەر سـەرنج بدەینە ڕێـژەی ئەو کارانـەی کە لە ڕیـزی ژمارە (٢) بەشـی (ئـ) پیشـاندراون، کـە بریتیـن لـە (بکرێ ـ دابنیشـن ــ پێشکەشـبکەن) داوا لە کەسـی دووەمی کـۆ دەکرێـت بـۆ کردنـی کارێک، هەروەهـا ڕسـتەکانی بەشـی (ب) (مەکرێ ـ دامەنیشـن ـ پێشکەشـمەکەن) داوا لـە کەسـی دووەمـی کـۆ دەکرێت بـۆ نەکردنـی کارێک، کـە بەهۆی ئامـرازی (مـە) نەرێکراوە.

هەروەهـا ئـەو کارانەی ڕەگـی کاریان کۆتایـی بە پیتـی (نەبزوێن) هاتووە، ئـەوا لە ڕێژەی داخوازیـدا بەئاسـانی جێنـاوی کەسـی لـکاو (ە) یـان (ن) وەردەگرێـت وەک لە ڕسـتەکانی ژمـارە (١، ٢) پیشـاندراون، بـەڵام ئەگـەر ڕەگـی کارەکە کۆتایی بـە پیتی (بزوێـن) هاتبوو ئـەوا جێنـاوی لـکاوی (ە)ی کەسـی دووەمی تـاک دەرناکەوێـت، چونکە لە زمانـی کوردیدا دوو بزوێـن بـەدوای یەکـدا نایەن* بەڵام جێناوی لکاوی کەسـی دووەمی کـۆ دەردەکەوێت، وەک لـە ڕسـتەکانی ڕیزی ژمـارە(٣)دا لەباری (ئـەرێ و نەرێ)دا پیشـاندراون.

شـایانی باسـە ئەگەر کارەکە لە ڕووی دارشـتنەوە (ناسـادە) بێت، لەکاتی ئاخاوتن و وتندا بـەزۆری نیشـانەی کار (بـ) دەرناکەوێت، بەڵام چاکتر وایە لە کاتی نووسـیندا بنووسـرێت، وەک:

وەربگرە ـ وەرگرە

سەربخە ـ سەرخە

فریابکەوە ـ فریاکەوە

ڕاببە ـ ڕابە

---

* چاوگی(هاتن) ڕەگەکەی (هێ)یە بۆ سوککردن دەبێتە (ێ) کاری داخوازی بەپێی دەستور دەبێتە(بێ – بێن) لێرەدا (ە) جێناوی کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت. هەر لەم چاوگە بەبێ دەستور ڕێژەی داخوازی دەبێتە(وەرە – وەرن).
– چاوگی(چوون) ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاک لە دەستور لادەدات و دەبێتە (بچۆ)
– لە کرمانجیی سەروو کاری (هەڕە) لە دەستوور لایداوە.

## دەستور

ڕێژەی داخوازی، ئەو ڕێژەیەیە کە قسەکەر بەشێوەی داوا و فەرمان، داوا لە کەسی دووەمی تاک، یان دووەمی کۆ دەکات بۆ بەجێهێنان یان بەجێ نەهێنانی کارێک.
بۆ دارشتنی کاری داخوازی، ڕەگی کاری ڕانەبردوو وەردەگیرێ و نیشانەی (بـ) لە پێشییەوە دادەنرێت و جێناوی کەسی لکاو (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک و (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ لە دواوە پێوە دەلکێنرێت*.




| چاوگ | ڕەگی کار | ڕێژەی داخوازی |
| --- | --- | --- |
| فرۆشتن | فرۆش | بفرۆشە ، بفرۆشن |
| داگرتن | داگر | دابگرە ، دابگرن |

(*) جێناوی لکاوی (ە ــ ن) لە کاری داخوازی (تێپەڕ – تێنەپەڕ)ی (سادە و ناسادە) دەبن بە بکەر و دەچنە دوای ڕەگی کارەکە.

## ڕاهێنان - ١

**لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەو کارانەی بۆ شێوازی داخوازی بەکارهاتوون دەربهێنە:**

١- پەخشانەکە بخوێنەوە.

٢- ڕاستی بڵێ.

٣- پەرلەمانی کوردستان بپارێزن.

٤- دیمانەکە پەخشبکە.

٥- وێنەکە مەشێوێنە.

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە:**

١- گۆڤارەکان چاپبکەن.

٢- پەخشانەکە بڵاوبکەوە.

٣- بەخۆشی بژی.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- (منداڵەکە جوان پەروەردەبکە). لەم ڕستەیەدا چی دەرنەکەوتووە؟

ئـ- جێناوی لکاو(ن)   ب- جێناوی لکاو(ە)   پ- نیشانەی کار   ت- بەرکار

٢- لە کام لەم کارە داخوازییانە، جێناوی لکاوی (ە) دەرنەکەوتووە؟

ئـ- بنوو   ب- لادە   پ- بکە   ت- هەموویان

٣- کامیان کاری داخوازییە و لە چاوگی (بوون) دروستکراوە؟

ئـ- ببەن   ب- ببن   پ- بێ   ت- بێن

٤- لە کام لەم کارە داخوازیانە دەگونجێت نیشانەی کار لاببرێ؟

ئـ- بهێنە　　ب- بخوێنەوە　　پ- دابنیشەوە　　ت- بهۆنەوە

٥- (بە ئازادی بژی). کاری ڕستەکە بکەیتە دانانی دەبێتە:

ئـ- بژییت　　ب- بژییێت　　پ- بژیت　　ت- بژین

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (پڕۆژەکە تەواوبکە).**

١- کوا بکەری ئەم ڕستەیە؟

٢- ئایا دەتوانیت نیشانەی (بـ) لە کارەکە بەکارنەهێنیت؟ چۆن؟

٣- وشەی (پڕۆژەکە) شیبکەوە.

٤- شێوازی ڕستەکە بکە بە شێوازی دانانی.

## ٤- شێوازی مەرجی (ڕستەی ئاوێتەی مەرج)

١- ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین.

٢- هەتا ڕەنج نەکێشیت، گەنج نانۆشیت.

٣- کە ڕاپەڕین بەرپابوو، بە ئامانج گەیشتین.

٤- کەی بایەخ بە پیشەسازی بدرێت، وڵات پێشدەکەوێت.

٥- ئەگەر نەورۆز هات، ئەم دێچینە سەیرانی.

٦- کەی چوویت بۆ کتێبخانە، گۆڤارەکە ببەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕستانەی سەرەوە و چاوێک بە ڕێژەی کارەکان بخشێنین، کە تیایاندا بەکارهێنراون، دەبینین هەر ئەو کارانەن کە لە شێوازی ڕاگەیاندن یا دانانی یا داخوازی بەکارهێنراون، بەڵام مەبەست لەم ڕستانەدا گۆڕاوە، واتە کارەکان بۆ مەبەستی بنجی خۆیان کە (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی)یە بەکارنەهێنراون، بەڵکو بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەبینین. لە ڕستەی یەکەمدا کاری (یەک بگرن) ڕێژەکەی ڕانەبردووی دانانییە، کاری (سەردەکەوین) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون.

واتە ڕودانی کاری (یەک بگرین) مەرجە بۆ ڕودانی کاری (سەردەکەوین).

لە ڕستەی دووەمدا کاری (ڕەنج نەکێشیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی دانانییە، کاری (گەنج نانۆشیت) ڕێژەکەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەردووکیان لەم شوێنەیاندا بۆ مەبەستی مەرج بەکارهێنراون. واتە ڕودانی کاری ڕەنج نەکێشیت مەرجە بۆ ڕودانی کاری گەنج نانۆشێت.

لە ڕستەی سێیەمدا کاری (بەرپابوو) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کاری (گەیشت) ڕێژەکەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە بەڵام لە ڕووی

ناوەرۆکـەوە هەردووکیـان لـەم شـوێنەیاندا بۆ مەبەسـتی مـەرج بەکارهێنـراون، بۆیە بەم شـێوانەی ڕێـژەی کار لـە بەکارهێنانـدا دەگوترێ شـێوازی مەرج.

لـە ڕسـتەی چوارەمدا کاری (بایـەخ بدرێت) ڕێژەکـەی ڕانەبـردووی دانانییە، کاری (پێشـدەکەوێت) ڕێژەکـەی ڕانەبـردووی ڕاگەیاندنـە ئەمـە لـەروی ڕێژەوە بـەلام لە ڕووی ناوەرۆکـەوە هەردووکیان لەم شـوێنەیاندا بۆ مەبەسـتی مەرج بەکارهێنـراون. واتە ڕودانی کاری (بایەخبدرێـت) مەرجـە بـۆ ڕودان و ئەنجامدانـی کاری (پێشـدەکەوێت). بۆیـە بـەم شـێوانەی ڕێـژەی کار لـە بەکارهێنانـدا دەگوتـرێ شـێوازی مەرج.

لـە ڕسـتەی پێنجەمـدا کاری (هـات) ڕێژەکـەی ڕابـردووی نزیکـی ڕاگەیاندنەکاری (دێچیـن) ڕێژەکـەی ڕانەبـردووی ڕاگەیاندنـە، ئەمـە لـە ڕووی ڕێـژەوە، بـەلام لـە ڕووی ناوەرۆکـەوە هەردووکیان لەم شـوێنەیاندا بۆ مەبەسـتی مەرج بەکارهێنـراون. واتە ڕودانی کاری (هـات) مەرجـە بـۆ ڕودان و ئەنجامدانـی کاری (دێچیـن). بۆیە بەم شـێوانەی ڕێژەی کار لەبـەکار هێنانـدا دەگوتـرێ شـێوازی مەرج.

لەڕسـتەی شەشـەمدا کاری (چـوو) ڕێژەکەی ڕابـردووی نزیکـی ڕاگەیاندنە، کاری (ببەوە) ڕێژەکەی داخوازییە، ئەمە لە ڕووی ڕێژەوە بەلام لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەردووکیان لـەم شـوێنەیاندا بۆ مەبەسـتی مـەرج بەکارهێنراون. واتـە ڕودانی کاری (چـوو) مەرجە بۆ ڕودانی کاری (ببەوە). بۆیە بەم شێوانەی ڕێژەی کار لەبەکارهێناندا دەگوترێ شێوازی مەرج.

کەواتە لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە:

١- ڕسـتەی شـێوازی مەرجی هەمیشە ڕسـتەیەکی ئاوێتەی مەرجە و لە دوو ڕستەی سادە پێکهاتووە.

ئ- ڕستەی کاری مەرج یا پارستە.

ب- ڕسـتەی وەڵامـی مـەرج کـە ڕسـتەیەکی سـەرەکییە و مەبەسـتەکە لـەم ڕسـتەیە دەردەکەوێـت. هەروەهـا پێیدەگوترێـت شارسـتە.

٢- لە ڕسـتەی ئاوێتەی مەرجدا (ڕسـتەی شێوازی مەرجیدا) کـار ڕێژەی تایبەتی خۆی نییە، بەڵـکو هەر ئـەو کارانەن کە لە شێوازی (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی) بەکارهێنراون بەڵام لێرەدا بۆ مەبەسـتی بنجی خۆیان بەکارنەهێنراون، بەڵکو بۆمەبەستی مەرج بەکار هێنراون.

٣- لەڕسـتەی کاری مەرج (پارسـتە) ڕێژەی کار هەمیشـە (ڕاگەیاندنە یا دانانییە)، لە ڕستەی وەڵامی مەرجیشـدا ( شارستە) ڕێژەی کار هەمیشـە (ڕاگەیاندنە یا داخوازییە).

٤- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا بەشێوەیەکی گشتی ڕستەی کاری مەرج دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، بەڵام دەگونجێ هەندێ جار ڕستەی وەڵامی مەرج بکەوێتە سەرەتای ڕستە. وەک:

دەچین بۆ سەیران، کە نەورۆز هات.

کانیاوەکان دەبوژێنەوە، ئەگەر باران ببارێت.

٥- لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا ئامرازی لێکدەر (تا، هەتا، کە، هەکە، کەی، ئەگەر....) پێیان دەگوترێ ئامرازی لێکدەری مەرج.

## دەستور

ئـ- ئەگەر لەکاتی بەکارهێنانی کار لە ڕستەدا ڕودانی کارێک مەرج بێت بۆ ڕوودانی کارێکی تر، لەو بارەیدا بەو کارە، بە ڕێژەو ناوەڕۆکییەوە دەگوترێ ڕستەی ئاوێتەی مەرج (شێوازی مەرج).

ب: ڕستەی ئاوێتەی مەرج لە دوو ڕستە پێکدێت:

ڕستەی کاری مەرج، ڕودان و بە ئەنجامگەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە مەرجە بۆ ڕودانی کاری ڕستەی وەڵامی مەرج.

ڕستەی وەڵامی مەرج کە ڕستەیەکی سەرەکییە، ڕودان و بە ئەنجامگەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە بەستراوەتەوە بە ڕودانی کاری ڕستەی کاری مەرج.

## ڕاهێنان - ١

لەڕستەی ئاوێتەی مەرجدا چەند جۆرە کار هەیە؟ لە چ ڕێژەیەکدا دەبن و بۆ چ بەکاردەهێنرێن؟ بە نمونە ڕوونیبکەوە.

## ڕاهێنان - ٢

لەڕستەی(زوو برۆ، کارەکە ئەنجامبدە).

١- هەردوو کار لە چ ڕێژەیەکدان؟

٢- بکەری هەردوو ڕستەکە دیاربکە؟

٣- لـە کاری (برۆ) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دروسـتبکە و لـە کاری (ئەنجامبدە) ڕێـژەی ڕابـردووی بەردەوامـی ڕاگەیانـدن دروسـتبکە، ئینجا ڕسـتەکە بەشـێوەی ڕسـتەی ئاوێتەی مەرج بنووسـەوە.

## ڕاهێنان - ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- لە شێوازی مەرجیدا کار بە چەند شێواز دەردەکەوێت؟

ئـ- یەک ب- دوو پ- سێ ت- چوار

٢- لە شێوازی مەرجیدا کاری وەڵامی مەرج لە ڕێژەی:

ئـ- ڕاگەیاندن و داخوازییە ب- ڕاگەیاندن و دانانییە

پ- ڕاگەیاندنە ت- دانانی و داخوازییە

٣- کـەی بایـەخ بـە پیشەسـازی بدرێـت، وڵات پێشـدەکەوێت. ئەگـەر کاری ڕسـتەی مـەرج بکەینـە نـەرێ ئـەوا دەبێتـە:

ئـ- بایەخنادرێت ب- پێشنەکەوێت پ- بایەخنەدرێت ت- پێشناکەوێت

٤- ئەگەر یارمەتیمان دابان، کارەکەیان تەواودەکرد.

کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ- ڕابردووی نزیکی دانانی ب- ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

پ- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ت- مەرجی

٥- لە ڕستەی (تا وانەکان نەخوێنن، نمرەی باش وەرناگرن). کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ- ڕانەبردووی دانانی	ب- داخوازی

پ- ڕانەبردووی ڕاگەیاندن	ت- ڕابردووی بەردەوام

## ڕاهێنان - ٤

**لەڕستەی (کەی نەورۆز هات، ئاگری خۆشی هەڵدەکەین).**

١- جۆری ڕستەکە دیاربکە.

٢- وشەی (کەی) شیبکەوە.

٣- وشەی (هات، هەڵدەکەین) شیبکەوە.

٤- ئەم ڕستەیە لە چەند ڕستە پێکهاتووە و هەریەکەیان چی پێدەگوترێت؟ ئایا دەتوانین جێیان بگۆڕین؟

## ڕاهێنان - ٥

**نمونەیەك لە شیکردنەوە.(ئەگەر ئەوان هاتبان، کارەکەیان ئەنجامدەدا).**

ئەگەر ئەوان هاتبان: ڕستەی کاری مەرجە.

ئەگەر: ئامرازی لێکدەری مەرجە.

ئەوان: جێناوی کەسی سەربەخۆیە، بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

هاتبا: کاری ڕابردووی نزیکی دانانییە، کاری مەرجە، تێنەپەڕە.

ن: جێناوی کەسی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

کارەکەیان ئەنجامدەدا: ڕستەی وەڵامی مەرجە

کارەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، بەرکارە.

یان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، بکەرە.

ئەنجامدەدا: کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنە، کاری وەڵامی مەرجە، لێکدراوە، تێپەڕە.

**تۆش ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە.**

ئـ: کەی بوویت بە ئەندازیار، گوندەکان ئاوەدانبکەوە.

ب: ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت، دەردەچیت.

# کاری چاوگی (بوون)

## (أ)
## کاری تەواوی تێپەڕ

### ١- بە مانای خاوەندارێتی:

| | | |
|---|---|---|
| پارەم هەبوو. | پارەم هەیە. | پارەم دەبێت. |

### ٢- بە مانای منداڵبوون:

| | |
|---|---|
| نازەنین منداڵی بوو. | نازەنین منداڵی دەبێت. |

## (ب)
## کاری تەواوی تێنەپەڕ

### ١- بەشێوەی (ناسادە):

| | |
|---|---|
| ١- چراکە هەڵبوو. | هەڵدەبێت. |
| ٢- ئازاد ژخەو ڕابوو. | ڕادەبێت. |
| ٣- کارەکە تەواوبوو. | تەواودەبێت. |
| ٤- کاوە سوربوو لەسەر بڕیارەکەی. | سور دەبێت. |

### ٢- بە مانای بوون (وجود):

| | | |
|---|---|---|
| من هەبووم. | کورد هەیە. | ئێمە دەبین. |

## (پ)
## کاری ناتەواو

### - تەواوکەری ڕاستەوخۆ:

١- کاوە مامۆستایە.

٢- ئاواتم خوێندن بوو.

٣- یەکەمەکە ئەو دەبێت.

٤- ئاهەنگەکە بەشەو بوو.

٥- هاوینەهەواری شەقڵاوە فێنکە.

### -تەواوکەری بەیاریدە

١- ڕەنگە ئاوەکە ببێت بە سەهۆڵ.

٢- سەرکەوتن بە تێکۆشانە.

٣- قەڵەمەکەی تۆ بە من بوو.

## (ت)
## کاری یاریدەدەر

١- دەبوو لە گەڵیان چووبام.

٢- دەبوایە ئەوان هاتبووبان.

٣- دەبێت ئەمساڵ دەرچم.

چاوگی (بـوون) وەک هەمـوو چاوگێکـی تـر، سـەرچاوەیە بـۆ دروسـتبوونی دەمەکانـی کاری (ڕابـردوو، ڕانەبـردوو)، کـە بریتیـن لـە:



## له چاوگی بوون ( هەبوون)، چوار جۆر کار دروستدەبێت:

### یەکەم کاری تەواوی تێپەڕ

ئـەو کارانـەی لـە چاوگی (بـوون) پەیدادەبـن، وەک کاری تەواوی تێپەڕ لە ڕستـەدا دەرەکـەون، لـە کاتێکدا ئەگـەر بۆ خاوەندارێتـی (تملک) یان بـۆ منداڵبـوون بەکارهات، ئەو دەمـە دەبنـە کاری تەواوی تێپەڕ لە ڕێـگای بەرکارەکانیانـەوە، ئەرکەکانیـان ئەنجامدەدەن، ئـەم کارانـە لەبنەڕەتـدا لـە چاوگی (بـوون - هەبـوون)ەوە سـەرچاوەیان گرتووە.

- پارەم هەبوو. پارەم هەیە. پارەم دەبێت.
- هەم بوو. هەمە. دەمبێت.
- نازەنین منداڵی بوو نازەنین منداڵی دەبێت منداڵی دەبێت

لە ڕستەی (پارەم هەبوو.........) (بوو) کاری تەواوی تێپەڕە، بەرکارەکەی وشەی (پارە)یە، جێناوەکەش (م)ە، کە بووە بە بکەری ڕستەکە.
لە ڕستەکانی (هەم بوو)(١) (هە) لەگەڵ کاری ڕابردوو (بوو) و ڕانەبردوو (ە) بۆ دەمی ئێستا دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕانەبردوودا بۆ دەمی داهاتوو لە شێوەی (دەمبێت)دا کەوتووەتە بەر چاو.
لە ڕستەی (نازەنین منداڵی بوو) (بوو) کاری تەواوی تێپەڕە، بەرکارەکەی وشەی (منداڵ) ە. بکەرەکەشی (نازەنین)ە.

### دووەم کاری تەواوی تێنەپەڕ

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین:
کارەکان وەک کاری تەواوی تێنەپەڕ، لە ڕستەکاندا دەرکەوتوون بەتەنها ئەرکی بکەرەکانیان ئەنجامداوە و واتای ڕستەکانیان تەواوکردووە.
لـە ڕستـەی (١-٢)دا بەهـۆی پێشـگری (هـەڵ ، ڕا) وە کاری داڕێژراوی تـەواوی تێنەپەڕیـان پێکهێنـاوە، کـە بەتەنهـا ئەرکـی بکەرەکانیـان ئەنجامـداوە، واتـای ڕسـتەکانیان تەواوکـردووە، بـەڵام لـە ڕسـتەی (٣ ، ٤)دا، کارەکان هەریەکەیـان لەگـەڵ وشـەی (تـەواو، سـوور)دا کارێکـی لێکدراوی تـەواوی تێنەپەڕیـان پێکهێنـاوە، ئەرکـی بکەرەکانیـان گەیاندووەتـە ئەنجـام و واتـای ڕسـتەکانیان تەواوکـردووە.
ئەگەر بە واتای بوون (وجود) هات، ئەو دەمە دەبێتە کاری تەواوی تێنەپەڕ.
من هەبووم. - من هەم. - من دەبم.

## سێیەم کاری ناتەواو

لــە هەندێک باری ڕســتەدا کارەکانی (بوو- ە – دەبێــت)، ناتوانێت ئەرکی نیهادەکانیان ئەنجامبــدەن، یان واتای ڕســتەکان تەواوبکەن، بەڵکو بۆ ئەو مەبەســتە پێویســتیان بە وشــە یــان بەشــێکی تر دەبێــت، بۆ ئەوەی ئــەو ئەرکە تەواوبکەن، ئــەو دەمە بــەو کارانە دەوترێت کاری (ناتەواو)، ئەو وشــە و بەشــانەش، کە دەبنە پاڵپشــت بۆ ئەو تەواوکردنە پێیان دەوترێت (تەواوکــەر)، کــە بریتیــن لــە (نــاو ، چــاوگ ، جێنــاو ، هاوەڵناو، هاوەڵــکار)، کە بە شــێوەی تەواوکــەری ڕاســتەوخۆ و  تەواوکــەری بەیاریــدە ئەرکــی تەواوکردنــی کارە ناتەواوەکــە ئەنجامــدەدەن. لێــرەدا با بزانین ئەم تەواوکردنە چۆن و بە چ شــێوەیەک تەواودەکرێن، ئەگەر ســەرنج بدەینە ڕســتەکانی بەشــی (پ) دەبنین:

لــە ڕســتەی (١)دا ناوی مامۆســتا*، کــە ناوێکی گشــتییە، تەواوکەری ڕاســتەوخۆی کاری (ە)ی ناتــەواوە، ئەگــەر ئــەم نــاوە نەبوایە، کاری (ە) لەگــەڵ نیهادەکەیــدا، نەیدەتوانی واتــای ڕســتەکە تەواوبکات.

لــە ڕســتەی (٢)دا، بە هەمان شــێوە، چاوگی (خوێندن)، کــە وەک  ئەرکی تەواوکەری ڕاســتەوخۆ کاری (بــوو) ناتەواوی وەرگرتــووە، ئەگەر ئەم چاوگە نەبوایــە، کاری ناتەواوی (بــوو) لەگەڵ نیهادەکەیــدا، نەیدەتوانــی واتای ڕســتەکە تەواوبکات.

لــە ڕســتەی (٣)دا، جێنــاوی ســەربەخۆی (ئەو) ئەرکــی تەواوکردنــی کاری (دەبێت) ی ناتــەواوی وەرگرتــووە، ئەگــەر ئــەم جێنــاوە نەبوایــە، کاری (دەبێت) لەگــەڵ نیهادەکەیدا نەیدەتوانــی  واتــای ڕســتەکە تەواوبــکات.

لــە ڕســتەی (٤)دا، هاوەڵــکاری (بەشــەو) ئەرکــی تەواوکردنــی (بــوو)ی ناتــەواوی وەرگرتــووە، ئەگــەر ئــەم هاوەڵــکارە نەبوایــە کاری ناتــەواوی (بــوو) لەگــەڵ نیهادەکەیــدا نەیدەتوانــی  واتــای ڕســتەکە تەواوبــکات.

لە ڕستەی (٥)دا، هاوەڵناوی چۆنیەتی (فێنک) ئەرکی تەواوکردنی کاری (ە)ی ناتەواوی وەرگرتــووە، ئەگەر ئــەم هاوەڵناوە نەبوایە، کاری (ە) لەگــەڵ نیهادەکەی دا نەیدەتوانی واتای ڕســتەکە تەواوبکات.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی کۆمەڵەکەی تر دەبینین:

لە ڕســتەی (١)دا، ناوی (ســەهۆڵ) تەواوکــەری بەیاریدەی کاری ناتــەواوی (دەبێتە)، ئەگــەر ئــەم نــاوە نەبوایــە، کاری ناتــەواوی دەبێت لەگــەڵ نیهادەکەیــدا، نەیدەتوانــی واتای

* هەموو ناو و گرێیێکی ناوی دەبن بە تەواوکەر بۆ کاری ناتەواو.

ڕستەکە تەواوبکات، بوونایەتی و ئەو گۆڕانکارییە دەربخات، کە بەسەر ناوەکەدا هاتووە.

لە ڕستەی (٢)دا، چاوگی (تێکۆشان) کە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوی(ە) یە ئەگەر ئەم چاوگە نەبوایە، کاری ناتەواوی(ە) لەگەڵ نیهادەکەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەکەی تەواو بکات.*

لە ڕستەی (٣)دا، جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) تەواوکەری بەیاریدەی کاری (بوو)ی ناتەواوە، ئەگەر ئەم جێناوە نەبوایە، کاری (بوو)ی ناتەواو لەگەڵ نیهادەکەیدا، نەیدەتوانی واتای ڕستەکە تەواوبکات و ئەو گۆڕانکارییە پیشانبدات، کە لە جێناوی (تۆ) وە چووە بۆ جێناوی (من).

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێت، کە هەرچی( هاوەڵناو، هاوەڵکار)ە، بە شێوەی تەواوکەری ڕاستەوخۆ، کاری ناتەواو تەواودەکەن.

## چوارەم کاری یاریدەدەر

هەر ئەم کارە لە چەند بارێکی تردا وەک کاری یاریدەدەر، لەگەڵ کارەکانی شێوازی دانانی دەردەکەون، هەروەک لە ڕستەکانی بەشی (ت)دا، لە شێوەی (دەبوو، دەبوایە، دەبێت)، کە هەمیشە دەکەونە پێش کارە سەرەکییەکانەوە، بۆ دەرخستنی هەندێک لایەنی ڕێزمانی بۆ کارە سەرەکییەکان.

### نەرێکردنی ئەم کارە:

#### أ- دەمی ڕابردوو:

بە دانانی ئامرازی (نە)ی نەرێ لەبەردەم کارەکەدا.

پارەم هەبوو. ← پارەم نەبوو.

ئاهەنگەکە بەشەو بوو. ← ئاهەنگەکە بەشەو نەبوو.

دەبوو. ← نەدەبوو.

#### ب- دەمی ئێستا:

بە دانانی ئامرازی (نی) لەبەردەم کارەکەدا.

پارەم هەیە. ← پارەم نییە من پارە نینە

کاوە مامۆستایە. ← کاوە مامۆستا نییە. کاوە مامۆستا نینە.

* هەموو جێناوێکی سەربەخۆ(کەسی سەربەخۆ، پرس، خۆیی، نادیار، نیشانە) هەروەها جێناوی هەیی لەگەڵ دیارخەرەکەی دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو.

## پ- دەمی ڕانەبردوو

بە گۆڕینی ئامرازی (دە) بە ئامرازی (نا)

پارەم دەبێت. ← پارەم نابێت.
ئاوەکە دەبێت بە سەهۆڵ. ← ئاوەکە نابێت بە سەهۆڵ.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە:

١- کاری ناتەواو لە ڕووی کاریگەرییەوە (تێنەپەڕە).

٢- کاری (بوو- ە – دەبێت) لە هەموو بارێکدا ناکرێت بە بکەرنادیار.

٣- کاری ناتەواو (ە) بۆ دەمی ئێستا لە ڕستەدا دەرناکەوێت، ئەگەر جێناوە کەسییە لکاوەکان دیار و ئاشکرابن ( م – ین ، یت – ن ، (∅) – ن )، بە واتا کارەکە بکەوێتە نێوان (وشەکە)* و جێناوە کەسییە لکاوەکان

کوردم کوردین کوردیت کوردن کوردە کوردن

### دەستور

ئەو کارانەی لە چاوگی (بوون)ەوە وەردەگیرێن، ئەگەر بۆ خاوەنداریتی (تملک) یان مندالبوون بەکارهاتن، دەبنە کاری تەواوی تێپەڕ.

بەشێوەیەکی گشتی، پێشگر، کە دەچێتە سەر ئەو جۆرە کارانە، کارەکە دەکەن بە کاری تەواوی تێنەپەڕی داڕێژراو.

کاری لێکدراو، کە لە چاوگی (بوون)ەوە وەردەگیرێت، کە وشە واتادارەکەی بوو بە واتا بۆ کارەکە، ئەو دەمە کارەکە دەکات بە کارێکی تەواوی لێکدراوی تێنەپەڕ.

بەمانای بوون (وجود) هات تەواوی تێنەپەڕە.

کاری (بوو، دەبێت) ئەگەر بەشێوەی ئاسادە دەرکەوتن واتە لەگەڵ بەشی یەکەمی کارەکە بەیەکەوە لکابن دەبن بە کاری تەواوی تێپەڕ بەڵام وەک کاری ناتەواو دەبێت بەتەنیا بێن و بە وشەی پێش خۆیان نەلکێن، دەبنە کاری ئەگەر کاری (بوو- ە- دەبێت) نەیتوانی بە تەنها واتای ڕستەکە تەواوبکات، پێویستی بە وشە یان بەشێکی تر هەبوو، ئەو دەمە ئەو کارانە دەبنە کاری ناتەواو. ئەو بابەتە ڕێزمانییانەی کاری ناتەواو تەواودەکەن، وەکو تەواوکەری ڕاستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدە، بریتین لە ( ناو- جێناو- چاوگ).

ئەو کارە یاریدەدەرانەی لە چاوگی (بوون) وەردەگیرێن ئەمانەن:

(دەبوو – دەبوایە – دەبێت) کە لەگەڵ ڕستەی شێوازی داناندا بەکاردێت.

(*) مەبەست لە وشە (ناو- چاوگ- هاوەڵکار- هاوەڵناو- جێناوە سەربەخۆکان)ە.

## ئەرکی ( ە ) لە ڕێزمانی کوردیدا

**١** دەبێتە کاری ناتەواو لە ڕستەی سادەدا، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەدا نەبوو، بۆ نمونە:

بەرزترین لوتکە لە چیاکانی کوردستاندا، ئاراراتە.

**٢** دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک لە کاری داخوازیدا، ئەرکی بکەر دەبینێت، بۆ نمونە:

بخوێنە، تا دەربچیت.

**٣** دەبێتە جێناوی کەسی لکاو. بۆ کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لە کرمانجی سەروودا*. بۆ نمونە:

ئەو چیرۆکێ دنڤیسە.

ئەو دکەڤە.

**٤** دەبێتە پاشگر لەگەڵ هەندێک قەدی چاوگدا بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی داڕێژراو

کرد ← کردە ، برد ← بردە.

کوشت ← کوشتە.

**٥** دەبێتە پاشگر لەگەڵ ناو یان هاوەڵناو یان ڕەگی کار بۆ دروستکردنی وشەی نوێ.

١. هاوەڵناو + پاشگر: چاك ← چاکە ، سەوز ← سەوزە.

٢. ناو + پاشگر: دەست ← دەستە.

٣. ڕەگی کار + پاشگر : پرس ← پرسە

**٦** دەبێتە ئامرازی پێناسین، کە کورتکراوەی (ەکە)ی پێناسینە.

ژنە هەژاربوو، بۆیە دەگریا.

**٧** دەبێتە ئامرازی لێکدان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو. بۆ نمونە:

ڕەشەبا - گوڵەگەنم - مانگەشەو - پیرەمێرد - کێوەڕەش

---

(*) لە هەندێ ناوچەی ئەم شێوەزارەدا وای لێدێت، ئەگینا لە ناوچەکانی تر دەگوترێت: (ئەو دەرسێ دنڤیسیت).

**٨** دەبێتــە ئامــرازی پەیوەندی، دەلکێــت بە کاری ڕابــردوو، ڕانەبردوو، داخــوازی جێگای ئامــرازی (بۆ ، بــە) دەگرێتەوە.

- ە) ⟵ بۆ):

کاوە هاتە لامان.   کاوە هات بۆ لامان.

- ە) ⟵ بە):

ئازاد دەبێتە ئەندازیار.   ئازاد دەبێت بە ئەندازیار.

- ە) ⟵ بۆ):

بڕۆنە مۆزەخانە.   بڕۆن بۆ مۆزەخانە.

**٩** دەبێتە ئامرازی بانگکردن، بە دوای ناودا دێت بۆ مەبەستی بانگکردن و ئاگادارکردنەوە:

کوڕە، بخوێنە.   کوردە، هەوڵبدە.

**١٠** دەبێتــە ئامــرازی دانەپاڵ و گرێی ناوی دروســتدەکات لــەو کاتەی کە لەنێــوان ناوێکی ناســراو، دیارخــراو بە هاوەڵنــاوی چۆنیەتی دێــت بۆ نمونە:

مەڕە لاوازەکە، هەنارە مزرەکە، سێوە سوورەکان

## ڕاهێنان - ١

**لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەو کارانەی، کە لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیراون دەربهێنە؟ جۆرەکانیان دەستنیشان بکە؟**

١- گەلی کورد سوربوو لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی.

٢- دەبێت یەکڕیزی گەل بپارێزین.

٣- کە دایکیان منداڵی بوو، منداڵەکە نەخۆش بوو.

٤- کێشەی ئاوارەکانی کەرکوک کەی پەیدابوو؟

٥- باوکیان لەخەو ڕابوو.

## ڕاهێنان - ٢

**ئەرکی (ە) لەم ڕستانەی خوارەوەدا، دەستنیشان بکە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست؟**

١- کوڕە، بە دانیشتن ماڵت وێرانە.

٢- بخوێنە، چونکە خوێندن سارێژکەری برینەکانتە.

٣- ڕەشەبای سلێمانی بەهێزە.

٤- چیرۆکەکێ بنقیسە.

٥- منداڵە گەمەی دەکرد، دایکەش تەماشایدەکرد.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- کاری چاوگی بوون بە واتای بوون (وجود) بێت دەبێتە:

ئـ- کاری یاریدەدەر     ب- کاری ناتەواو

پ- کاری تەواوی تێپەڕ     ت- کاری تەواوی تێنەپەڕ

٢- کام لەم ڕستانە کارەکەی ناتەواوە؟

ئـ- ئەندازیارەکە لێهاتوو بوو.     ب- دەبوو تاقیکردنەوە کرابا.

پ- منداڵێکی بوو.     ت- منداڵی هەبوو.

٣- لە ڕستەی (ئەوان لە ئاهەنگەکە ئامادەبوون) کاری ڕستەکە.

ئـ- ناتەواوە    ب- تەواوی تێپەرە

پ- تەواوی تێنەپەرە    ت- یاریدەدەرە

٤- لە ڕستەی (من کوردم) وشەی (کورد) ئەرکی چییە؟

ئـ- بکەرە    ب- نیهادە

پ- بەرکارە    ت- تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە

٥- لە ڕستەی (چیاکانی کوردستان بڵندن) چی دەرنەکەوتووە؟

ئـ- ئامرازی دانەپاڵ    ب- کاری ناتەواو    پ- نیهاد    ت- بکەر

٦- (گوڵەهێـرۆ جوانـە). ئەرکی بزوێنی (ە)ی نێوان هەردوو وشـەی (گـوڵ .....هێرۆ) چیە؟

ئـ- ئامرازی دانەپاڵە    ب- ئامرازی لێکدانە

پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

٧- (هەنارە مزرەکە خۆش بوو). ئەرکی بزوێنی (ە)ی نێوان هەردوو وشەی (هەنار ... مزرەکە) چییە؟

ئـ- ئامرازی دانەپاڵە    ب- ئامرازی لێکدانە

پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

٨- (کورە هەژارە). ئەرکی بزوێنی(ە)ی دوای (کوڕ) بریتییە لە:

ئـ- ئامرازی دانەپاڵە    ب- ئامرازی لێکدانە

پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

٩- (چاکە بە خەڵکی بکە). ئەرکی بزوێنی(ە)ی دوای (چاک) بریتییە لە:

ئـ- ئامرازی لێکدانە    ب- کاری ناتەواوە

پ- پاشگرە    ت- ئامرازی پێناسینە

١٠- (منداڵەکە ناچێتە قوتابخانە). ئەرکی بزوێنی(ە)ی نێوان (ناچێت) و (قوتابخانە)

ئـ- ئامرازی دانەپاڵە    ب- ئامرازی پەیوەندیە

پ- ئامرازی بانگکردنە    ت- ئامرازی پێناسینە

# ئەركى جێناوە كەسييە لكاوەكان

## يەكەم: وەك بكەر

- أ -

١- دوێنێ، گۆڤارێكم كڕی.
دوێنێ كڕیم.
٢- گۆڤارەكەم هەڵگرتبوو.
هەڵم گرتبوو.
٣- قوتابييەكەم بانگدەكرد.
بانگمدەكرد.
٤- تاوانبارەكەم دەستنيشانكردووە.
دەستنيشانمكردووە.

- ب -

١- پێری چووم بۆ كەركوك.
٢- لە تاقيكردنەوەكەدا بەيەكەم دەرچووم.
٣- خێرا هاتمەوە.
٤-سەركەوتينەوە بۆ سەر شاخەكە.

- پ -

١- وانەكە دەخوێنێت.
٢- گوندەكان ئاوەداندەكەنەوە.
٣- لەپێناو نيشتيماندا تێدەكۆشين.

- ت -

١- نامەكە بڕوێنە.
٢- ناوی خوێندكارەكان تۆمار بكەن.

مەبەست لە ئەرکی جیناوە کەسییە لکاوەکان لە دەوری بکەردا، ئەوەیە، کە هەروەک چۆن ناو، یان جێناوە سەربەخۆکان بە هەموو جۆرەکانییانەوە، لە ڕستەدا دەبن بە بکەر، هەروەک لە قۆناغەکانی ڕابردووی خوێندندا ڕوونکراوەتەوە و دەرخراوە، هەر بەم جۆرەش جێناوە لکاوەکان دەبنە بکەر لە ڕستەدا، جا ئەگەر بە وردی سەیری ڕستەکانی پێشوو بکەین دەبینین:

## یەکەم

لە هەموو ڕستەکانی بەشی (ئـ)دا کارەکان هەموویان کاری ڕابردووی تێپەڕن، هەیانە (سادە یان ناسادەن) و لێرەدا شوێنی جیناوە کەسییە لکاوەکان، ئەوانەی دەبنە بکەر نیشاندەدەین.

**أ** ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی سادە بێت و بەرکار لە ناو ڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکە، وەک لە ڕستەی یەکەمی بەشی (ئ)دا دەرکەوتووە، لەم ڕستەیەدا وشەی (گۆڤارێک) بەرکارە و جێناوی کەسی لکاوی (م) بکەری کارەکەیە و کارەکەش ڕابردووی تێپەڕی سادەیە و ئەگەر بەرکار، باسنەکرێت جێناوی لکاو دەچێتە کۆتایی کارەکە وەک کڕیم.

**ب** ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (ناسادە) بوو، بەرکار باسکرابوو، ئەوا دیسان جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکەوە، وەک لە ڕستەکانی (٢-٣)ی بەشی (ئـ)دا دەرکەوتووە، بەڵام ئەگەر بەرکارەکە باس نەکرابوو، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە وەک: (هەڵمگرتبوو، بانگمدەکرد).

**پ** ئەگەر کارە لێکدراوەکە لە سێ وشەی واتادار یان زیاتر پێکهاتبوو، واتە بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە وشەیەکی لێکدراو بوو، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەکەوێتە دوای وشە لێکدراوەکە کاتێک بەرکار لادەبرێت ، وەک لە ڕستەی (٤)ی بەشی (ئ)دا دەرکەوتووە، ئەگەر سەیری جێناوە لکاوەکان بکەین لە ڕستەکانی بەشی (ئـ)دا، دەبینین لە هەموویاندا جێناوی کەسی لکاو (م)ە، جا دەتوانین بەپێی مەبەست لەبری ئەم جێناوە، جێناوەکانی (م- مان، ت - تان، ی- یان) بەڕیز بەکاربهێنین.

## دووەم

ئەگەر كاری ڕستەكە، كارێكی ڕابردووی تێنەپەڕ بوو، ئەوا جێناوە كەسییە لكاوەكانی (م ، ین ، یت ، ن، Ø ، ن) دەبنە بكەر و دەچنە كۆتایی كاری ڕستەكە، جا كارەكە (سادە، ناسادە) بێت، خۆ ئەگەر كاری ڕستەكە (ناسادە) بوو، بە پاشگری (ەوە) كۆتایی هاتبوو، ئەوا جێناوی كەسی لكاوی بكەر دەكەوێتە پێش ئەم پاشگرە، وەك لە ڕستەكانی (٣-٤)ی بەشی (ب) پیشاندراوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بكەین*.

ئەگەر كاری ڕستەكە ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ) بێت، ئەوا جێناوە كەسییە لكاوەكانی كۆمەڵەی (م، ین– یت، ن – (ات / ێت) ،ن ) دەبنە بكەر و دەچنە دوای ڕەگی كارەكە.

## سێیەم

ئەگەر كاری ڕستەكە (سادە و ناسادە) بێت. جێناوی كەسی لكاوی بكەر بۆ كەسی سێیەمی تاك بەپێی پیتی كۆتایی ڕەگی كارەكە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕەگی كارەكە بە پیتی بزوێنی (ە ، ۆ) كۆتایی هاتبوو، جێناوی كەسی لكاوی (ات) بەكاردەهێنرێت، وەك (دەشوات – دەڕواتەوە– دادەخات– چاپدەكات ......)، بەڵام ئەگەر ڕەگی كارەكە بە پیتی (بزوێنی (ە، ۆ) كۆتایی نەهاتبوو ئەوا جێناوی كەسی لكاوی (ێت) بەكاردەهێنرێت، وەك (دەنووسێت – هەڵدەفڕێت – دەفرۆشێت... هتد).

## چوارەم

ئەگەر كاری ڕستەی داخوازی (تێپەڕ یان تێنەپەڕ)ی (سادە و ناسادە) بێت ئەوا جێناوە كەسییە لكاوەكانی (ە– ن) دەبن بە بكەر و دەچنە دوای ڕەگی كارەكە.

---

(*) ئەگەر كاری ڕستەكە ڕابردووی تێنەپەڕ بێت، ئەوا جێناوی كەسی لكاوی بكەر بۆ كەسی سێیەمی تاك دەرناكەوێت. وەك: (لە باخچەكە دانیشت).

## دەستور

١- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ـ مان، ت ـ تان، ی ـ یان) دەبنە بکەری ڕستەکە و شوێنیان لەناو ڕستەکە دەگۆڕێت:

ئـ ـ ئەگەر کارەکە (سادە و ناسادە) بێت و بەرکار باسکرابێت، ئەوا جێناوی کەسی لکاوی بکەر دەچێتە دوای بەرکارەکە.

ب ـ بەڵام ئەگەر بەرکارەکە باس نەکرابێت، کارەکەش سادە بێت، ئەوا جێناوە کەسییەلکاوەکان دەچنە سەر کارە سادەکە، ئەگەر لە دەمی ڕابردووی نزیک و دووری ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە کۆتایی کارەکە. بەڵام ئەگەر لە دەمی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە دوای نیشانەی (دە)، خۆ ئەگەر لە دەمی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن بوو جێناوەکان دەچنە نێوان نیشانەی (وە) / (ووە). لە نەرێ دەچنە دوای ئامرازی (نە).

خۆ ئەگەر کارەکە ( ناسادە) بوو، ئەوا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٢-

ئـ ـ بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێنەپەڕ) بێت، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م ـ ین، یت ـ ن، (Ø) ـ ن) ئەرکی بکەر دەبینن و دەکەونە کۆتایی کارەکە، جگە لە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن.

ب ـ ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ) بێت، جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م ـ ین، یت ـ ن) (ێت ـ ات) ـ ن) دەکەونە دوای ڕەگی کارەکەوە.

٣- ئەگەر کارەکە داخوازی بێت ئەوا جێناوی کەسی لکاوی (ە ـ ن) دەبن بە بکەر و دەکەونە دوای ڕەگی کارەکە.

## ڕاهێنان - ١

**کەی ئەم جێناوە کەسییە لکاوانەی خوارەوە لەناو ڕستەکەدا وەك بکەر دەوری خۆیان دەبینن، بۆ هەریەکەیان نموونەیەك بهێنەوە.**

( ات، مان، ین، ە )

## ڕاهێنان - ٢

**لە ڕستەی (وتارەکەت بڵاوکردووەتەوە).**

١- کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروستکراوە؟

٢- (ت) لە کۆتایی وتارەکەت چییە و ئەرکی چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەوێ؟

٣- وشەی وتارەکە شیبکەوە.

٤- ئەگەر وشەی وتارەکە لاببرێت (ت) دەچێتە کوێ؟ بۆچی؟

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (باخچەکەیان بۆ ڕازاندەوە). جێناوی لکاوی (یان) ئەرکی بریتییە لە:

ئ- بکەر　　ب- بەرکار　　پ- تەواوکەری بەیاریدە　　ت- دیارخەری ناو

٢- (تاوانبارەکەمان دەستنیشانکردووە). ئەگەر (بەرکار) لابدەین (مان) دەچێتە:

ئ- دوای (دەست)　　ب- دوای بەشی یەکەمی کارەکە

پ- نێوان نیشانەی کار　　ت- کۆتایی کار

٣- لە ڕستەی (ناوی خوێندکاران تۆماربکە) چی دەرنەکەوتووە؟

ئ- بکەر　　ب- بەرکار

پ- تەواوکەری بەیاریدە　　ت- دیارخەری ناو

٤- (کلتوری کورد دەپارێزێت)، بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە:

ئ- کلتوری کوردیان پاراست.　　ب- کلتوری کوردمان پاراست.

پ- کلتوری کوردتان پاراست.　　ت- کلتوری کوردی پاراست.

٥- لە کام لەم کارانە جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتایی کارەکە:

ئ- ئاوەدانکردبوو　　ب- یارمەتیدابوو

پ- فێردەبوو　　ت- دادەمەزراند

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (لە وانەکان باش تێگەیشتووە).**

١- بکەری ڕستەکە دەستنیشانبکە؟ بۆچی؟

٢- کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن، چ گۆڕانێک ڕوودەدات بینووسەوە.

٣- وشەی (وانەکان) شیبکەوە.

٤- وشەی (باش) چییە؟ ئەرکی چییە؟

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

### دووەم- وەک بەرکار

| ئـ (م ـمان ، ت ـتان ، ی ـیان) | |
|---|---|
| ١- بمبەخشن.<br>بیبەخشن. | بمانبەخشن.<br>بیانبەخشن. |
| ٢- وەرمگرە.<br>وەریبگرە. | وەرمانبگرە.<br>وەریانبگرە. |
| ٣- بانگمبکەن.<br>بانگیبکەن. | بانگمانبکەن.<br>بانگیانبکەن. |

| ب : | |
|---|---|
| ١- دەمناسێت. | دەماناسێت. |
| ٢- هەڵتدەبژێرن. | هەڵتاندەبژێرن. |
| ٣- هانیدەدات. | هانیاندەدات. |

| پ: | |
|---|---|
| (١) | (٢) |
| گرتمی- گرتینی<br>گرتیتی- گرتنی<br>گرتی- گرتنی | گرتمی- گرتمانی<br>گرتتی- گرتتانی<br>گرتی- گرتیانی |
| هەڵیبژاردم- هەڵیبژاردین<br>هەڵیبژاردیت- هەڵیبژاردن<br>هەڵیبژارد- هەڵیبژاردن | هەڵمبژارد- هەڵمانبژارد<br>هەڵتبژارد- هەڵتانبژارد<br>هەڵیبژارد- هەڵیانبژارد |
| پەروەردەیکردم- پەروەردەیکردین<br>پەروەردەیکردیت- پەروەردەیکردن<br>پەروەردەیکرد- پەروەردەیکردن | ڕزگارمیکرد- ڕزگارمانیکرد<br>ڕزگارتی کرد- ڕزگارتانیکرد<br>ڕزگاریکرد- ڕزگاریانیکرد |

لەمەو پێش ئەوە فێربووین، کە بەرکار هەمیشە لەگەڵ کاری تێپەڕ دێتەکایەوە، ئینجا لێرەدا دەمانەوێت بزانین، کە جێناوە کەسییە لکاوەکان چۆن دەبنە بەرکار لە ڕستەدا؟ لەوەڵامدا دەڵێین، جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە ڕستەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئ) بکەین، دەبینین کارەکانی (ببەخشن، وەربگرە، بانگبکەن) هەموویان کاری داخوازی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ــ مان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کاری داخوازی تێپەڕ (سادە) بوو، ئەوا جێناوی کەسیی لکاو لە دەوری بەرکاردا دەچێتە دوای نیشانەی (ب) وەکو لە ڕستەی (بمبەخشن ـ بمانبەخشن ......) دیارە، بەڵام ئەگەر کاری داخوازی تێپەڕ (ناسادە) بوو، جێناوی کەسیی لکاو لە دەوری بەرکاردا دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە، وەکو لە ڕستەکانی (وەرمبگرە ـ وەرمانبگرە.....) یان (بانگمبکەن ـ بانگمانبکەن......) پیشاندراوە.

ب ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ب) بکەین، دەبینین کارەکانی (دەناسێت ، هەڵدەبژێرن، هاندەدات) هەموویان کاری ڕابردووی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵەی جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کاری ڕانەبردووی تێپەڕی سادە بێت، جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای نیشانەی (دە) وەکو لە ڕستەکانی (دەمناسێت ـ دەماننانسێت .......) پیشاندراوە، بەڵام ئەگەر کاری ڕانەبردووی تێپەڕ (ناسادە) بێت ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەوە، وەکو لە ڕستەکانی (هەڵتدەبژێرن ــ هەڵتاندەبژێرن.....)، یان (هانیدەدات ـ هانیاندەدات) دا پیشاندراوە.

پ ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (پ) بکەین، دەبینین کارەکانی (گرت ـ هەڵبژارد ـ پەروەردەکرد ـ ڕزگارکرد) ڕابردووی تێپەڕن، لەگەڵ ئەم کارانەدا هەردوو کۆمەڵە جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە دوو شێوەدا:

## یەکەم

کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـ ین ، یت ـ ن ، Ø ـ ن) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کارەکە (سادە) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دوای جێناوی لکاوی بکەر دەکەون، ئەگەر کەسی یەکەم یا دووەم (تاک و کۆ) بکەری ڕستەکە بن وەک: (گرتمن ـ ناردمیت ـ گرتتن ــ گرتتانن).

خۆ ئەگەر جێناوی لکاوی بکەر کەسی سێیەمی تاک یان کۆ بێت، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بەرکار پێش جێناوی کەسیی لکاوی بکەر دەکەوێت، وەک (گرتمی ــ گرتنی ـ ناردمیان).

خۆ ئەگەر کارەکە (ناسادە) بێت، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارەوە، وەک لە ڕستەکانی (هەڵیبژاردم ــ هەڵیبژاردین....) یان (پەروەردەیکردم ــ پەروەردەیکردین...) پیشاندراون.

## دووەم

کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (سادە) بێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوە کەسییەکە لە دەوری بەرکاردا دەچنە نێوان کارەکە و جێناوی لکاوی بکەر، وەک لە ڕستەکانی (گرتمی ـ گرتمانی ...) پیشاندراوە، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی (ناسادە) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە وەک لە ڕستەکانی (هەڵمیبژارد ــ هەڵمانیبژارد) یان (ڕزگارمیکرد ـ ڕزگارمانیکرد) پیشاندراون.

لێرەدا دەردەکەوێت، ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕ (سادە، ناسادە) بێت، ئەوا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکاردا دەرناکەوێت، هەرچەند لە کۆمەڵەی جێناوی (م ـ مان....) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکاردا هەیە، بەڵام بۆ ئاسانکردنی دەربڕین ئەمیش دەرناکەوێت.

## دەستور

١- لەگەڵ کاری داخوازیی تێپەڕی (سادە ، ناسادە) کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م ـ مان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، جا ئەگەر کارەکە سادە بێت ئەوا دەچنە سەر نیشانەی (بـ)، خۆ ئەگەر کارەکە (ناسادە) بێت، ئەوا دەچنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٢- لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕی (سادە ، ناسادە) کۆمەڵە جێناوی لکاوی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادە بێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای نیشانەی (دە)، ئەگەر کارەکە ناسادە بێت ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

٣- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە بەرکار لە دوو شێوەدا:

ئـ- دەگونجێت جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) ببنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادە بێت جێناوەکان دەچنە نێوان کار و جێناوی لکاوی بکەر، بەڵام ئەگەر کارەکە ناسادە بێت، جێناوەکان دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار واتە (سەر بەشی یەکەمی کار)ەکە.

ب- دەگونجێت جێناوە کەسییە لکاوەکان (م ـ ین ، ی ـ ن ، Ø ـ ن) ببنە بەرکار، ئەگەر کارەکە سادە بێت جێناوەکان دەچنە دوای جێناوی لکاوی بکەر ئەگەر بکەری ڕستە کەسی یەکەم یا دووەمی تاک و کۆ بێت، خۆ ئەگەر بکەری ڕستەکە کەسی سێیەمی تاک یان کۆ بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکار پێش جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێت، بەڵام ئەگەر کارەکە داڕێژراو یان لێکدراو بێت، جێناوی لکاوی بەرکار دەچنە کۆتایی کارەکەوە.

### تێبینی - ١ -

جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری بەرکاردا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەرناکەوێت.

### تێبینی - ٢ -

لە کرمانجیی سەرووادا کۆمەڵە جێناوی (م – ین ، ی – ن ، (ø) – ن ) دەبنە بەرکار یان بۆ بەرکار دەگەڕێنەوە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ، وەک:

| | |
|---|---|
| ئازادی ئەز دیتم*. | ئازادی ئەم دیتین. |
| ئازادی تو دیتی. | ئازادی هوین دیتن. |
| ئازادی ئەو دیت. | ئازادی ئەو دیتن. |

(*) واتە (ئازاد منی دیت).

## ڕاهێنان - ١

**جێناوی کەسیی لکاوی (تان ، ین) لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، لە ڕستەی یەکەمدا (تان) بکەر بێت، (ین) بەرکار بێت، لە ڕستەی دووەمدا (ین) بکەر بێت و (تان) بەرکاربێت.**

## ڕاهێنان - ٢

**ئەرکی جێناوە لکاوەکانی ناو ئەم رستانەی خوارەوە دیاربکە:**

١- بەجوانی سەیری کردین.

٢- بەوردی خوێندمنەوە.

٣- دەماننێرن بۆ ئاهەنگەکە.

٤- هێنامانیان بۆ ئێرە.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- جێناوی (ن) دەبێتە بەرکار لەگەڵ کاری:

ئ- ڕابردووی تێپەڕ ب- ڕانەبردووی تێپەڕ

پ- داخوازی تێپەڕ ت- هەموویان

٢- (بانگمانکردیت.) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە:

ئ- بانگماندەکەیت ب- بانگماندەکردیت

پ- بانگتدەکەین ت- بانگتناکەین

٣- (وەرتاندەگرتین) دەتوانین (ین) بگۆڕین بە (مان) چونکە کارەکە:

ئ- ڕابردووی تێپەڕ ب- ڕانەبردووی تێپەڕ

پ- داخوازی تێنەپەڕ ت- ڕابردووی تێنەپەڕ

٤- (هەڵتبژارد) ئەگەر کاری ڕستەکە بکەینە داخوازی ئەوا دەبێتە:

ئـ- هەڵتبژێرم    ب- هەڵیانبژێرە

پ- هەڵیبژێرە    ت- هەڵتبژێرن

٥- (بانگیکردم بۆ ئاهەنگەکە) ئەرکی جێناوی لکاوی (م) چییە؟

ئـ- بکەرە    ب- بەرکارە    پ- تەواوکەری بەیاریدەیە    ت- دیارخەرە

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (پار هەڵی بژاردین).**

١- (ین) چییە و ئەرکی چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە؟

٢- ئەگەر (ین) بگۆڕین بۆ (مان) دەکەوێتە کوێ؟ بۆچی؟

٣- ڕستەکە بگۆڕە بۆ کاتی ڕانەبردوو، هەردوو جێناوە لکاوەکانیش شیبکەوە.

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

### سێیەم: وەك تەواوکەری بەیاریدە

/١

أ- نامەکەم بۆ هات (دێت). (م – مان ، ت – تان ، ی – یان)
بۆم هات.
پارەکەت لێ کەوت (دەکەوێت).
لێت دەکەوێت.
هەواڵەکەیان پێ گەیشت (دەگات).
پێیان گەیشت.

ب- کارەکەم بۆ تەواوکرا (دەکرێت).
بۆم تەواوکرا.
دەفتەرەکەت لێ ستێنرا (دەستێنرێت).
لێت ستێنرا.

پ- گوندەکانیان بۆ ئاوەداندەکەنەوە.
بۆیان ئاوەداندەکەنەوە.
کارەکەت پێ دەسپێرێت.
پێت دەسپێرێت.
وانەکەمان تێ دەگەیەنێت.
تێمان دەگەیەنێت.

/٢

أ- دارشتنەکەم بۆ بخوێنەوە.(م – مان ، (-،- ) ، ی – یان)
بۆم بخوێنەوە.
هەواڵەکەیان پێ بڵێ.
پێیان بڵێ.

ب- پێیان بگەن.
تێیان بگەن.

/٣

ئ- پرسیارەکانی بۆم چاپکرد.(م – مان ، ت – تان ، ی – یان)

بۆمی چاپکرد.

ب- پرسیارەکانی بۆ چاپکردم. (م – ین ، یت – ن ، (ø) – ن)

بۆی چاپکردم

پێشتر ئەوەمان زانیوە، کە تەواوکەری بەیاریدە ئەو ناوەیە، یان جێناوەیە، کە لە ڕستەدا واتای کار تەواودەکات بەیارمەتی ئامرازی پەیوەندی، لەگەڵ کاری تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێت.

لێرە دەمانەوێت بزانین، کە جێناوی کەسیی لکاو چۆن دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە؟

لە وەڵامدا دەڵێین جێناوی کەسیی لکاو دەتوانێت ببێت بە تەواوکەری بەیاریدە و بەپێی جۆر و کاتی کاری ڕستەکە لە چەند شێوەیەکی جیاوازدا دەردەکەون:

## یەکەم

ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی تێنەپەڕی (ڕابردوو ، یان ڕانەبردوو)ی سادە، داڕێژراو یان لێکدراوبێت. بکەری کارەکە لەناو ڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو لە کۆمەڵەی ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا دەچنە دوای ئەو ناوەی کە بکەری ڕستەکەیە، وەک لە ڕستەکانی ژمارە (١) لقی (ئـ) پیشاندراون، وەک دەبینین لە ڕستەی (نامەکەم بۆ هات)دا وشەی (نامەکە) بکەری ڕستەکەیە، (بۆ) ئامرازی پەیوەندییە و جێناوی کەسیی لکاوی (م) لە دوای وشەی (نامەکە)وە هاتووە و تەواوکەری بەیاریدەی کارەکەیە و دەتوانین لەبری جیناوی کەسیی لکاوی (م) هەموو جێناوە کەسییە لکاوەکانی (مان، ت – تان، ی – یان) بەکاربهێنن، بەڵام ئەگەر وشەی (نامەکە) لاببەین ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەچێتە سەر ئامرازە پەیوەندییەکە. بەڵام ئەگەر سەیری ڕستەکانی لقی (ب) بکەین دەبینین کاری (تەواوکرا ، ستێنرا) ڕابردووی بکەرنادیارن و کاری (تەواودەکرێت ، دەستێنرێت)

ڕانەبردووی بکەرنادیارن و لەگەڵ ئەم کارانەدا جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لەدوای (جێگری بکەر) مکانەوە هاتوون، لەگەڵ بوونی ئامرازی پەیوەندی (بۆ – لێ) لە ڕستەکاندا، بەڵام ئەگەر جێگری بکەرەکان لە ڕستەکاندا لابرێت، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە، ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی (ڕانەبردووی تێپەڕ)ی سادە یان ناسادە بێت و بەرکار لەڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م – مان ،ت – تان، ی – یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە دوای بەرکارەکە، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەچنە سەر ئامرازە پەیوەندییەکە* هەروەک لە ڕستەکانی لقی (پ) پیشاندراون.

## دووەم

ئەگەر کاری ڕستەکە (داخوازیی تێپەڕ) بێت و بەرکار لە ڕستەکەدا باسکرابێت ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکان ( م – مان، ی – یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لەدوای بەرکارەکەوە دێن. بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٢) لقی (ئ) پیشاندراون.

خۆ ئەگەر کاری ڕستەکە (داخوازی تێنەپەڕ) بێت، ئەوا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە هەمیشە لە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە دێت، وەک لە ڕستەکانی لقی (ب) پیشاندراوە.

## سێیەم

ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕابردووی تێپەڕ)ی سادە یان ناسادە بێت، ئەوا ئەو جێناوە کەسییە لکاوانەی کە دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، لە دوو شێوەی جیاوازدا دەردەکەون:

ئ) کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی کۆمەڵەی (م ــ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و یەکسەر لەدوای ئامرازی پەیوەندییەوە دێن، بەڵام ئەگەر بەرکاری ڕستەکە لابرا، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بکەر دوای جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدەوە دێت هەروەک لە ڕستەکانی ژمارە (٣) لقی (ئ) پیشاندراون.

---

(*) دەکرێت سێ جێناوی لکاو لە ڕستەیەکدا بە ئەرکی جیاواز بەکاربێت، هەندێ جار ئامراز و جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە دەکەونە دوای کارەکەوە بە تایبەتی لە کاتی ئاخاوتندا: **دەیئێرێت بۆم.**

**ب** کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ــ ین ، یت ــ ن (ø)– ن) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدەو دەکەونە کۆتایی کارەوە وەک لە نمونەکانی لقی (ب) پیشاندراوە، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا، ئەوا جێناوی کەسیی لکاوی بکەر لەدوای ئامرازی پەیوەندییەوە دێت، وەک لە ڕستەی (بۆی چاپکردم)دا دیارە.

## دەستور

جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لە ڕستەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەگەڵ کاری تێنەپەڕی دەمی (ڕابردوو ، ڕانەبردوو) و هەروەها کاری بکەرنادیار کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لەدوای بکەر یان جێگری بکەر دێن، ئەگەر بکەر یان جێگری بکەر لاببرێن، جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە.

لەگەڵ کاری (ڕانەبردووی تێپەڕدا) کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو (م ـ مان، ت ـ تان ، ی ـ یان) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای بەرکاری ڕستەکە ئەگەر لە ڕستەکەدا هەبوو، بەڵام ئەگەر بەرکار لاببرێت، جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی.

٢- لەگەڵ کاری (داخوازی) کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ مان ، ی ـ یان) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە و لە دوای بەرکارەوە دێن، ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت و بەرکار باسکرابێت، بەڵام ئەگەر بەرکار لابرا ئەوا جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێت ئەوا جێناوەکان هەمیشە دەچنە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە.

٣- لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)دا، جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لە دوو شێوەدا:

ئـ/ دەگونجێت کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاو(م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) ببنە تەواوکەری بەیاریدە و یەکسەر لەدوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە دێن.

ب/ دەگونجێت کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ ین ، یت ـ ن ، ø ـ ن) ببنە تەواوکەری بەیاریدە و دەچنە کۆتایی کارەکە، هەروەها لەم دەمەی کاردا جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری تەواوکەری بەیاریدەدا دەرناکەوێت.*

(*) جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دەوری تەواوکەری بەیاردە دەرناکەوێت لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا.

## ڕاهێنان - ١

کەی جێناوی لکاو وەک تەواوکەری بەیاریدە لە ڕستەدا دەرناکەوێت؟ بە نموونە ڕوونیبکەوە.

## ڕاهێنان - ٢

**بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم**
**دوندی قەندیلی گۆڕەپانی هــەڵگورد نیم**

١- لە نیوەی دێری یەکەم دووجار جێناوی (ت) هاتووە، هەریەکەیان ئەرکیان چییە؟

٢- (م) ی دوای (نووسی) و کۆتایی (بنووسم) ئەرکیان چییە؟

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:**

١- لە ڕستەی (دیارییەکەمان بۆ ناردیت). جێناوی لکاوی (یت) ئەرکی چییە؟

ئـ- بکەرە　　ب- بەرکارە　　پ- تەواوکەری بەیاریدە　　ت- دیارخەرە

٢- ڕستەی (قەڵەمەکەم لێ دەبات). بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە

ئـ- قەڵەمەکەم لێی برد.　　ب- قەڵەمەکەی لێم برد.

پ- قەڵەمەکەم لێ بردی.　　ت- قەڵەمەکەی برد.

٣- کۆمەڵە جێناوی (م - ین ، یت - ن ، ø - ن) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری:

ئـ- ڕابردووی تێپەڕ　　ب- ڕانەبردووی تێپەڕ

پ- داخوازی تێنەپەڕ　　ت- ڕابردووی تێنەپەڕ

٤- لە ڕستەی (شیعرەکەی بۆ نووسیم). ئەگەر (م) بگۆڕین بۆ (ت) دەبێتە:

ئـ- شیعرەکەت بۆی نووسی　　ب- شیعرەکەم بۆت نووسی

پ- شیعرەکەی بۆت نووسی　　ت- شیعرەکەی بۆ نووسیت

٥- لە ڕستەی (کڵاوەکەم لێوەردەگرێت). جێناوی لکاوی (م) ئەرکی چییە؟

ئـ- بکەر　　ب- بەرکار　　پ- تەواوکەری بەیاریدە　　ت- دیارخەر

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (وڵاتەکەیان لێ دابەشکردین).**

١- (ین) چییە؟ بۆچی خراوەتە ئەو شوێنە؟

٢- (لێ) شیبکەوە.

٣- ئەگەر(ین) بگۆڕین بۆ جێناوی (مان) دەچێتە کوێ؟ بۆچی؟

٤- ئەگەر ناوی (وڵاتەکە) لاببەین (یان) دەچێتە کوێ؟

## هاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە

**هاوەڵناو لە ڕووی چۆنیەتیی دروستبوونی وشەکانییەوە واتە پێکهاتنەوە، دوو جۆرە.**

أ- هاوەڵناوی سادە.

ب- هاوەڵناوی ناسادە.

### أ هاوەڵناوی سادە

١- بۆ ڕۆژی نەورۆزی چەپك
لە نێرگس و گوڵی ناسك
ئەکەم بە دیارییەکی جوان
بۆ گەلی کوردی قارەمان

٢- هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

٣- ئێمەی ئازا لە دوژمن ناترسین.

٤- بابی دارای هەژارە، لێ دڵ و دەروونێن وی دەوڵەمەندن.

٥- دارا هشك سێبەری ناکەت.

هاوەڵناو، وشەیەکە دەبێتە دیارخەری ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێکی تر یان تەواوکەری کارێکی ناتەواو ، واتە سیفەتێک ئاشکرا دەکات و لە هاوچەشنەکانی جیادەکرێتەوە.

هاوەڵناویش بەپێی چۆنیەتیی دروستبوونی بنچینەی وشەکەوە دەکرێت بە چەند بەشێک، لێرەدا باسی هاوەڵناوی سادە دەکەین.

لە نموونەی ژمارە(١)دا، هەریەک لە وشەی ( ناسک، جوان، قارەمان) هاوەڵناون و لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتوون هیچ پێشگرو پاشگرێکیان لەگەڵدا نییە و بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ بوونەتە دیارخەری وشەکانی ( گوڵ، دیارییەک، کورد)و

وەسفی ئەو ناوانەی کردووە و لەناو هاوڕەگەزەکانی جیای کردونەتەوە.

لە نمونەی ژمارە(٢)دا، وشەی (گەرم) هاوەڵناوە و لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتوون و بووە بە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە.

لە ڕستەی ژمارە(٣) دا، وشەی (ئازا) هاوەڵناوە و لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە و بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ بووە بە دیارخەری جێناوی کەسی (ئێمە).

لە ڕستەی ژمارە (٤) وشەی (هەژار) هاوەڵناوێکی سادەیە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە لە ڕستەی ژمارە (٥) وشەی (هشک) هاوەڵناوێکی سادەیە و وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە ئەرکی دیارخەری ناوە.

## ب هاوەڵناوی ناسادە

هاوەڵناوی ناسادە دوو جۆرە:

### ١- هاوەڵناوی داڕێژراو:

أ- کرێکاری یەکەم کاری خۆی تەواوکرد.

ب- تا ئێستا پیاوی بەجەرگی وام نەدیوە.

پ- ڕێوییەکی گەڕۆك لە شێرەکی نفستی چێترە.

ت- مرۆڤی زانا و نەزان وەك یەك نین.

ج- نووسەری بەتوانا بەرهەمی زۆرە.

ئەگەر سەیری وشەکانی (یەکەم ، بەجەرگ ، گەڕۆک ، نقستی ، زانا ، نەزان ، بەتوانا ) بکەین، دەبینین کە هەموویان هاوەڵناوی داڕێژراون هەریەک بە شێوەیەک دروستکراوە، لێرەشدا چەند یاسایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی داڕێژراو دەخەینە ڕوو.

| یەکەم: | - أ - | |
|---|---|---|
| هاوەڵناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| یەک | ەم | یەکەم |
| ڕوون | اک | ڕووناک |
| نەرم | ان | نەرمان |
| ڕەق | ەن | ڕەقەن |

| - ب - | | |
|---|---|---|
| پێشگر | هاوەڵناوی سادە | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| نە | خۆش | نەخۆش |
| نا | ڕاست | ناڕاست |

دووەم :

| - أ - | | |
|---|---|---|
| ناوی سادە | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| ژن | انە، انی | ژنانە، ژنانی |
| زێڕ | ین | زێڕین |
| مەلە | وان، ڤان | مەلەوان- مەلەڤان |
| برین | دار | بریندار |
| گۆشت | ن | گۆشتن |
| ڕاو | چی | ڕاوچی |
| دەشت | ەکی | دەشتەکی |
| بەخت | یار، ەوەر | بەختیار، بەختەوەر |

| - ب - | | |
|---|---|---|
| پێشگر | ناوی سادە | هاوەڵناوی داڕێژراو |
| بە | تام | بەتام |
| ب/بە | جەرگ | ب جەرگ/ بەجەرگ |
| بێ | شەرم | بێشەرم |

| سێیەم : | - ێ - | | |
|---|---|---|---|
| چاوگ | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
| نووسین | نووس | ەر | نووسەر |
| گەڕان | گەڕێ | ۆک، یدە | گەڕۆک ، گەڕیدە* |
| ترسان | ترس | نۆک، ناک | ترسنۆک، ترسناک |
| فرۆشتن | فرۆش | یار | فرۆشیار |
| زانین | زان | ا | زانا |

| - ب - | | | |
|---|---|---|---|
| چاوگ | پێشگر | ڕەگی کار | هاوەڵناوی دارێژراو |
| گۆڕین | ب- نە | گۆڕ | بگۆڕ - نەگۆڕ |
| مردن | نە | مر | نەمر |
| بەزین | ب- نە | بەز | ببەز - نەبەز |

| - پ - | | | |
|---|---|---|---|
| پێشگر | ڕەگی کار | پاشگر | هاوەڵناوی دارێژراو |
| نا | بین | ا | نابینا |
| نە | زێ | ۆک | نەزۆک |
| ب | خۆ | ەر | بخۆر |

* ڕەگی کاری (گەڕێ)یە ناکرێت پیتی بزوێنی (ێ) لەگەڵ بزوێنی (ۆ) لە (ۆک) و (یە) لە (یدە) بەیەکەوە بێن، بۆیە شوێنی خۆی بەرداوە بۆ (ۆ) و (یە)

چوارەم:

| چاوگ | قەدی چاوگ | پاشگر | هاوەڵناوی داڕێژراو |
|---|---|---|---|
| کەوتن | کەوت | وو | کەوتوو* |
| شکان | شکا | و | شکاو |
| سوتان | سوتا | و | سوتاو |
| ڕزین | ڕزیـ | و | ڕزیو |
| بردن | برد | ە | بردە |
| کەوتن | کەوت | ە | کەوتە |

## ٢- هاوەڵناوی لێکدراو:

چەند یاسایەکی دروستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو:

| ١- ناو + ناو | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چاو | + | باز | ← | چاوباز |
| بەژن | + | چنار | ← | بەژنچنار |

| ٢- ناو + ئامراز + ناو | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەست | + | بە | + | سەر | ← | دەستبەسەر |
| ڕوو | + | بە | + | خاڵ | ← | ڕووبەخاڵ |
| گوڵ | + | بە | + | دەم | ← | گوڵبەدەم |

| ٣- دووبارەکردنەوەی ناوێك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێ ڕێ | - | چین چین | - | پارچە پارچە |

(*) لە کرمانجی سەروودا پاشگری (ی) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ و هاوەڵناوی داڕێژراوی لێ دروست دەبێت:
کەفت + ی = کەفتی
شکەست + ی = شکەستی
سۆت + ی = سۆتی
- دلێ سۆتی ب ئاڤ ترشکا ناکەویت.

### ٤- هاوەڵناوی ژمارە + ناو

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دوو | + | دڵ | ← | دوودڵ |
| حەوت | + | ڕەنگ | ← | حەوتڕەنگ |
| یەک | + | دەنگ | ← | یەکدەنگ |
| دوو | + | زمان | ← | دووزمان |

### ٥- ناو + هاوەڵناو

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕوو | + | خۆش | ← | ڕووخۆش |
| چاو | + | شین | ← | چاوشین |
| دڵ | + | پاک | ← | دڵپاک |
| باڵا | + | بەرز | ← | باڵابەرز |

### ٦- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆر | + | ە | + | دەوڵەمەند | ← | بۆرە دەوڵەمەند |
| پاک | + | و | + | خاوێن | ← | پاکوخاوێن |
| شۆخ | + | و | + | شەنگ | ← | شۆخوشەنگ |

### ٧- هاوەڵناو + ئامراز + ناو

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شۆڕ | + | ە | + | ژن | ← | شۆڕەژن |
| پیر | + | ە | + | مێرد | ← | پیرەمێرد |
| شۆڕ | + | ە | + | سوار | ← | شۆڕەسوار |

### ٨- ناو + ڕەگی کار

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاشتی | + | خواز | ← | ئاشتیخواز |
| ستران | + | بێژ | ← | سترانبێژ |
| زمان | + | زان | ← | زمانزان |
| قورئان | + | خوێن | ← | قورئانخوێن |
| ڕۆژنامە | + | نووس | ← | ڕۆژنامەنووس |

### ٩- هاوەڵناو + ڕەگی کار

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕاست | + | بێژ | ← | ڕاستبێژ |
| گەش | + | بین | ← | گەشبین |
| ڕەش | + | پۆش | ← | ڕەشپۆش |
| خۆش | + | نووس | ← | خۆشنووس |

### ١٠- بە دووبارەبوونەوەی هاوەڵناوێکی سادە

خۆش خۆش – جوان جوان – سوور سوور

### ١١- هاوەڵکار + ناو

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژێر | + | دەست | ← | ژێردەست |
| ژێر | + | چەپۆک | ← | ژێرچەپۆک |
| بن | + | دیوار | ← | بندیوار |

### ١٢- ناو + ڕەگی کار + پاشگر

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خەبات | + | کە | + | ەر | ← | خەباتکەر |
| ڕەنج | + | دە | + | ەر | ← | ڕەنجدەر |
| جل | + | شۆ | + | ەر | ← | جلشۆر |
| ڕاو | + | کە | + | ەر | ← | ڕاوکەر |

## دەستور

هاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە دوو جۆرە:

١- هاوەڵناوی سادە:

وشەیەکی سادەی واتاداری سەربەخۆی تەواوە.

٢- هاوەڵناوی ناسادە:

هاوەڵناوی ناسادەش دوو جۆرە:

ئـ- هاوەڵناوی داڕێژراو: ئەو هاوەڵناوەیە، کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان پێکدێت.

ب- هاوەڵناوی لێکدراو: ئەو هاوەڵناوەیە، کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکهاتووە.

## ڕاهێنان - ١

١- چۆن هاوەڵناوێکی داڕێژراو، لە هاوەڵناوێکی لێکدراو جیادەکەینەوە؟ بە نموونە ڕوونیبکەوە.

٢- بەچەند ڕێگا هاوەڵناوی داڕێژراو لە ڕەگی کار دروستدەکرێت؟ بەنموونە ڕوونیبکەوە.

٣- چۆن دەتوانین لە قەدی چاوگی تێنەپەڕەوە، هاوەڵناوی داڕێژراو دروستبکەین؟

٤- چۆن لە دوو ناو، هاوەڵناوی لێکدراو دروستدەکەیت؟ نموونەی بۆ بهێنەوە.

## ڕاهێنان - ٢

جۆر و شێوەی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاربکە.

(دەنگبێژ ، سەرسپی ، کەوتوو ، نەمر ، خەباتکەر ، تێکۆشەر ، ناشاد)

## ڕاهێنان - ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.

١- خەیاری گوڵبەدەم ناسکە. هاوەڵناوی (گوڵبەدەم) دروستبووە بە دەستوری

ئ- ناو + ئامراز + هاوەڵناو	ب- هاوەڵناو+ ئامراز+ ناو

پ- ناو + ئامراز + ناو	ت- هاوەڵناو+ ئامراز+ هاوەڵناو

٢- یەکێک لەم هاوەڵناوانە دروستبووە بە دەستوری (پێشگر + ڕەگی کار)

ئ- بەهێز	ب- نەخۆش	پ- بوێر	ت- بەدڵ

٣- هاوەڵناوی (کۆنەدەوڵەمەند) بە چ دەستورێک دروستبووە؟

ئ- ناو + ئامراز + هاوەڵناو	ب- هاوەڵناو + ئامراز + ناو

پ- ناو + ئامراز + ناو	ت- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو

٤- کام لەمانە هاوەڵناوە و بە دەستوری (ناو + پاشگر) دروستبووە؟

ئ- پیاوکوژ	ب- پیاوانە	پ- پیاوەتی	ت- پیاوان

٥- هاوەڵناوی (دوودڵ) دروستبووە بە دەستوری:

ئـ- ناو+ هاوەڵناو

ب- هاوەڵناوی ژمارە + ناو

پ- هاوەڵناوی چۆنیەتی + ناو

ت- هاوەڵناو + هاوەڵناو

## ڕاهێنان - ٤

**لەم ڕستانەی خوارەوە هاوەڵناوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەستنیشان بکە لەڕووی بنچینەی وشەکانیان.**

١- پێشمەرگە بەجەرگە.

٢- کچێکی نووسەریان خەڵاتکرد.

٣- ئەدیسۆنی زانا خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە.

## جۆرەکانی هاوەڵکار
## لە ڕووی ڕۆنانەوە

**أ:**

١- هێزی گەل لەشکری دوژمنی خێرا لەناوبرد.
٢- بەفر لە کوردستان زۆر دەبارێت.
٣- دایکی ڕۆشنبیر منداڵ باش پەروەردەدەکات.
٤- گەلی کورد لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا گورج ڕاپەڕی.

**ب:**

١- بەشەو سەردانی هاوڕێکەمان کرد.
٢- پێشمەرگەکان دلێرانە بەرگری لە کوردستان دەکەن.
٣- ئەوان لەدوور هاتبوون.
٤- وتارەکەی بەجوانی خوێندەوە.

**پ:**

١- کوردستانمان پڕبەدڵ خۆش دەوێت.
٢- لاوەکان دەستەدەستە دەهاتن.
٣- منداڵەکە دەمەودەم کەوت.
٤- گەڕەکەکەیان ماڵبەماڵ بەسەر کردەوە.

پێشتر ئەوەمان خوێندووە، کە هاوەڵکار وەڵامی پرسیاری (چۆن ، لەکوێ ، کەی ، چەندی .....)ی لایەنێکی ڕودانی کار دەداتەوە و وەسفی کارەکە دەکات و سنورێک بۆ ڕودانی کارەکە لە ڕستەدا دیاردەخات.

ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئ) بکەین، دەبینین وشەکانی (خێرا ، زۆر ، باش ، گورج) هەموویان لەم ڕستانەدا هاوەڵکارن و هەریەکەیان لە ڕستەی خۆیدا وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە، هەموویان لە ڕووی پێکهاتنەوە سادەن.

لە ڕستەکانی بەشی (ب) وشەکانی (بەشەو، دلێرانە، لەدوور، بەجوانی) هەموویان هاوەڵکاری داڕێژراون، هەریەکەیان لە ڕستەی خۆیدا وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە.

لەڕستەکانی بەشی (پ) وشەکانی (پڕبەدڵ، دەستەدەستە، دەماودەم، ماڵبەماڵ) هەموویان هاوەڵکاری لێکدراون، هەریەکەیان لە ڕستەی خۆیدا وەسفی کاری ڕستەکەی کردووە.

ئینجا لێرەدا دەمانەوێت بزانین، کە هاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتن و دروستکردنەوە چەند جۆرە؟ هەر جۆرەی چۆن و لە چی پێکدێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین هاوەڵکار لە ڕووی پێکهاتنیەوە دەکرێت بە دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**ئ- هاوەڵکاری سادە.** **ب- هاوەڵکاری ناسادە**

## ئ هاوەڵکاری سادە

ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە، لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات.

(زۆر، پار، کەم، دوور، نزیک، فرە، زوو، درەنگ، سەر، ژێر، تەنیشت ......).

## ب هاوەڵکاری ناسادە

ئەمیش دوو جۆرە:

**١ هاوەڵکاری داڕێژراو:** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت:

### هەندێك لە ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵکاری داڕێژراو:

| ١- پێشگر (بە) + ناو |
|---|
| (بەناز، بەدڵ، بەگیان، بەشەو، بەزستان، بەساڵ.......) |

| ٢- پێشگر + هاوەڵکار |
|---|
| (بەزۆر، لەدوور، لەتەنیشت، لەنزیك.......) |

| ناو + پاشگری (انە) |
|---|
| (ڕۆژانە، شێرانە، منداڵانە، ساڵانە......) |

| ٤- هاوەڵناو + پاشگری (انە) |
|---|
| (مەردانە، دلێرانە، هێمنانە، ئازایانە، ژیرانە......) |

| ٥- پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر |
|---|
| (بەجوانی، بەباشی، بەخۆشی، بەساردی، بەهێمنی، بەگەرمی......) |

| ٦- پێشگر + ناو + پاشگر |
|---|
| ( بەهاوینێ، بێشەرمانە، بێباکانە، بەکوردایەتی...) |

## ٢ هاوەڵکاری لێکدراو: ئەو هاوەڵکارەیە کە لە دوو وشەی واتادار یان پتر پێکدێت.

### هەندێك لە ڕێگاكانی دروستكردنی هاوەڵكاری لێكدراو:

| ١- بەدووبارەكردنەوەی ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارە |
|---|
| ( نم نم ، دەستە دەستە، پۆل پۆل......) |
| ( جوان جوان ، هێدی هێدی ، ورد ورد......) |
| (یەك یەك ، چوار چوار، دوو دوو........) |

| ٢- ناو + ئامرازی (بە) + ناو |
|---|
| (ڕووبەڕوو، ماڵ بەماڵ ، دێ بەدێ، شاربەشار......) |

| ٣- ناو + ئامرازی (او) + ناو |
|---|
| (سەراوسەر، دەماودەم ، دۆڵاودۆڵ، پشتاوپشت......) |

| ٤- هاوەڵناو + ئامرازی (و) + هاوەڵناو |
|---|
| (تێروپڕ ، کزومات، پاکوخاوێن، کزومەلوول......) |

| ٥- هاوەڵناو + ئامرازی (بە) + ناو |
|---|
| (پڕبەدڵ، پڕبەدەم ، پڕبەدەنگ......) |

| ٦- پێشگر + هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر |
|---|
| (بەسەربەرزی، بەڕووخۆشی ، بەدڵخۆشی ، بەدڵشکاوی......) |

| ٧- هاوەڵناوی نیشانە + ناو |
|---|
| (ئەمشەو ، ئەمساڵ، ئەوسا......) |

## ڕاهێنان - ١

**جۆر و شێوەی دروستکردنی ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە دیاربکە.**

(بەگوڕ ، تاقم تاقم ، بەدۆستایەتی ، منداڵانە.....)

## ڕاهێنان - ٢

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شیبکەوە.**

١- جوان منداڵە جوانەکەی جوان پەروەردەکردووە.

٢- گەلی کوردستان دلێرانە ڕاپەڕی.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە (ناو + پاشگر)؟

ئـ- ژیرانە    ب- هێمنانە    پ- ساڵانە    ت- ئازایانە

٢- هاوەڵکاری (ئەمساڵ) پێکهاتووە لە:

ئـ- پێشگر + ڕەگی کار    ب- هاوەڵناو نیشانە + ناو

پ- هاوەڵناو نیشانە + ڕەگی کار    ت- پێشگر + ناو

٣- کام لەم هاوەڵکارانە لێکدراوە؟

ئـ- مەردانە    ب- بێشەرمانە    پ- ئەوسا    ت- منداڵانە

٤- کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە (پێشگر + هاوەڵکار)؟

ئـ- بەزۆر    ب- بەگوڕ    پ- بەباشی    ت- بەماڵ

٥- (پڕبەدڵ بانگدەکەم سەربەستیم دەوێت)، هاوەڵکاری ئەم ڕستەیە چۆن دروستبووە؟

ئـ- ناو + ئامراز + ناو    ب- هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو

پ- هاوەڵناو + ئامراز + ناو    ت- پێشگر + ئامراز + ناو

## ڕاهێنان - ٤

**وشەی (خراپ، منداڵانە) لە دوو ڕستەدا بەکاربهێنە، بەمەرجێك جارێك ببنە هاوەڵناو و جارێکی تریش ببنە هاوەڵکار.**

## ڕادە

### ١- ڕادە و هاوەڵناو:

### ٢- ڕادە و هاوەڵکار:

١- کتێبێکی کۆنم بۆ هاوڕێکەم نارد.

کتێبێکی زۆر کۆنم بۆ هاوڕێکەم نارد.

٢- نامەکەم بەپەلە بۆ هاوڕێکەم نارد.

نامەکەم زۆر بەپەلە بۆ هاوڕێکەم نارد.

٣- خوێندکارەکە درەنگ هات.

خوێندکارەکە هەندێك درەنگ هات.

٤- پیاوەکە دوور ڕۆیشت.

پیاوەکە زۆر دوور ڕۆیشت.

پێش ئەوەی باسی ڕادە و هاوەڵکار یان ڕادە و هاوەڵناو بکەین پێویستە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بدەینەوە، کە ڕادەی هاوەڵکار یان هاوەڵناو چییە؟

چ هاوەڵکارێک یان هاوەڵناوێک ڕادەکەی دەردەخرێت؟ ئەو پەیڤانەی ڕادە پیشان دەدەن کامانەن؟ بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کە ئەویش ڕادە و هاوەڵناوە، واتا دەرخستنی ڕادەی هاوەڵناوە بە هاوەڵناوێکی تر، چونکە زۆر وشەی ڕادەی هاوەڵناو لەناو ڕستەدا، ڕادەی هاوەڵکاریش دەردەخەن، جا ئەگەر بمانەوێت ڕادەی هاوەڵناوێک لە ڕستەدا دەربخەین، ئەوا بەهۆی هاوەڵناوی نادیارەوە دەردەخرێت، کە دەکەوێتە پێش هاوەڵناوە بنچینەکە، هەروەک لە ڕستەی یەکەم و دووەمی ڕیزی ژمارە (١)دا دیارخراوە.

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (کۆن) هاوەڵناوی چۆنیەتییە و دیارخەری وشەی (کتێبێک)ە، بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، وشەی (زۆر) بووە بە دیارخەری هاوەڵناوی (کۆن)، (کۆن)یش دیارخراوە و ڕادەی کۆنییەکە پیشان دەدات. ئینجا بە هەردووکیان واتا (زۆر کۆن) وەک گرێیەکی هاوەڵناوی دەبنە

دیارخەری وشەی (کتێبێک) کە ناوێکی تاکی نەناسراوی گشتییە.

هەر بەم پێیە دەتوانین لەبری وشەی (زۆر) وشەی (گەلێک ، نەختێک ، کەمێک ، هەندێک، تۆزێک ، فرە ، پیچەک....) بەکاربهێنین، کە هاوەڵناوی نادیارن.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەی یەکەم و دووەمی ڕیزی ژمارە (٢)، دەبینین وشەی (زۆر) لە شێوەیەکی جیاوازدا بەکارهاتووە، واتا ئەرکی لەناو ڕستەکەدا، لە ئەرکی وشەی (زۆر)ی ڕستەکانی پێشوو جیاوازە.

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (بەپەلە) هاوەڵکاری چۆنیەتییە و چۆنیەتیی ڕودانی کاری (نارد) ڕووندەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، وشەی (زۆر) ڕادەی هاوەڵکارەکە ڕووندەکاتەوە و دیارخەری هاوەڵکاری (بەپەلە)یە، هاوەڵکاری (بەپەلە)ش دیارخراوە بەهەردووکیان وەک گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی ڕودانی کارەکە دەردەخەن.

لە ڕستەکانی ڕیزی سێیەمیشدا:

لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (درەنگ) هاوەڵکاری کاتییە و کاتی ڕودانی کاری (هات) ڕووندەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا وشەی (هەندێک) ڕادەی هاوەڵکارەکە ڕووندەکاتەوە و دیارخەری هاوەڵکاری (درەنگ)ە، هاوەڵکاری (درەنگ)یش دیارخراوە، بە هەردووکیان وەک گرێیەکی هاوەڵکاری کاتی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن.

ڕستەکانی ڕیزی چوارەمیش بەهەمان شێوە ڕووندەکرێنەوە.

هەر بەم پێیە دیسان دەتوانین لە بری وشەی (زۆر) وشەکانی (نەختێک ، گەلێک ، کەمێک، تۆزێک ، هەندێک ، فرە ، پیچەک ....هتد) بەکاربهێنین.

## دەستور

ئـ- ئەم هاوەڵناوانە تەنها ڕادەی هاوەڵناوە چۆنیەتییە کە دەردەخەن، کە بریتین لە (زۆر ، هەندێک ، گەلێک ، کەمێک ، تۆزێک ، برێک ، فرە ، پیچەک.... هتد)* پێیان دەگوترێت (هاوەڵناوی نادیار).

ب- ئەم هاوەڵکارانە: ڕادەی هاوەڵکارە چونیەتی و کاتی و شوێنییەکان، دەردەخەن کە بریتین لە (زۆر، هەندێک، گەلێک، کەمێک ، تۆزێک، برێک، فرە، پیچەک ... هتد) (هاوەڵکاری چەندی).

(*) کاتێک کە ڕادەی هاوەڵناوێک یان هاوەڵکارێک دەردەخرێت پێویستی بە (ی) ئامرازی دانەپاڵ نییە کە بکەوێتە نێوان ڕادە و هاوەڵناوەکە یان ڕادە و هاوەڵکارەکە.

## ڕاهێنان - ١

**لەم ڕستەیە (داڕشتنێکی باشم بەجوانی نووسییەوە):**

١- کاری ڕستەکە لە چ ڕێژەیەکدایە؟

٢- وشەی(بە جوانی) چییە؟ چۆن دروستکراوە؟

٣- وشەی (باش) چییە؟ ئەرکی چییە؟

٤- وشەی (زۆر) بخە پێش (باش) و (بەجوانی) لە هەردوو شوێندا وشەی (زۆر) شیبکەوە.

## ڕاهێنان - ٢

**بە نمونە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە:**

١- چۆن ڕادەی هاوەڵکار دەردەخەیت؟

٢- جیاوازی لەنێوان هاوەڵکار و هاوەڵناودا چییە؟

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (بایەکی زۆر توند هەڵیکرد). وشەی (زۆر) بریتییە لە:

ئـ- ڕادەی هاوەڵناوی     ب- ڕادەی هاوەڵکاری

پـ- هاوەڵناوی چۆنیەتی     ت- هاوەڵکاری چەندی

٢- (میوانەکە کەمێک درەنگ ڕۆیشت). وشەی (کەمێک) بریتییە لە:

ئـ- ڕادەی هاوەڵناوی     ب- ڕادەی هاوەڵکاری

پـ- هاوەڵناوی نادیار     ت- هاوەڵکاری کاتی

٣- (یاریزانەکە گۆلەکەی زۆر جوان تۆمارکرد). (زۆر جوان) چییە؟

ئـ- گرێی ناوییە     ب- گرێی هاوەڵناوییە

پـ- گرێی هاوەڵکارییە     ت- هاوەڵناوی لێکدراوە

٤-وشەی (گەلێک) لە ڕستەی (ژوورەکە گەلێک ساردە) چییە؟

ئـ- هاوەڵناوی چۆنیەتییە
ب- ڕادەی هاوەڵناوە
پـ- ڕادەی هاوەڵکارە
ت- هاوەڵکاری چەندییە

٥- (کەمێک لە دوور دانیشە). وشەی (کەمێک) بریتییە لە:

ئـ- ڕادەی هاوەڵناوی
ب- ڕادەی هاوەڵکاری
پـ- هاوەڵناوی نادیار
ت- هاوەڵکاری شوێنی

## ڕاهێنان - ٤

**شیکردنەوە**

**نامیلکەکەم زۆر باش خوێندەوە.**

**نامیلکەکە:** ناوە ، گشتییە ، ناسراوە ، بەرکارە.

**م:** جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە .

**زۆر:** ڕادەی هاوەڵکارییە دیارخەری (باش)ە.

**باش:** هاوەڵکاری چۆنیەتییە دیارخراوە.

**زۆرباش:** گرێیەکی هاوەڵکارییە ، تەواوکەری کارەکەیە.

**خوێندەوە:** ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە ، تێپەڕە ، داڕێژراوە ، ئەرێیە.

لەم ڕستانەدا وشە هێڵ بەژێر داهاتووەکان شیبکەوە.

١- خانی لەپ زێڕین قەڵایەکی گەلێک سەختی دروستکرد.

٢- مێژووی قەڵای دمدم زۆر کۆنە .

٣- پێشمەرگەکان سنوری وڵاتیان گەلێک باش پاراستووە.

## دیارخەرەکانی ناو

## یەکەم-ئەرکی ناو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

١- ئاوی کانی لە ئاوی ڕووبار پاکترە.
٢- دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدانکرانەوە.
٣- کرێکارەکانی کارگەی مافور دڵسۆزانە کاردەکەن.
٤- تابلۆکانی ژوورەکەم هەڵواسیوەتەوە.
٥- هێمن نەمامەکانی لە باخچەی خوێندنگەکەدا ڕواند.
٦- دیارییەکانم بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگاکەیە.
٧- خانووەکانی ئەم شارە جوانن.

هەریەکە لە بەشە ئاخاوتنی (ناو – هاوەڵناو– جێناو) دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو یان ئەو وشانەی لە هێزی ناودان (چاوگ)، لێرەدا باسی ناو وەکو (دیارخەر) دەکەین:

١- لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (ئاو) ناوێکی تاکی نەناسراوی گشتییە و (دیارخراو)ە، وشەی (کانی) و (ڕووبار)یش، دوو ناوی تاکی نەناسراوی گشتیین (دیارخەر)ن، کە بە یارمەتی (ی) ئامرازی دانەپاڵ دراونەتە پاڵ یەک، (ئاوی کانی) وەک گرێیەکی ناوی ئەرکی نیهاد و (ئاوی ڕووبار) ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینێت.

٢- لە ڕستەی دووەمدا، وشەی (دێهاتەکان) ناوێکی کۆی ناسراوە و (دیارخراو)ە، وشەی (کوردستان) ناوێکی تایبەتییە (دیارخەر)ی وشەی (دێهاتەکان)ە، کە بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتووە، (دێهاتەکانی کوردستان) وەک گرێیەکی ناوی دەبێتە جێگری بکەر.

٣- لە ڕستەی سێیەمدا، وشەی (کرێکارەکان) ناوێکی کۆی ناسراوە (دیارخراو)ە، هەر دوو وشەی (کارگەی مافور) دوو ناوی تاکی نەناسراون (دیارخەر)ی وشەی (کرێکارەکان)ە، کە بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتووە. (کارگەی مافور) وەک گرێیەکی ناوی ئەرکی دەبێتە دیارخەری ناو.

٤- لە ڕستەی چوارەمدا، وشەی (تابلۆکان) ناوێکی کۆی ناسراوە (دیارخراو)ە، وشەی (ژوورەکە) ناوێکی تاکی ناسراوە (دیارخەر)ە و بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ دراوەتە پاڵ (دیارخراو) لێرەشدا (تابلۆکانی ژوورەکە) وەک گرێیەکی ناوی ئەرکی بەرکار دەبینێت.

٥- لە ڕستەی پێنجەمدا، وشەی (باخچە) ناوێکی تاکی نەناسراوە (دیارخراوە)، وشەی (خوێندنگەکە) ناوێکی تاکی ناسراوە (دیارخەر)ی ناوی باخچەکەیە، بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ دراونەتە پاڵ یەک، (باخچەی خوێندنگەکە) وەک گرێیەکی ناوی دەبێت بە تەواوکەری بەیاریدە.

٦- لە ڕستەی شەشەمدا، وشەی (فەرمانبەران) ناوێکی نەناسراوی کۆیە (دیارخراو)ە، وشەی (فەرمانگاکە) ناوێکی تاکی ناسراوە (دیارخەر)ە، بەهۆی (ی) ئامرازی دانەپاڵ دراوەتە پاڵ (دیارخراو)، (فەرمانبەرانی فەرمانگاکە) وەک گرێیەکی ناوی دەبن بە تەواوکەری بە یاریدەی کاری ناتەواو.

٧- لە ڕستەی حەوتەمدا، وشەی (خانووەکان) ناوێکی کۆی ناسراوە (دیارخراو)ە، وشەی (شار) ناوێکی گشتییە و بەهۆی هاوەڵناوی نیشانە (ئەم.....ە) دەستنیشان کراوە (دیارخەر)ە، (ی) ئامرازی دانەپاڵ دەکەوێتە نێوانیانەوە، (خانووەکانی ئەم شارە) گرێیەکی ناوییە، نیهادە.

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، کە هەریەکە لە (دیارخراو) و (دیارخەر) کە دەدرێنە پاڵ یەکتری دەبێت لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێن، بە تایبەتی ئەگەر ناوە (دیارخراو)ەکە ناوێکی کۆ بێت و (دیارخەر) ناوێکی تاک بێت، چونکە ناگونجێت بڵێین (دڵەکانی پیاوەکە، مێشکەکانی زاناکە، نینۆکەکانی پەنجەکە......) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەتوانین بەپێی شوێن و مەبەست بەمەرجێک لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت، (دیارخراو) و (دیارخەر)، یان هەردووکیان لەشێوەی (تاک ، کۆ ، ناسراو یان نەناسراویدا) لەناو ڕستەدا بەکاربهێنین، وەک لە ڕستەکان پیشانمان داون.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ناوی (دیارخراو) دەتوانێت چەند ناوێکی (دیارخەر)ی یەک لەدوای یەک وەربگرێت، وەک:

یاساکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان زۆرن.

## دەستور

ئەگەر ناوێکی (دیارخراو) (دیارخەرێک) یان چەند دیارخەرێک بدرێتە پاڵی ئەوا:

١- ناوی (دیارخراو) پێش ناوی (دیارخەر) دەکەوێت.

٢- (ی) ئامرازی دانەپاڵ دەکەوێتە نێوانیانەوە*.

٣- دەتوانین ناوە دیارخراوەکە یان دیارخەرەکەی، یان هەردووکیان بەپێی شوێن و مەبەست، بەمەرجێک لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت لە شێوەی (تاک، کۆ، ناسراو، نەناسراو) دا لەناو ڕستەدا بەکاریان بهێنین.

| دەرگا | ی | ژوورەکە | کرایەوە |
|---|---|---|---|
| دیارخراوە | ئامرازی دانەپاڵ | دیارخەرە | کار |

هەروەها ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە پەیوەندی نێوان دیارخراو و دیارخەردا خاوەنێتی و ناسیاوی و تایبەتمەندێتی دروستدەبێت.

(*) لە کرمانجی سەروودا ئامرازی دانەپاڵ بەپێی ژمارە و ڕەگەز خۆیان دەنوێنن ئامرازی (ا) بە دیارخراوی (مێ)ی تاک دەلکێنن وەک:

زین خوشکا میرێ بۆتان بوو.

دایکا ئازادێ مامۆستایە.

وە (ێ) بە دیارخراوی (نێر)ی تاک دەلکێنین، وەک:

کورێ پاشایێ بچویک هات.

مەلایێ جزیرێ هۆزانڤانەکێ کورد بوو.

هەروەها (ێد – ێت – ێن) بە دیارخراوی کۆی (نێرومێ)ەوە دەلکێن، وەک:

شارێد کوردستانێ خۆشن.

زارۆکێن گوندێن مە زرنگن.

## ڕاهێنان - ١

**لە ڕستەی (کتێبەکانی خوێندکاران وەردەگرینەوە)دا:**

١- وشەی (خوێندکاران) چییە؟ ئەرکی چییە؟
٢- کاری (وەردەگرینەوە) لە چ ڕێژەیەکدایە؟
٣- وشەی (کتێبەکان) شیبکەوە.
٤- لە کاری (وەردەگرینەوە) ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروستبکە.

## ڕاهێنان - ٢

**ڕستەی گونجاو بو ئەم داواکارییانەی خوارەوە بهێنەوە:**

١- ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی نەناسراو هەردوو (دیارخراو و دیارخەر) ببنە بەرکار.
٢- دوو ناوی یەک لەدوای یەک ببنە دیارخەری ناوێکی دیارخراوی تاکی ناسراو.
٣- ناوێکی دەستنیشانکراو بەهۆی هاوەڵناوی نیشانە بۆ نزیک ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن). لەم ڕستەیە دیارخراو ناوێکی:

ئـ- تاکی ناسراوە　　ب- کۆی نەناسراوە
پـ- تایبەتییە　　ت- کۆی ناسراوە

٢- لە ڕستەی (تابلۆکانی ئەو ژوورە لیدەکەمەوە). ناوی (تابلۆ) دیارخراوە بە:

ئـ- هاوەڵناوی نیشانە　　ب- جێناوی نیشانە
پ- ناوی دەستنیشانکراو　　ت- جێناوی کەسیی سەربەخۆ

٣- لە ڕستەی (ئەوە گڵکۆی شەهیدی کوردستانە). گرێی (شەهیدی کوردستان) ئەرکی:

ئـ- دیارخەری ناوە
ب- تەواوکەری کاری ناتەواوە
پ- نیهادە
ت- بەرکارە

٤- لە ڕستەی (مەلایێ جزیری هۆزانڤانەکێ کورد بوو) دیارخراو ناوێکی:

ئـ- تاکی مێیە
ب- تاکی نێرە
پ- کۆی نێرە
ت- کۆی مێیە

٥- لە ڕستەی (ئوتومبێلەکانی پێشانگەکە دەفرۆشین). (دیارخراو و دیارخەر) بریتین لە:

ئـ- ناوی تاکی ناسراو و کۆی ناسراو
ب- ناوی کۆی ناسراو و تاکی ناسراو
پ- ناوی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو
ت- ناوی کۆی نەناسراو و تاکی ناسراو

## ڕاهێنان - ٤

**شیکردنەوە:**

**هۆنراوەکانی مەولەویم خوێندەوە.**

**هۆنراوەکان:** ناوە، ناسراوە، کۆیە، دیارخراوە، بەرکارە.

**ی:** ئامرازی دانەپاڵە.

**مەولەوی:** ناوە، تایبەتییە، دیارخەرە.

**هۆنراوەکانی مەولەوی:** گرێیەکی ناوییە، بەرکارە.

**م:** جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك، بکەرە.

**خوێندەوە:** کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، داڕێژراوە، تێپەڕە.

١- تیپی کچان شانۆگەرییەکەی نمایشکرد.

٢- کلتوری کورد دەپارێزین.

## دووەم- ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو

١- زێڕی پاك ژەنگ هەڵناهێنێت.

خوێندکارێکی زیرەکم بۆ پێشبڕکێکە نارد.

٢- ئەندازیارە بەتواناکە نەخشەی تەلارەکەی کێشا.

درەختە بەرزەکان سیمایەکی جوان بە ژینگە دەبەخشن.

٣- ئـ- ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت.

گەزۆ نایابەکان فرۆشران.

بەهی گەییوەکانم لێکردەوە.

خوێندنگا سەرکەوتووەکان ئاهەنگیان گێڕا.

ب- دۆیە ترشەکەی ڕژاند.

بایە بەهێزەکە هەڵی کرد.

دێیە خۆشەکانیان بینیوە.

شەیە* بچووکەکە بکڕە.

٤- لە کانییە ڕوونەکان پرۆژەی ئاوی گوندەکان دروستدەکرێت.

شاتووە سورەکەم خوارد.

بییە سەوزەکان مەبڕنەوە.

٥- ئەم زانکۆیە پێشکەوتووە.

چوار گۆڤارم کڕی.

کام یاریزان ئامادەنەبوو.؟

ڕۆژگار هەموو مرۆڤێك دەردەخات.

جوانترین دیاریی پێشکەشکردم.

٦- گوڵی چۆنت دەوێت؟

ڕۆمانی چوارەمم نووسی.

فەرهەنگێکی تر بەکاردەهێنم.

نامەیەکی بەهێزتری نارد.

٧- چواریەکی وێنەکەم ڕەنگکرد.

(*) شـــە: شــــــانە

هاوەڵناو، وشەیەکە پەسنی ناوێک یان جێناوێک دەکات، هەموو جۆرەکانی هاوەڵناو دەتوانن ببنە دیارخەری ناوێک یان جێناوێک، لەم ڕووەوە لە هاوڕەگەزەکانی جیادەکاتەوە. هاوەڵناوی چۆنیەتی (سادە ، ناسادە) بێت دەبێتە دیارخەر و بەپێی چەند مەرجێک دەدرێتە پاڵ ناو:

**١/ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، ناوێکی گشتیی نەناسراو، یان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت، هاوەڵناوێك ببێت بە دیارخەری،** ئەوا پێویستە (ی) ئامرازی دانەپاڵ بخەیتە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکەوە، وەک لە نموونەکانی ڕیزی (١) پیشاندراون. لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (زیڕ) ناوێکی گشتییە و نەناسراوە هاوەڵناوی (پاک) لەدوایەوە هاتووە و بووە بە دیارخەری.

لە بەشی دووەمی ڕستەی یەکەمدا، (خوێندکارێک) ناوێکی تاکی نەناسراوە و هاوەڵناوی (زیرەک) لەدوایەوە هاتووە، لەبەرئەوە پێویستە (ی) ئامرازی دانەپاڵ بکەوێتە نێوانیانەوە.

**٢/ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، ناوێکی (تاك یان کۆی ناسراو) بوو، کاتێك هاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەری،** ئەوا پێویستە ناوەکە و هاوەڵناوەکە بخەینە شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، ئینجا نیشانەی ناسراوی دەخرێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، خۆ ئەگەر چەند هاوەڵناوێکی یەک لەدوای یەک بوون بە دیارخەری ناوەکە، ئەوا نیشانەی ناسراوی دەکەوێتە دوای هەموو هاوەڵناوەکانەوە.

جا ئەگەر ناوەکە بە پیتێکی (نەبزوێن) کۆتایی هاتبێت، ئەوا لەجیاتی (ی)، ئامرازی دانەپاڵی (ە) دەخەینە نێوان ناوەکە و هاوەڵناوەکەوە، وەک لە ڕستەی (ئەندازیارە بەتواناکە.....)ی ڕیزی ژمارە (٢)دا پیشاندراوە.

لەم ڕستەیەدا (ئەندازیار) ناوێکە بە پیتی نەبزوێنی (ر) کۆتایی هاتووە، کاتێک کە دەکرێت بە ناسراو و هاوەڵناوێک دەبێتە دیارخەری، ئەوا پێویستە بەو شێوەیەی سەرەوە بخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراوە)وە، (ی) ئامرازی دانەپاڵ بکرێت بە (ە).

بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە، لە شێوەی کۆی ناسراودا بێت و هاوەڵناوێک ببێت بە دیارخەری ئەوا بەپێی دەستورەکەی پێشوو، لەگەڵ هاوەڵناوەکەدا دەخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، لەدوایدا نیشانەی ناسراوییەکەی کە (ەکە)و نیشانەی کۆ، کە (ان)ە دەخرێنە دوای هەموویانەوە، وەک لە ڕستەی (درەختە بەرزەکان.....) پیشاندراوە.

**٣- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە (تاک یان کۆی ناسراو) بێت و بە پیتی بزوێنی (ە ، ا ، ۆ ، ێ) دوایی هاتبێت و لە بڕگەیەک زیاتر بێت، کاتێک هاوەڵناوێک دەبێت بە دیارخەری،** دیسان وەکو دەستوری پێشوو، دەخرێتە شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، جا بۆ ئەوەی (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ لەگەڵ پیتی بزوێنی دوای وشە یەکنەگرن و بەپێی دەستوری (بڕگە) کە نابێت دوو بزوێن لەیەک بڕگەدابن، ئەوا ئامرازەکە لادەبەین، وەکو لە ڕستەکانی ڕیزی (٣) بەشی (ئ) پیشاندراون.

بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە (تاک یان کۆی) ناسراو بێت و کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ا ، ۆ ، ێ ، ە) هاتبێت و لە بڕگەیەک پێکهاتبێت و هاوەڵناوێک ببێت بە دیارخەری، دوای ئەوەی کە ناوەکە و هاوەڵناوەکە دەخرێنە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)، (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ بە یارمەتی ناوبەندی (ی) کە دەکەوێتە نێوان ناوەکە و ئامرازی دانەپاڵەکە پاشان نیشانەی ناسراوی و کۆ دەخرێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، وەک لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە (٣) بەشی (ب) پیشاندراون.

**٤- بەڵام ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (ی) یان (وو) دوایی هاتبێت لە شێوەی (تاک یان کۆی ناسراو) دا بێت، هاوەڵناوێک ببێتە دیارخەری،** ئەوا ناوەکە و هاوەڵناوەکە دەخرێنە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)ەوە، جا بۆئەوەی بزوێنی وشە و ئامرازەکە یەکنەگرن، پێویستە پیتی نەبزوێن، کە بگونجێت لەگەڵیاندا، بخەینە نێوانیانەوە بۆ یەکەمیان (ی = y)، بۆ دووەمیان (و = w) دادەنێن لە ناوەکەش (وو) درێژ دەگۆڕێت بۆ (و) کورت وەک لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە (٤) پیشاندراون.

**٥- هاوەڵناوی ژمارە، هاوەڵناوی نیشانە (ئەم....ە) (ئەو.....ە)، هاوەڵناوی پرس (کام ، چ...)، هاوەڵناوی نادیار (هەموو ، زۆر.....)، هاوەڵناوی چۆنیەتی لە پلەی باڵادا (گەورەترین ، جوانترین ....) دەتوانن ببن بە دیارخەری ناو،** ئەگەر پێش ناوە دیارخراوەکە بکەون، ئەوا پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ ناکات، وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٥) پیشاندراون.

**٦- ئەگەر هاوەڵناوە دیارخەرەکان دوای ناوە دیارخراوەکە بکەون، ئەوا پێویستی بە (ی) ئامرازی دانەپاڵ هەیە،** وەک لە ڕستەکانی ڕیزی ژمارە (٦)دا پیشاندراون، ئەو هاوەڵناوانەی کە دەکەونە دوای ناوە دیارخراوەکەوە هاوەڵناوی (ژمارەی ڕێکخستن - پرس - نادیار - هاوەڵناوی پلەی بەراورد)ن لە ڕستەی یەکەمدا، (چۆن) هاوەڵناوی پرسە و دیارخەری وشەی (گوڵ)ە، لە ڕستەی دووەمدا (چوارەم)، هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستنە

و دیارخـەری نـاوی (ڕۆمـان)ە، لە سـێیەمیاندا، هاوەڵنـاوی نادیاری (تـر) دیارخەری ناوی (فەرهەنگ)ە، لە چوارەمیاندا (بەهێزتر) هاوەڵناوی پلەی بەراوردە و دیارخەری ناوی (نامە)یە.

**٧- بـەدەر لەوانـەی، کـە باسـمان کـردن هاوەڵنـاوی ژمـارەی کەرتـی، وەکـو دیارخەرێـك دەکەوێتـە پێـش نـاوە دیارخراوەکـەوە پێویسـتی بـە (ی) ئامـرازی دانەپـاڵ دەبێـت،** وەک لـە ڕسـتەی ژمـارە (٧) پیشـاندراوە.

هەروەهـا نـاوە دیارخـراوەکان و هاوەڵناوەکان لە گرێیەکی ناویدا دەتوانـن ئەرکی ناو ببینن لە ڕستەدا.

## دەسـتور

هاوەڵنـاوی چۆنیەتـی (سـادە ، ناسـادە) دەتوانن ببن بـە دیارخەری ناوێـک و لە چەند شـێوەیەکی جیاوازدا دەردەکەوێت:

١- ئەگـەر نـاوە دیارخراوەکە*، ناوێکی تاکی نەناسـراو، یان ناوێکی گشـتی نەناسـراو بێـت، هاوەڵناوێکـی بـەدوادا هاتبێـت، ئـەوا دیارخـراو پێـش هاوەڵنـاوی دیارخەر دەکەوێـت و (ی) ئامـرازی دانەپـاڵ دەکەوێتـە نێوانیانەوە.

٢- ئەگـەر نـاوە دیارخراوەکـە تـاک یان کۆی ناسـراو بێـت، دیارخراو پێش دیارخەر دەکەوێـت و هەردووکیـان دەخرێنـە شـێوەی ناوێکی لێکـدراوەوە، ئینجا نیشـانەی ناسـراوی کـۆ دەخرێتـە دوای هاوەڵناوەکـەوە، لێـرەدا پێویسـتە ئـاگاداری نـاوە دیارخراوەکـە بیـن بـە تایبەتـی ئەگـەر بـە پیتی (بزوێـن) دوایـی هاتبێـت، چونکە پێویسـتی بـە چەنـد دەسـتورێکی تایبەتـی هەیە بـۆ لێکدانـی ناوەکـە و هاوەڵناوەکە.

٣- ئەگـەر هاوەڵنـاوە دیارخـەرەکان لـە جـۆری ئـەوە هاوەڵناوانـە بـن، کـە دەکەونە پێـش نـاوە دیارخراوەکـەوە، وەکـو هاوەڵناوی (ژمارە ـ نیشـانە ـ نادیـار ـ پرس ـ هاوەڵنـاوی چۆنیەتـی بۆ پلەی بـاڵا) ئەوا پێویسـتیان بە (ی) ئامـرازی دانەپاڵ نییە، بێجگـە لـە هاوەڵنـاوی ژمـارەی کەرتی کە پێویسـتی بـەم (ی)یە هەیە، خـۆ ئەگەر دوای ناوەکـە بکەون وەک هاوەڵناوی (ڕێکخسـتن ، پـرس ، نادیار ، هاوەڵناوی پلەی بـەراورد) ئەوا پێویسـتیان بـە (ی) ئامرازی دانەپـاڵ دەبێت.

(*) دەشێت دیارخراو جێناوی کەسیی سەربەخۆ بێت.

## ڕاهێنان - ١

**هاوەڵناوی (خۆش، نابینا، خەباتکەر) لە سێ ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك، یەکەمیان ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو، دووەمیان دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو بێت، سێیەمیان دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراوبێت.**

## ڕاهێنان - ٢

**دیارخەرەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە. دەربهێنە و جۆرەکانیان دەستنیشان بکە:**

١- بە کام قوتابیدا نامەکەت بۆ ناردم؟

٢- زۆر کورد بە ناهەق شەهیدکران.

٣- ئێوەی زیرەک هەمیشە سەرکەوتوون.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (شاخە بەرزەکان جوانن) لەم ڕستەیە ناوی (شاخ):

ئـ- تاکی ناسراوە　　ب- کۆی نەناسراوە

پـ- کۆی ناسراوە　　ت- تاکی نەناسراوە

٢- (نامەیەکی ڕازاوەتریان نارد) ناوی (نامەیەک) دیارخراوە بە هاوەڵناوی چۆنیەتی پلەی:

ئـ- باڵا　　ب- بەراورد　　پـ- چەسپاو　　ت- هەموویان

٣- (دوو کتێبمان کڕی) ئەرکی هاوەڵناوی ژمارە (دوو) :

ئـ- بکەرە　　ب- بەرکارە　　پـ- دیارخەری ناوە　　ت- جێگری بکەرە

٤- (ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت) لەنێوان (ئەستێرە) و (گەشەکە)چی دەرنەکەوتووە؟

ئـ- ئامرازی دانەپاڵ　　ب- کاری ناتەواو

پـ- ئامرازی پەیوەندی　　ت- بکەر

٥- (بیی سەوز مەبڕنەوە) ئەگەر ناوی (بی) بکەینە کۆی ناسراو دەبێتە:

ئ- بی سەوزەکان مەبڕنەوە.
ب- بییە سەوزەکان مەبڕنەوە.
پ- بییە سەوزەکە مەبڕنەوە.
ت- بیە سەوز مەبڕنەوە.

## ڕاهێنان - ٤

**لەم ڕستەیە (پێشمەرگە بوێرەکە خەڵاتکرا):**

١- لەنێوان وشەکانی (پێشمەرگە) و (بوێرەکە) چ ئامرازێک دەرنەکەوتووە؟ بۆچی؟

٢- ناوێکی تر بهێنەوە بەهەمان بزوێنی (ە) کۆتایی هاتبێت بەڵام ئامرازەکە بەکارهاتبێت، هۆیەکەشی بنووسە.

٣- وشەی (بوێر) چییە؟ چۆن دروست کراوە؟

٤- ناوی(پێشمەرگە) ناوێکی تاکی ناسراوە، کوا نیشانەی ناسراوییەکەی؟ بۆچی کەوتووەتە ئەوی؟

## سێیەم- ئەرکی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا وەک دیارخەری ناو

١- خەڵاتەکەی من بەنرخە. (من ـ تۆ ـ ئەو ـ ئێمە ـ ئێوە ـ ئەوان)*

٢- خانووەکەی خۆتم پێ بفرۆشە. (خۆم ـ خۆت ـ خۆی ـ خۆمان ـ خۆتان ـ خۆیان)

٣- چیرۆکی کێ خوێنرایەوە؟ (کێ ـ چی ..)

٤- کتێبەکە بۆ کوڕی فلان بوو. ( هین ـ فلان ـ کابرا ـ فیسار ـ کەس..)

٥- تاقیکردنەوەکەم لە تاقیگەی ئەمانەدا ئەنجامدا. (ئەوە ـ ئەوانە ـ ئەمە ـ ئەمانە).

٦- ئەمانە دەفتەری ئێمەن.

٧- گەنجانی شارەکەی من بە ئاوات دەگەن.

### هەروەک دەزانین جێناوەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- جێناوی سەربەخۆ.

٢- جێناوی کەسیی لکاو.

### ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو بریتین لە**:

١- جێناوی کەسی سەربەخۆ.

٢- جێناوی خۆیی.

٣- جێناوی پرس.

٤- جێناوی نادیار.

٥- جێناوی نیشانە.

ئەگەر جێناوە سەربەخۆکان ببن بە دیارخەری ناوێک ئەوا ناوی دیارخراو هەمیشە پێشدەکەوێت، هەر لەبەرئەمە پێویستە (ی) ئامرازی دانەپاڵ بخرێتە نێوانیانەوە، دەتوانین

(*) لە زاری کرمانجی سەروودا کۆمەڵە جێناوی ( من، تە ـ وی، وێ ـ مە، وە، وان) بەکاردێت وەک: وەلاتێ مە خۆشە.

(**) جێناوی هەیی نابێت بە دیارخەری ناو.

نــاوە دیارخراوەکــەش بەپێــی شــوێن و مەبەســت بەمەرجێک لەگــەڵ ڕاســتیدا بگونجێت لە شــێوەی تــاک و کــۆ و ناســراو یــان نەناســراویدا بەکاربهێنــن وەک لە ڕســتەکانی بەشــی ســەرەوەدا ئاشــکرا کراون.

لــەو ڕســتانەدا هەریەکــە لــە جێناوی (مــن – خۆت – کــێ – فلان – ئەمانــە – ئێمە – مــن) لــە شــوێنی خۆیدا دیارخــەری ناوەکەی پێــش خۆیەتــی (دیارخــراو و دیارخەر) لە چوارچێــوەی گرێیەکــی ناویــدا، ئەرکــی تایبەتــی هەیە.

لــە ڕســتەی یەکەمدا (خەڵاتەکەی مــن) نیهادە، لە دووەمدا (خانــووی خۆت) بەرکارە، لــە ســێیەمیاندا (چیرۆکــی کێ) جێگــری بکەرە، لــە چوارەمیانــدا (کوڕی فــلان) تەواوکەری بەیاریــدەی کاری ناتــەواوە، لــە پێنجەمیاندا (تاقیگەکــەی ئەمانە) تەواوکــەری بەیاریدەیە، لە شەشــەمیاندا (دەفتەرەکانــی ئێمە) تەواوکەری ڕاســتەوخۆی کاری ناتــەواوە، لە حەوتەمیاندا (گەنجانی شــارەکەی مــن) بکەرە.

## دەستور

ئەگەر جێناوی سەربەخۆ ببێتە دیارخەری ناوێک ئەوا هەمیشە:

١- ناوە دیارخراوەکە پێش جێناوی سەربەخۆی دیارخەر دەکەوێت.

٢- (ی) ئامرازی دانەپاڵ دەکەوێتە نێوانیانەوە

## ڕاهێنان - ١

**لە ڕستەی (شاخەکانی کوردستان سەرکەشن).**

١- (ی) دوای (شاخەکان) چییە؟ بۆ خراوەتە ئەوێ؟

٢- لەجیاتی وشەی (کوردستان) جێناوێک بەکاربهێنە و سەرلەنوێ ڕستەکەش بنووسەوە.

٣- کاری ڕستەکە دەستنیشان بکە.

٤- تەواوکەری کارەکە شیبکەوە.

## ڕاهێنان - ٢

**ئەرکی ئەم گرێیانەی خوارەوە کە هێڵیان بەژێردا هاتووە دەستنیشان بکە.**

١- ولاتی ئێمە ئاوەدانە

٢- لە باخی خۆت نەمام برووێنە.

٣- جوان شیعرەکانی ئەمانەی خوێندەوە.

٤- کچە زیرەکەکە خەلاتکراوە.

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (شیعرەکانی ئەوانەم کۆکردەوە). لەم ڕستەیە دیارخەر بریتییە لە:

ئـ- جێناوی کەسی سەربەخۆ　　ب- جێناوی نیشانە

پـ- جێناوی نادیار　　ت- هاوەڵناوی نیشانە

٢- (وڵات دەپارێزین). ناوی (وڵات) بە (جێناوی نیشانە بۆ تاکی دوور) دیاربخە:

ئـ- وڵاتی ئەوە دەپارێزین.　　ب- وڵاتی ئەمە دەپارێزین.

پـ- ئەو وڵاتە دەپارێزین.　　ت- وڵاتی ئەوانە دەپارێزین.

٣- جێناوی نیشانە کە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە:

ئـ- ئامرازی دانەپاڵی(ە) دەبێت　　ب- ئامرازی دانەپاڵی(ی) دەبێت

پـ- ئامرازی دانەپاڵی نییە　　ت- ئامرازی دانەپاڵی(ە ـ ی) دەبێت

٤- جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو جگە لە جێناوی:

ئـ- پرس　　ب- نادیار　　پـ- هەیی　　ت- کەسی سەربەخۆ

٥- (نمرەی هێن بەرزە). لەم ڕستەیە دیارخەر بریتییە لە:

ئـ- جێناوی نادیار　　ب- جێناوی پرس　　پـ- ناو　　ت- هاوەڵناوی نادیار

## ٤- ئەرکی جێناوی لکاو لە ڕستەدا وەك دیارخەری ناو

ئ-

١- هاوڕێکەم چوو بۆ سەیرانگای دوکان. (م ـ مان ، ت ـ تان، ی ـ یان).
٢- مامۆستاکەمان دێت بۆ سەیرکردنی پێشانگەکە.
٣- کتێبخانەی شارەکەمان نۆژەن دەکەنەوە.
٤- بەیانی گۆرانییە نوێیەکەم تۆماردەکەم.
٥- زیندانییەکانمان ئازادکران.
٦- پەیامەکەمان بگەیەنن بە هاووڵاتییان.

ب-

١- نامەکەتم گەیاند.
٢- نامەکەم گەیاندیت.
٣- پێنووسە سەوزەکەتم برد.
٤- پێنووسە سەوزەکەم بردیت.

جێناوی کەسیی لکاو دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو، بەڵام پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە بهێنینەوە یادمان، کە ئەم بەدیارخستنە پێویستی بە (ی) ئامرازی دانەپاڵ نابێت، وەک لەم شێوانەی خوارەوە بەدی دەکرێت:

**ئ-** ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی (تێپەڕ یان تێنەپەڕ)، ڕابردووی تێنەپەڕ، یان بکەرنادیار یان داخوازی بێت، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی دیارخەری ناو یەکسەر دوای ناوە دیارخراوەکە دەکەوێت، خۆ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە ناوێک یان چەند ناوێک یان بە هاوەڵناوێک دیارخرا، ئینجا بە جێناوی لکاو دیاربخرێت، ئەوا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە لە دوای هەموو دیارخراوەکان دێت، وەک لە ڕستەکانی بەشی (ئـ) پیشاندراوە.

لـە ڕسـتـەی یەکەمـدا، کاری ڕسـتـەکە تێنەپـەڕە و لەدەمـی ڕابردوودایـە و جێناوی کەسـیی لـکاوی (م) بـووە بـە دیارخـەری وشـەی (هـاوڕێ).
لـە ڕسـتـەی دووەمـدا، جێناوی کەسـیی لـکاوی (مـان) بووە بـە دیارخـەری ناوی (مامۆسـتاکە) و کاری ڕسـتـەکە ڕانەبـردووی تێنەپـەڕە.
لە ڕستەی سێیەمدا، ناوی (کتێبخانە) بەناوی (شارەکە) دیارخراوە، ئینجا جێناوی کەسیی لـکاوی (مـان) بـووە بە دیارخـەری و کاری ڕستەکە ڕانەبـردووی تێپـەڕە، گرێی (کتێبخانـەی شـارەکە) بـەرکارە.
لە ڕستەی چوارەمدا، هاوەڵناوی (نوێ) دیارخـەری ناوی (گۆرانی)یە، ئینجا جێناوی لـکاوی (م) بـووە بـە دیارخـەری، کارەکـەش ڕانەبـردووی تێپـەڕە.
کەوابوو، ئەگەر کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت)، (ڕابردووی تێنەپەڕ)، بکەرنادیار یان (داخوازی) بێت ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسیی لکاوی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاک و کۆ بەپێی مەبەست لە دەوری دیارخەری ناودا بەکاردەهێنین، بەڵام ئەگەر ناوەکە بە ناوێک یان چەند ناوێک دیارخرا، ئەوا جێناوی لکاوی دیارخەر لەدوای هەموو دیارخراوەکانەوە دێت.
خۆ ئەگەر هاوەڵناوێک بوو بە دیارخەری ناوەکە و پاشان جێناوی کەسیی لکاو بوو بە دیارخەری، ئەوا ناوەکە و هاوەڵناوەکە دەخرێتە شێوەی ناوێکی لێکدراوە و پاشان جێناوە کەسییە لکاوەکە دەبێت بە دیارخەری.

**ب -** ئەگەر کاری ڕستەکە، کارێکی ڕابردووی تێپەڕ بێت و بمانەوێت ئەو ناوەی کە ئەرکی بەرکار دەبینێت، جێناوێکی کەسیی لکاو ببێت بە دیارخەری ئەوا دەشێت بە دوو شێوە بێت:

١ – جێناوە لکاوە دیارخەرەکە یەکسەر لەدوای ناوە دیارخراوەکەوە بێت، وەک (نامەکەتم گەیاند)، لێرەدا جێناوی کەسیی لکاوی (ت) دیارخەری ناوی (نامەکە)یەو، جێناوی کەسیی لکاوی (م) بکەری ڕستەکەیە، جا بەپێی مەبەست دەتوانین لە شوێنی جێناوی (ت) جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) بەکاربهێنین، خۆ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە هاوەڵناوێک بووبێت بە دیارخەری پاشان بە جێناوێکی کەسیی لکاو دیارخرا، ئەوا جێناوە کەسییەکە دەچێتە دوای هاوەڵناوەکەوە، وەک لە ڕستەکانی بەشی (ب) پیشاندراوە.

٢- یـان جێنـاوە کەسـییە لـکاوە دیارخەرەکـە دەچێتـە دوای کارەکەوە، وەک لە ڕسـتەی (نامەکەم گەیاندیت) پیشـاندراوە، لێرەدا دیسـان (م) بکەری ڕسـتەکەیە و جێناوی لکاوی (یـت) دیارخـەری (نامەکە)یـە و لەدوای کاری ڕسـتەکەوە هاتووە، دەتوانین لە شـوێنی ئـەم جێنـاوە کۆمەڵـەی (م ، ین ، یـت ، ن ، (ø) ،ن) بەڕیز بۆ کەسـی یەکەم و دووەم و سـێیەمی تاک و کـۆ بەکارهێنین.

## سەرنج:

١- ئەگـەر جێناوێکـی لـکاو بوو بە دیارخـەری ناوێک، ئەوا هیچ وشـەیەکی تر نابێت بە دیارخـەری ناوەکە، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی داڕشـتنی ڕسـتەکەو شـێواندنی واتاکـەی بۆ نمونـە ناتوانین بڵێین:

پەنجەرەکەمان خانووەکە گەورەیە.

٢- نـاوە دیارخراوەکـە و جێنـاوە کەسـییە دیارخەرەکـە وەک گرێیەکی نـاوی دەتوانن ئەرکەکانـی نـاو ببینین لە ڕسـتەدا، بـۆ نمونە:

وڵاتتان خۆشە.

گرێی ناوییە، نیهادە

## دەسـتور

١- کۆمەڵە جێناوە لکاوەکانی (م ـ مان ، ت ـ تان ، ی ـ یان) دەبنە دیارخەری ناو و دەچنە دوای ناوە دیارخراوەکە، جا ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە ناوێک یان بە هاوەڵناوێک دیارخرابێت ئەوا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە دەکەوێتە دوای دیارخەرەکانی ناوەکەوە.

٢- ئـەو جێنـاوە لکاوانەی، کە دەبن بـە دیارخەری ناو و لەدوای کاری ڕسـتەکەوە دێن بریتیـن لـە (م ـــ یـن ، یت ـ ن ، (ø)- ن) لێرەدا، بۆ کەسـی سـێیەمی تـاک، جێناوی لـکاو لـە دەوری دیارخـەری نـاودا دەرناکەوێـت، ئەگـەر کاری ڕسـتەکە لە دەمی ڕابردووی تێپـەڕدا بێت.

## ڕاهێنان - ١

**لە ڕستەی ( مۆبایل پەیوەندییەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووەتەوە).**

١- وشەی (پەیوەندییەکان) چ جۆرە جێناوێک دیارخەریەتی؟
٢- چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆی تریش دەبنە دیارخەری؟
٣- (ئێمە) بگۆڕە بۆ جێناوی لکاو، چ گۆڕانێک ڕوودەدات بینوسەوە.
٤- گرێی (پەیوەندییەکانی ئێمە) ئەرکی چییە لە ڕستەکەدا؟

## ڕاهێنان - ٢

**ئایا دەتوانین ببێژین؟**

١- (مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە) یان نا؟ بۆچی؟
٢- گرێی (دەمەکانی منداڵەکە) دروستە یان دروست نییە؟ بۆچی؟

## ڕاهێنان - ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە.**

١- (میوانەکانمان گەیاندبوو) ئەگەر جێناوی (ت) وەک دیارخەر بەکاربهێنین دەکەوێتە:
ئـ- دوای (میوانەکان) ب- دوای (مان)
پـ- دوای (گەیاند) ت- دوای (بوو)

٢- (گوندەکەتان ئاوەدانکرایەوە) ئەرکی (تان):
ئـ- بکەرە ب- بەرکارە
پـ- تەواوکەری بەیاریدەیە ت- دیارخەری ناوە

٣- (نامەکەی گەیاندیت) ئەرکی (یت):

ئ- بکەرە	ب- بەرکارە

پ- تەواوکەری بەیاریدەیە	ت- دیارخەری ناوە

٤- (قەڵەمە سەوزەکەتانم نەبرد)، (تان)ی دوای (سەوزەکە) بگۆڕین بۆ (ن) ئەوا دەچێتە:

ئ- دوای قەڵەم	ب- دوای (م)

پ- کۆتایی کارەکە	ت- دوای (نە)

٥- (دەبوو خانووە کۆنەکەمانیان نۆژەنکردبایەوە) دەتوانین (مان) بگۆڕین بۆ (ین) چونکە کارەکە:

ئ- ڕابردووی تێپەڕ	ب- ڕانەبردووی تێپەڕ

پ- داخوازی تێپەڕ	ت- داخوازی تێنەپەڕ

## ڕاهێنان - ٤

**لە ڕستەی (دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردبا).**

١- بکەری ڕستەکە دەربهێنە.

٢- (ت) چییە؟ ئەرکی چییە؟ بۆ کەوتووەتە ئەوێ؟ لەبری ئەو (یت) بەکاربهێنە ئینجا بزانە دەچێتە کوێ؟ بۆچی؟.

٣- (ە)ی دوای (ڕۆمان) چییە؟

٤- ڕستەکە بگۆڕە بۆ شێوازی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن



# بەشی ئەرەب

# ”ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ساڵانی ( ١٩٣٩ – ١٩٩١ )ز“

ڕێڕەوی شیعری کوردی لەم ماوەیەدا بەپێی ڕووداوە سیاسی و ڕوناکبیرییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، بۆ سێ قۆناغی شیعری جیاواز دابەشدەکرێت، هەوڵدەدەین لێرەدا بە شێوەیەکی کورت و واتادار باس لەو قۆناغانە بکەین.

## قۆناغی یەکەم ساڵانی (١٩٣٩- ١٩٥٨)ز

شیعری کوردی لە قۆناغی پێشودا لەڕووی روخسار و ناوەرۆکەوە هەنگاوی گەورەی نابوو کاریگەری هەبوو بەسەر شیعری ئەم قۆناغە .
شیعری زیندوو گوزارشت لەکاتی لەدایکبوونی دەکات و هەڵگری سیما و تایبەتمەندی قۆناغی نووسینی دەقەکە بێت، بۆیە ساتەوەختی پەژارە و ژەنگی سیاسی کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و خەباتی سیاسی و خۆپیشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە عیراق بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بە ڕادەیەکی زۆر جێگە و شوێنەواریان بەسەر گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی لەم قۆناغە بەجێهێشت.

لەپاڵ پەیدابوونی هەندێک دەنگی تازە هەمان ئەو شاعیرانە دەبیستین کە لە قۆناغەکانی پێشوودا دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی بوون، بەڵام هەندێک گۆڕانکاریيان بەسەر دەقە شیعرییەکانیاندا هێناوە.

## یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ڕەنگــە لــەم قۆناغــەدا گۆڕانــی گرنــگ لــە بــواری شــیعری کوردی لــە ڕووی ناوەڕۆکــەوە ڕوویدابێــت، ســەرەڕای ئــەو خاڵــە هاوبەشــانەی کــە لەگــەڵ ناوەڕۆکی شــیعری کــوردی قۆناغــی پێشــوودا دەبینیــن، گەلێــک لایەنــی جیاوازیــش بەرچــاو دەکــەون، کە خاســیەتی ناوەڕۆکی شــیعر لــە قۆناغەکــەدا دەخەنە بەرچــاو لە ڕووی نەتەوایەتــی و نیشــتیمانپەروەرییەوە، بەهــۆی ســەرهەڵدانی ئــەو ڕوداوە سیاســییە گرنگانــەی بەســەر کوردســتان و ناوچەکەدا هاتن، هەســتی کوردایەتی ئاراســتەیەکی تــری لە شــیعری کــوردی وەرگــرت، چونکــە خەباتی سیاســی ئەو ســەردەمە خرایە نــاو دەقــە شــیعرییەکان، بەمــەش ناوەڕۆکــی شــیعری کــوردی زیاتــر ڕووی لــە شــیعری سیاســی و نەتەوایەتــی و چینایەتــی کــرد، شــیعر بــوو بــە هۆکارێــک بــۆ هوشــیارکردنەوەی میللــەت لەپێنــاوی بەدەســتهێنانی مافەکانیــدا.

(هــەردی، دڵــدار، کامــەران موکــری، دیــلان، جگەرخوێــن، هێمــن، هــەژار) لەنــاو کــۆڕی خەباتی سیاســی ئەو ســاڵانە هاتنە نــاو جیهانی شــیعری کوردییــەوە. لێرەدا نمونەیــەک لە شــیعری (هێمــن) دەهێنینەوە، کە بە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ دەرخەری ئــەو ڕاســتییەیە کــە هەســت و نەســتی کوردایەتــی بــە تەواوەتــی شــیعری کوردی قۆناغەکــەی داگیرکــردووە کــە دەڵێت:

### کوردم ئەمن

گەرچــی تووشــی ڕەنجەڕۆیــی و حەســرەت و دەردم ئەمــن
قــەت لەدەســت ئــەم چەرخــە ســپڵە نابــەزم، مــەردم ئــەمــن
ئاشقی چــاوی کـــەژاڵ و گەردنــی پڕخـاڵ نیــــم
ئاشقــی کێــو و تــــەلان و بەنــدەن و بــــەردم ئەمـــن

(بۆ لەبەرکردنە)

هەر لە چوارچێوەی بابەتی نیشــتمانپەروەریدا (جگەرخوێــن) دێتە گۆڕەپانەکەوە هەستی کوردانەی خۆی بۆ سەربەخۆیی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت:

## ئـالا مـن

ئـــالا ســـێ ڕەنـگی تـــو
بـــنـــاڤ و دەنـــــگێ تـــو
نـیشـــانا جـەنـــگێ تـــو
ئەی خورتێن کوردان ســـلاڤێ لێ بکـــەن

(بۆ لەبەرکردنە)

هـــەروەک چـــۆن خەبات لەپێناوی ســـەربەخۆیی کوردســـتان لە شـــیعری کوردیدا شـــوێنی دیاری هەبوو، بەهەمان شـــێوە شـــاعیرانی کورد شـــیعریان بۆ خەباتی گەلانی تر لەپێنـــاو ســـەربەخۆییدا نووســـیوە، هەوڵیانـــداوە لە ڕێی ئـــەو شـــیعرانەوە پەیامی خەباتی هاوبەشـــی گەلانـــی چەوســـاوە و ژێردەســـتە بۆ ســـەربەرزی و ڕزگاربـــوون لەکۆتی ژێر دەســـتەیی پیشـــانبدەن، واتا شـــیعری کـــوردی پەیامێکـــی مرۆڤایەتی هەڵگرتبـــوو، هەرگیز بـــە تەنیـــا لە بیـــری نەتەوەکـــەی خۆیدا نەبـــوو، تا بـــە ئاراســـتەیەکی ڕەگەزپەرســـتانەیدا بەرێـــت، بەڵکو شـــیعری کوردی کانیاوی بیـــری ئازادیخوازی گەلانی تـــری جیهانیش بوو.

لایەنێکـــی تـــر لـــە ناوەڕۆکـــی شـــیعری کـــوردی قۆناغەکـــە بریتییـــە لـــە باســـکردنی سروشـــت. کە لە شـــیعری ئـــەم قۆناغەدا لەو وەســـفە ڕووتەی کە لە شـــیعری کلاســـیکدا هەبـــوو دەربازبوو، بۆ ئەوە بوو کە هەســـتی ڕۆڵەی کورد بۆ خۆشەویســـتی کوردســـتان بجولێنـــن تـــا وڵاتەکەیـــان زیاتـــر خۆشـــبوێت. (دیلان)کـــە دیمەنی سروشـــتی کوردســـتان کاری تێـــدەکات و دەڵێت:

## بـــەهـــار

وا بـــەهـــــار دیـــــسان تـــــارای ئەپۆشـــێ
گوڵاڵـــە پیاڵـــەی خـــوێنــــین ئەنـــۆشێ
نێرگـــس ئەنـــدام شـــــۆڕ ڕەنـــــگێ زێڕینـــێ
وەنەوشـــە و کرنـــــوش پەڕەی چیـــن چینێ

(بۆ لەبەرکردنە)

هـەر لـەم قۆناغـەدا بابەتـی جوانیـی ژن و کێشـەکانی خراونەتـەڕوو. شـتێکی بەرچاوە کە لە شـیعری کوردی، ژن جیاوازتر باسـیکراوە. چونکە باسـکردنی (ژن) تەنها لـە چوارچێـوەی جووانـی ڕوخسـاریدا نەمـاوە بەڵکـو لا لەکێشـەکانی کراوەتـەوە. شـاعیران وا باسـی ژنیـان کردووە، کـە وەک پیاو ئەرک و مافی هەیـە و دەبێت لە کۆڕی سیاسـی و تێکۆشـاندا بەشـداربێت، دەبێـت ژنی کورد لـە کۆتی دیلـی و دواکەوتوویی و هەمـوو ئـەو داب و نەریتانـە ڕزگاربێـت کە دەرفەتی بەشـداربوون لـە بوارەکانی ژیاندا بـۆ ژنان لاوازدەکـەن و ڕۆڵیان ناهێڵن.

(بێکەس) ئەم دیمەنە دواکەوتووەی ناو کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات ودەڵێت :

## نەسرین

مەڵـێ مـن کچـم، تـۆش وەکـو منی
موحـتاجی عیلـم و فـەن و خوێندنـی
مەجبـوری ئیـش و خزمەتـکردنی
هەسـتە تێکۆشـە تـا خوێنـت گەرمـە
سـەرپۆش فڕێـدە چ وادەی شـەرمە

**( بۆ لەبەرکردنە )**

لەم شـیعرەی بێکەس ئەم چەشـنە ئاوێتەکردنەی ژن لەگەڵ کێشـە سیاسـییەکاندا بـوو بـە هـۆی ئـەوەی ڕەنگدانـەوەی ژن لـە شـیعری کـوردی قۆناغەکـەدا تەنها وەک خۆشەویسـت سـەیر نەکرێـت، کـە دیارترین شـاعیری ئـەم قۆناغـە لە بواری شـیعری خۆشەویسـتی بـۆ (ژن) (ئەحمـەد هەردی)یـە کـە دەڵێـت:

## چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمە

گەرچـی دڵـداری لـە خـاکی ئێمـەدا ئەفسانەیـە
هــەربە تــەنیا بــۆ کــوڕی خاوەن تـەلارو عانـەیە
گیانەکــەم! ئەمــما دڵـی من لــەو دڵـە شێتانەیـــە
بێ ئەوەی هیچ شــك بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیـــە
هەربەتەنیا خۆشەویســتی شـــك ئەبەم، ســت فاتمــە
ســەروەتم نــاوی، بــزەی تۆ ئــەو پـەڕی ئـاواتمە

( تەنها دوو دێڕ بۆ لەبەرکردنە )

دیـارە لـەم ماوەیـەدا لەپاڵ کێشـەی سیاسـی، کێشـەی کۆمەڵایەتـی و چینایەتی لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا هەبوون. شـاعیرانی کورد زیرەکانە لەگەڵ کێشـەی سیاسـیەکە ئاوێتـەی کـردوون، سـەرجەم دەقە شـیعرییەکانی ئـەم قۆناغـە پاڵپشـتی چینـی چەوسـاوەبوون و دژی زۆرداران وەسـتاونەتەوە و بەردەوام هاوڕێـی جوتیار و کرێکار و خەڵکـی زەحمەتکێـش بـوون. لـەم بارەیـەوە (قانیـع) دەڵێـت:

## قەڵاچۆی دوژمن

بــا هەمــوو جوتیـار و پاڵـە و ڕەنجبـەران
یــەکگرن تــا دەبنــە هێـز و پشتــیوان
هەڵگــرن یەکســەر دروشــمی هاوبەشــی
بــێ جیـاوازی لـەســەر ڕەمـز و نیـــشان

(بۆ لەبەرکردنە)

بـەم شـێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە شـاعیرانی کـورد لـەم قۆناغـەدا ڕوویان لە کێشـەی سیاسـی و نەتەوایەتـی و چینایەتـی کـردووە. لـە هەمـان کاتیشـدا بایەخیـان بـە ئاشـتی و هاوخەباتـی و مرۆڤدۆسـتی داوە.

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە

لەم قۆناغەدا شاعیران زیاتر بایەخ بە ناوەرۆک دەدەن، بەڵام لە ئاستی تاکە کەسیی شاعیرانیش چەند هەوڵێک دەبینرێت، کە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی ڕوخسار و تەکنیکی شیعر دراون، وەک لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (قەدری جان، گۆران، دیلان و کامەران)دا بەرچاودەکەون: ساڵی (١٩٥٤)دیلان لە پارچە شیعری (ڕێگەی خەبات) بنیاتی دەقی شیعری کوردی دەگۆڕێت و بەرەو قاڵبی ئازادی دەبات.

هەر لەم بوارەدا لە ساڵی (١٩٥٧)ز کامەران موکری لە شیعری (ئەی کچە شوان) ڕوو لە شیعری ئازاد دەکات دەڵێت:

### ئەی کچە شوان

ئەی کچە شوان
هەڵاڵەیی
ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان
بە شێنەیی
نەرم و نیان
بە ئاوازی شمشاڵەکەت
بە لەرەی لێوە ئاڵەکەت
هەستی خۆشیم بێنە فڕین
بۆ ناو گوڵزار
چەم و نزار

(بۆ خوێندنەوە)

ئەو هەوڵە تاکە کەسییانە بەردەوام بوون، بەڵام نەیانتوانی بە تەواوی ڕێچکەی شیعری ئازاد بکەنەوە. لایەنێکی تری ڕوخساری شیعر کە گرنگیپێدراوە، زمانی شیعرە بەرەو کوردیی پەتی هەنگاوی ناوە، هەروەها فەرهەنگی شیعری ئەم قۆناغە زیاتر دەوڵەمەندکراوە، بوارە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی و شیعری جوانی سروشت و کێشەکانی ژن و دەیان وشەی تریان هێنایە ناو شیعری کوردی.

هەر لەم قۆناغەدا بە سوودوەرگرتن لە فۆلكلۆری كوردی گەلێك لە شاعیران، زمانی شیعری ئەو قۆناغەیان دەوڵەمەندتركردووە (قەدری جان) یەكێك بوو لەو شاعیرانەی كە ئەم هەوڵەیداوە.

## كاروانێ مە

ئەم هیچ نەوەستیاین، ناوەستین
ل سەرڨێ ڕێیا دوور
سەرڨێ ڕێیا دژوار
ئەم دچن و ئەمێ بچن
بەرب ئارمانجا خۆ
ل بن باران
ل سەر بەرفان
باو باگەڕل شكەفتان
دبن دلۆپان
ب لنگێ خاس
كاروانێ مە دچە
بەرب ئارمانجا خۆە

(بۆ خوێندنەوە)

لەم قۆناغەدا ئەو دەوڵەمەندییەی زمانی شیعر لە لایەك و فراوانبوونی ئاسۆی بەردەم ئەندێشە بوو بەهۆی ئەوەی كە وێنەی شیعریش گۆڕانی بەسەردابێت و مەبەستی دەربڕین لە بیر و هەست و سۆزی شاعیراندا بنیاتبنرێت و بابەت و ناوەرۆكە شیعرییەكانیان پێبەرجەستەبكرێت.

هەر لەم قۆناغەدا لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی نەتەوایەتی (سرود)یش بەرەو پێش چوو، بە تایبەتی ئەو سرودانەی كە بۆ جەژنی (نەورۆز) دەگوتران لە شیعرە بەناوبانگەكەی (پیرەمێرد)دا دەردەكەوێت كە دەڵێت:

## نەورۆز

ئــــەم ڕۆژی ســــاڵی تازەیــــە نــەورۆزە هاتـــــــەوە
جــەژنێکی کـــۆنی کـــوردە بە خـــۆشی و بەهاتــــەوە
چەنـد ساڵ گوڵی هیـوای ئێمـە پێ پەسـت بـوو تاکـو پار
هــەرخـوێنـی لاوەکــان بــوو، گوڵـی ئاڵـی نـەو بەهـار

(بۆ لەبەرکردنە)

بــە شــێوەیەکی گشــتی ئەوەمــان بــۆ ڕووندەبێتــەوە کــە شــیعری کــوردی لــەم قۆناغــەدا لــە ڕووی تەکنیک و ناوەرۆکــەوە هەڵقوڵاوی ناوجەرگــەی کۆمەڵی کوردەواری بووبێــت، واتــە گوزارشــتێکی ڕاســتەقینەی ژیانــی ئاســایی خەڵــک بــوو.

شــاعیرانی کــورد ویســتویانە و مەبەســتیان بــووە، کــە کۆمەڵانــی خەڵــک وشــیاربکەنەوە بــۆ ئــەوەی لــە داوا و مافــە ڕەواکانــی خۆیــان بێدەنــگ نەبــن، بۆیــە بە زمانــی ئەوان شــیعریان نووســیوە، ئیــدی بۆمان هەیە، بڵێین شــاعیرانی کــورد زمانحاڵی بەوەفــای میللەت بــوون و خۆیان لە ســەنگەری میللەت جیانەکردۆتەوە، ڕووداوە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەم قۆناغــەی گەلــی کوردیــان بەرجەســتەکردووە.

## قۆناغی دووەم — ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٧٠)ز

لەم قۆناغەدا لە عێراق دوو ڕوداوی سیاسی گرنگ ڕویاندا.

١- شۆڕشی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨)ز ئەم ڕوداوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر باری ڕوناکبیری و ئەدەبی گەلانی عیراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی هەبوو.

٢- سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٦١)ز، ئەم ڕوداوە سیاسییە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی دیار کاریگەری بەسەر باری ڕوناکبیری و ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عیراقدا هەبوو.

### یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

شیعری کوردی هەر لە سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموز ساڵی (١٩٥٨)ەوە، ڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستەپاڵ ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە، بە هیوای ئەوەی کە لەسایەی شۆڕشدا کورد بە مافە سیاسییەکان شادبێت، هەر ئەم تێڕوانینەش بۆ شۆڕش لەو قۆناغەدا وایکرد کە شاعیرانی کورد دەیان شیعر بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش بڵێن هەروەها، بەرگریان لەو دەسکەوتانە دەکرد کە شۆڕش بە دەستی هێنابوو.

ئەو هیوایەی کە کورد بە شۆڕشی تەمموزی هەبوو، هەر زوو پوکایەوە، چونکە بەرەبەرە پشت لە ماف و خواستەکانی گەلی کورد کرا. لێرەدا دەتوانین بڵێین شاعیرانی کورد هەر لە سەرەتاوە درکیان بەو پاشگەزبوونەوەیەی سەرکردایەتیی شۆڕش بەرامبەر بە گەلی کورد کردبوو، بۆیە دەبینین کۆمەڵێک دەقی شیعری کوردی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو نائومێدییەی کورد بەرامبەر بە شۆڕش دەردەخەن...

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگە و زیاتر جەختیان لەسەر مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکردەوە. هەر بۆیەش سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەم قۆناغە مەبەستی سیاسی و نەتەوایەتی بوو. نمونەی ئەم بەشدارییە ڕاستەوخۆیەی شیعری کوردی لە شۆڕشدا شان بە شانی پێشمەرگە لەم شیعرەی (هەژاری موکریانی) دەردەکەوێت کە دەڵێت:

### سرودێك بۆ پێشمەرگە

نیشـتمانی کـــورد، گەلێـك پیـــرۆزی، سـوێندت پـێ ئەخـۆم
بـــــۆ ســـەربەخۆییـت بــە گیــان و بە مــاڵ، بــە قوربانی تۆم
زۆرلاوی ئـــازات، لــــە کــۆڕی خەبــات، خوێنــی خۆیان ڕشــت
زۆرشـێخ و پیـران، لـــە زانـــا و ژیــران ، خۆیــان دا بــە کوشــت

(بۆ لەبەرکردنە)

ئـەم بایەخدانـە بـە کێشـەی نەتەوایەتـی، نـەک هـەر نەبـوو بەهـۆی ئـەوەی کە ئاسـۆی بەردەمـی شـاعیران تەسـک بکاتـەوە، بەڵکـو فراوانتریکرد و شـاعیرانی کورد لەپـاڵ ئاوڕدانـەوە لـە خەباتـی نەتەوەکەیـان باوەشـیان بـۆ خەباتـی گەلانـی تـری مافخـوراو کـردەوە، هەروەک چۆن (کامـەران موکری) ڕوو لە شۆڕشـی گەلی جەزائیر دەکات و (دیـلان) پشـتگیری شۆڕشـی کۆنگـۆ دەکات.

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسارەوە:

لـەم قۆناغـەدا بەهۆی ئـەوەی بابەتی سـەرەکی لـە ناوەرۆکی دەقە شـیعرییەکاندا سیاسـی بـوو، ئـەوا زمانی شـیعریش لـە چوارچێـوەی هەمـان بابەتدا دەسـوڕایەوە، سـۆزی شـاعیران لەسـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا، واتـە لە مـاوەی نێوان سـاڵانی (١٩٥٨ تـا ١٩٦١)ز هەڵگـری سـیمای خۆشـی و شـادی بـوو، بەرامبـەر بە شـۆڕش، ئومێدی بەدیهێنانـی مافەکانـی گەلـی کـورد بـوو، هـەر بۆیـەش ئـەو وشـە شـیعرییانەی لەم ماوەیـەدا دەقـی شـیعریان پێدەنووسـرا شـادی و گەشـبینی و ئومێـدی تێـدا دەبینرا.

لەگەڵ سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلول (١٩٦١–١٩٧٠)ز، زمانی شـیعر بەرگی خەم و پەژارە و نائومێدی پۆشـی بە تایبەتی لەسـەرەتای هەڵگیرسـاندنی شۆڕشدا، چونکە لەم ماوەیەدا ڕژێم بەوپەڕی توندوتیژی کوردی دەچەوسـاندەوە و کوردسـتانی کاولدەکرد. بەڵام دیاریشـە کە خەباتی گەلی کورد و سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە تیشـکی گەشبینی پەخشـدەکرد، هەر بۆیە زمانی شـیعریش بـەرەو هەڵگرتنی شـەقڵی بەرەنگاربوونەوە و چۆکدانەدان دەڕۆیشـت، بەو پێیە شـیعر لەم سـەردەمەدا ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامەکـە بـوو، ئەوەنـدە مەبەسـتی دەرخسـتنی توانسـتی زمانـی شـیعری نەبـوو.

لە ڕووی (کێش و سەروا)وە، لە شیعری ئەم سەردەمە زیاتر کێشی برگەیی و سەروای مەسنەوی (جووتسەروا)ی پەیڕەوکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا لای ( دیلان و قەدری جان) شێوازی بەکارهێنانی سەروا، تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەقە شیعرییەکان بەرەو بنیاتی شیعری ئازاد براون.

دیارە ئەم هەوڵانەی لەم سەردەمەدا لەپێناوی گۆڕینی قالبی شیعری دراون هەوڵی تاکە کەس بوون و نەبوون بە دیاردە، تەنانەت ئەو هەوڵە نوێگەرییەی کە لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی (سوارەی ئیلخانی زادە) دا دەبینرێن لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا هەر لە بازنەی هەوڵی تاکەکەسیدا مایەوە و نەبوو بە ڕەوتێکی دیاری شیعری کوردی لەم قۆناغەدا.

لێرەدا نمونەیەک لە شیعرێکی (گۆران) دێنینەوە، لەژێر ناونیشانی (بێشکەی منال) تێیدا بە ئاشکرا سەروای تازە دەبینرێت کە شاعیر دژی شەڕ و شەڕخوازان وەستاوە و لەگەڵ ئاشتی دایە....

## (بێشکەی منال)

ئای چەن خۆشە: ماڵێك بێ وا
ڕووی دنیا، ئەم پەڕتا ئەو پەڕ
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ

**(بۆ لەبەرکردنە)**

## قۆناغی سێیەم ڕێڕەوی شیعری کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)ز

قسەکردن لە ڕێڕەوی شیعری کوردی ئەم قۆناغە لە دوو ماوەی جیاوازدا بەم شێوەیە:

ئ) ڕێڕەوی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٥).

ب) ڕێڕەوی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥ ـ ١٩٩١).

### ڕێڕەوی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ ز

شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گۆڕانی زۆری بەسەرداهات بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشووتر، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەوە بوو، کە شۆڕش هێنایە کایەوە.

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٥) ماوەیەکی کورت و کەمخایەن بوو، بەڵام تا بڵێی گرنگ و کاریگەربوو، هەروەک کاردانەوەی گەورەی بەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی بەجێهێشت، ئەم گۆڕانەش ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعری گرتەوە.

دیارترین سیمای شیعری، لەم قۆناغەدا بریتیبوو لە سەرهەڵدانی گرووپی (ڕوانگە) لە ساڵی (١٩٧٠)دا، ئەم گرووپە توانی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر ببینێت، لەو گۆڕانانەی کە بەسەر ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعری قۆناغەکەدا هات، ئەو ڕۆڵەش لە شیعری کوردیدا تا ساڵانێکی زۆر بەردەوامبوو.

شاعیرانی ڕوانگە هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازبوون بۆ شیعر، ئەوان لەپاڵ ئەو گۆڕانەی بەسەر ڕوخساری شیعریاندا هێنا، دەیانویست شیعر پەیامی یاخیبوون بگەیەنێت، ئەم هەستەش بەجۆرێک بوو تێکڕای شیعری کوردی لەم قۆناغەدا گرتبووەوە.

## تایبەتمەندیی شیعری کوردی لە (١٩٧٠-١٩٧٥)ز

### یەکەم: لەڕووی ناوەرۆکەوە

شـیعری کـوردی ئـەم قۆناغـە هەڵگـری گوتارێکـی نەتەوەیی قوڵبـوو، ئەویش بریتیبـوو لـەو پەیامـەی کـە بەرگری لە پاراسـتن و مانـەوەی نەتەوەی کـورد دەکرد، شـیعر دژی جـەور و سـتەم و زۆرداری دوژمـن دەوەسـتایەوە و لـەم بـوارەدا وەک هێزێکـی کاریگـەر ڕۆڵی بینیـوە، ئەم هەسـتە بە ئەندازەیـەک کاریگەربـوو، ڕەنگە کەم شـاعیری کورد ببینین کە شـیعری بۆ کورد و سـەربەخۆیی کوردسـتان نەنووسـیبێت.

شـیعر لەپـاڵ ئـەو ناوەرۆکـە بـاوەی کە شـیعری کوردی قۆناغەکانی پێشـووی پێدەناسـرێتەوە لـە بابەتی وەک (خۆشـەویسـتی) و (نیشـتمانی)، گەلێـک بابەتی نوێ لە شـیعری ئـەم قۆناغەدا بەرچـاو دەکـەون وەک بابەتی (مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی، ژیان و مـردن، شارسـتانیەت، ژن وەک خاوەن کێشـەیەک.......هتد).

هەروەهـا شـیعر لـەم قۆناغـە هەڵگـری بیـری فەلسـەفی و مەعریفیـی بـوو، بەتایبەتـی ئـەو بیـرە فەلسـەفییانەی کە سـەرچاوەکەی خۆرئـاوای هاوچـەرخ بوون، ئەمـە لـە کاتێکـدا شـیعری کـوردی لـە قۆناغەکانـی پێشـووتر سـەرچاوەی بیـرە فەلسـەفییەکەی لـە کلتـوری خۆرهەڵاتـەوە وەرگیرابـوو.

یاخیبـوون دیاریتریـن خاسـیەتی شـیعری کـوردی ئەم قۆناغە بوو، لـە بنەڕەتدا دوو جـۆر یاخیبـوون هەیە کـە بریتین لە:

#### أ یاخیبوونی کۆمەڵایەتی

یاخیبوونە لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان.

#### ب یاخیبوونی سیاسی

ئەم جـۆرە یـاخیبوونەش لەپێناوی ئازادی و سەربەستی مرۆڤە.

(لەتیـف هەڵمـەت) یەکێکـە لە شـاعیرە دیارەکانی قۆناغەکە، بە سـودبینین لە ئەفسـانە و هێمـا مێژووییەکانـی نـاو کلتـوری نەتەوەیـی جیهانـی وێنـەی ئـەم یاخیبوونە، پیشـاندەدات و دەڵێت:

## یاخی بن

پێتـان ئەڵێـم .... یاخـی بـن ..... یاخـی بن
لــــەم هـــەمـوو نـەخشە و باجــە
یاخی بـــن لەم مەیدانــە ..... لەم گەراجە
کـە مرۆڤی وەك ئـــامراز تیایا هەراجــە

(بۆ لەبەرکردنە)

فەلســەفەی ژیــان و مــردن مەبەســتێکی تــرە، لــەو مەبەســتە گرنگانــەی کە لە شــیعری قۆناغەکــەدا هەبوو، لێرەدا شــاعیرانی کــورد وەک بابەتێکی گرنگ لەم پرســە دواون، تێڕوانینــی هزری و فەلســەفی خۆیــان لەم بارەیەوە خســتووەتەڕوو، هەندێکیان ڕەشــبینانە لە ژیانیان ڕوانیوە و بە شــتێکی دەمامککراوی کاتییان زانیوە، بەڵام هەندێکی تریــان گەشــبینانە لە ژیانیــان ڕوانیوە و ڕووە گەشــەکەیان بەرجەســتەکردووە.

هــەر بۆیــە پرســیارە فەلســەفییەکانی شــاعیران لــە چوارچێــوەی ژیــان و مردنــدا بــوون و دواجــار هەرخۆیــان ڕەشــبینانە وەڵامیــان داونەتەوە، یاخــود وەڵامی پرســیارەکانیان بــۆ خوێنــەر بەجێهێشــتووە. (شــێرکۆ بێکــەس) لــە شــیعری (گینگڵ)دا بەڕونــی تێڕوانینــی خــۆی دەربــارەی ژیــان و مــردن دەخاتــە ڕوو و دەڵێــت:

## گینگڵ

ویستم ئەوە لە زەریایەك بگەیەنم
گەر جۆگەکان نەبن........ ناژی
خـنـکـانـدمـی
ویستم ئەوە لە بروسکە بگەیەنم
گەر هەورەکان نەبن ......ناژی
سـوتـانـدمـی
تۆ کێی ـ تۆ کێی؟
هەتاوێکم بەبێ ئاسۆ........

(بۆ لەبەرکردنە)

شاعیرانی ئەم قۆناغە کەمتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی پێش خۆیان، واتە لە هەوڵی ئەوە دابوون کە لە شیعری ئەوان لابدەن، تەنها لەو کاتانەدا سودیان لێبینیون کە شیعرەکانیان درێژەپێدەری ڕەوتی یاخیبونی ئەم شاعیرانە بووە، لەگەڵ ئەمەشدا لە ئەدەبی کوردیدا کاریگەریی شیعری ئەم قۆناغە بەسەر تەواوی شیعری سالانی دوای خۆی دیارە .

## دووەم: لە ڕووی ڕوخسار

چۆن گۆڕان بەسەر ناوەرۆکی شیعری کوردی ئەم ماوەیەدا هات، بە هەمان شێوە گۆڕان بەسەر ڕوخساری شیعری کوردی قۆناغەکەشدا هات. بەشێوەیەکی گشتی لە ڕوخسار و تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیە دەدوێین.

وێنەی شیعری یەکێکە لە خاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر فۆرم و تەکنیکی شیعری کوردیدا هات، وێنەی شیعری بەتەواوەتی خۆی دەربازکردووە لە لاساییکردنەوە و وێنەی دووبارە، گەلێک وێنەی شیعری جوان بەکارهاتووە سەرچاوەکەی لە ڕوداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانییەکانەوە وەرگیراون. لە شیعری ئەم ماوەیەدا وێنەی ڕوتی ڕەوانبێژی بەکارنەهاتووە، بەڵکو وێنەی شیعری لەم ماوەیەدا لەپێناو گەیاندنی پەیامێکدا بووە و مەبەستێکی تایبەتی لەگەڵدابووە.

هەرچی دەربارەی زمانی شیعرە ئەوەی ئاشکرایە، هیچ گۆڕانێک لە شیعردا بەبێ گۆڕان لە زمانی شیعردا ڕونادات، شیعر زمانێکی جیاوازی هەیە، کە لە زمانی خەڵک جیاوازە. شاعیران لەم قۆناغەدا هەوڵیانداوە، کە وشەکان لە ناو دەقە شیعرییەکاندا لە ئاماژە کۆنەکان داببڕن و ئاماژەی نوێیان بدەنێ، واتای فەرهەنگی لە وشەکان دادەماڵێت و واتای نوێیان پێدەبەخشێت. ئەو گۆڕانەی لە بەکارهێنانی وشەدا لەم ماوەیەدا بەڕادەیەکە، کە زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیردەکات. ئەمەش وادەکات وشەکان ڕاستەوخۆ واتا بەدەستەوە نادەن. هەر بۆیەش زمانی شیعر لەم قۆناغەدا ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بەئاسانی لە واتای وشەکان ناگات. هەر دەربارەی زمانی شیعر لەم ماوەیەدا لە چوارچێوەی کوردیی پەتیدا زمانە شیعرییەکە دەسوڕایەوە بەلام لە ئاستێکی دەوڵەمەندتر لە زمانی پەتیی قۆناغەکانی پێشووتر. لەپاڵ ئەم گۆڕانکاریانەشدا گەلێک وشە و زاراوەی نوێ هاتە ناو زمانی شیعرەوە وەک (ئەهریمەن، ئاهوڕامزدا، گیڤارا، زەردەشت و ئاڤێستا......هتد) سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییەی لە زمانی شیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاودەکەوێت، گەلێک

دەقی شیعری دەبینین لەپێناو گەیاندنی مەبەستی ڕاستەوخۆی شیعرەکاندا بە شێوەیەکی سادە خراونەتە بەردەست.

لایەنێکی تر لەم بابەتە گرنگی زۆری هەیە بریتییە لە بەکارهێنانی (هێما و نیشانە) لە دەقە شیعرییەکاندا بە هێما و نیشانەی خۆماڵی و جیهانیەکانەوە.

سەبارەت بە کێشی شیعری ، شاعیرانی کورد زیاتر پەیڕەویان لە شیعری ئازاد کردووە، لەگەڵ کرانەوەی ڕێچکەکەشدا دیاردەی مامەڵەکردنێکی جۆراوجۆر لەگەڵ چەمکی شیعری ئازاد سەریهەڵدا و بوو بەهۆی ئەوەی کە زۆرجار هەرسێ چەمکی شیعری (ئازاد و بێسەروا و پەخشانە شیعر) تێکەڵبکرێت، بەمەش تارادەیەک بەرهەمە چاکەکانی شیعری ئازاد دەشاردرانەوە.

دیارترین شەقڵی شیعری ئازادی کوردی دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە لەوە دابوو ڕوویان کردە بەکارهێنانی کێشی چوار برگەیی و هەشت برگەیی.

دەربارەی (سەروا)ش بەهەمان شێوەی بەکارهێنانی کێش مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، چونکە سەروای (یەکگرتوو) و (مەسنەوی) یان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیە سودی لە داستانە میللی و فۆلکلۆرییەکانی ناو کلتوری کوردی و جیهانی بینیوە، ئەم سودبینینەش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. خاڵێکی تر لە تەکنیکی شیعری ئەم ماوەیەدا بریتییە لەوەی وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ شتە بێگیانەکان کراوە، (هەرچەندە ئەم حاڵەتە بە شێوەی تر لە شیعری (گۆران) دا دەبینرێت لە قۆناغی پێشوتردا. ئەم حاڵەتەش بریتییە لەوەی کە شاعیر لەجیاتی ئەوەی پاڵەوانەکانی لە مرۆڤ دروستبکات، پاڵەوانی دەقەکانی لە شاخ و دەشت و ئاو ...هتد دروستکردووە).

لایەنێکی تری گرنگ، لە شیعری ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٠- ١٩٧٥) کە بە شێوەیەکی گشتی لێرەدا باسیبکەین بریتییە لە پەیدابوونی دەنگی شاعیرانی ژن، کە لە ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینرێن، کاریگەری ئەم دەنگانە لە قۆناغی دواتری شیعری کوردیدا دەرکەوت و بوو بە هەوێنی لەدایکبوونی گەلێک دەنگی زیندووی ژنە شاعیرانی کورد لە ساڵانی دواتردا، نمونەی ئەو ژنە شاعیرانەی لەم ماوەیەدا شیعریان دەنووسی (دایکی سۆلاڤ، ئەرخەوان، شەونم بەرزنجی، دایا جوان........).

## شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٩١)ز:

شـیعری کـوردی لـە سـاڵانی (١٩٧٥- ١٩٩١) هەندێـک لایەنـی جیـاوازی تێدایە، لەچـاو شـیعری کـوردی سـاڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٥) بۆیـە دەبێـت، بە شـێوەیەکی تایبەت با سیبکە ین.

سـاڵی (١٩٧٥)ز شـۆڕش توشـی نسـکۆ هـات، ڕاسـتەوخۆ کاردانەوەی بەسـەر باریـی ڕوناکبیریـی کـوردی بـە گشـتی و شـیعر بەتایبەتـی هەبـوو، لـە دەرئەنجامدا گەلـی کورد بۆ ماوەیەک تاسـا، نووسـەرانیش ماوەیـەک بەدوای وەڵامێکـی مەنتیقی و هۆکارەکانـی ئـەم ڕوداوەدا وێڵبوون. هەر لەگەڵ دەسـت پێکردنەوەی شۆڕشـدا شـیعر وەک چەکێکـی کارتێکـەر گریسـەند.

شـۆڕش لـە کاتێکـی دژواردا سـەریهەڵدایەوە، پێویسـتبوو بـە هەمـوو شـێوە و شـێوازێکی خەبـات بەشـداری تێدابکرێـت، یەکێک لەو شـێوازە کاریگەرانەی شـۆڕش درکپێکردبـوو ئـەدەب بـە گشـتی و شـیعر بەتایبەتـی بوو.

شـیعر بـوو بـە هـۆکاری ڕەتکردنـەوەی واقیـع و زیندووکردنـەوەی هۆشـیاری نەتەوەیـی، هاوشـانی تفەنـگ لـە دژی دوژمـن لـە سـەنگەر دابـوو. چونکـە نەدەکـرا لـە سـەردەمی بەرەنگاربوونـەوەدا شـاعیران بێدەنگبـن، بەڵکو دەبوو ڕۆڵی پێشـڕەوی لـە شۆڕشـدا بگێـڕن ئەمەش بـوو بە هۆی ئـەوەی، شـیعر بـەرەو بەرەنگاربوونەوەی ڕاسـتەوخۆ بچێت لـە بیـر و ئامانجدا.

واتـە جارێکی تر شـیعری بەرەنگاری لـە ئەدەبی کوردیدا بوژایـەوە، ئەم جارەیان شـیعر درێـژە بە خەباتی ڕەوای کـورد دەدات و بەرەنـگار دەبێتـەوە، ڕەتیدەکردەوە و نەفرەتـی لـە دوژمن دەکرد و واقیعی دەگۆڕی و هەوڵیدەدا سـەر لە نـوێ کۆمەڵگایەکی کـوردی شۆڕشـگێڕ بنیاتبنێتەوە. چونکە لەم قۆناغەدا شـیعری کـوردی ئەرکی گۆڕا بۆ بەرەنـگاری، شـیعری بەرەنگاریـش بریتییـە لەو جـۆرە شـیعرە، کە درێژە بـە خەبات دەدات و بەرەنگار دەبێتەوە و ڕەت دەکاتەوە و دەگۆڕێت و سـەر لە نوێ بنیاتدەنێتەوە، لـەم قۆناغەدا ئەو شـاعیرانە دەیان نووسـی کە:

أ- ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون.

ب- لە ناوەوەی کوردستان بوون بەڵام ناڕازیبوون لە دوژمن.

پ- ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی کوردستان دەژیان.

نمونەی شیعری بەرەنگاری لەم شیعرەی (ئەنوەر قادر محەمەد) دا دەردەکەوێت.

خۆ من چەمە زسـتانە نیم، هەر هاوین هات هەڵپرووکێم
ئـەستێرە نیـم، شـــەو نەبـێ نەتوانـم بفـڕم
خـــۆریش نیم، بەباڵەوە لـە ڕۆژدا ئاسـمان تەی کەم
چۆن کپ ئەبم!

(بۆ لەبەرکردنە)

ئەم واقیعیە سیاسـییە تاڵەی قۆناغەکە واینەکرد، کە شـیعری کوردی بەرەو ڕەشـبینی بـڕوات، بەڵکـو بـەردەوام هیـوای بـە ئایندەیەکـی گەشـبوو، هـەر بۆیـەش شـاعیرانی کـورد بـە چاوی ئومێـدەوە بـۆ ئایندەیـان ڕوانیـوە، بەگەشـبینییەوە ئاسـۆی ڕوناکیان لـە ئاسـمانی کوردسـتاندا بینیـوە، (موئەیەد تەیـب) کە لـەم ماوەیە بـە زاری کرمانجیی سـەروو شـیعری دەنووسـی، هیوایەکی گەورەی بـە دواڕۆژێکی مەزن هەبوو، سـتەمی زۆری دوژمـن چۆکـی پێدانـادات و سـەربەرزانە دەڵێت:

(سبە نەکە گری دایێ)

سبە دایێ
پێلاڤا من ......
ژ تاجـــا میـــرێ بلنـدتـــرە
داوەتا من......
ژ هەمـــی گۆڤەندا خۆشـترە
بەژنو باڵا من ......
ژ بوهارێ ب خەملترە
ئەڤجا چـاوا دێ کەی گری؟
سـینگێ خۆیێ تەمەت دەریا
دێ ڤە قوتی؟

❖ ❖ ❖ ❖

پرچـا خۆیـا وەکـی بەفـری
دی قەچری؟
نەدایی نە!
نەکەی نەکەی!
جـل و بەرگێــت خــۆ ڕەش بکــەی
دەرگەهــی کولکی مەیــی خۆش
بــۆ خــەم و نیهــارا ڤەکــەی

(کۆپلەی یەکەم بۆ لەبەرکردنە)

بەشـێوەیەکی گشـتی شـیعر لە ماوەی نێوانی سـاڵانی (١٩٧٥-١٩٩١) دوو دەسـتە شـاعیر دەیاننووسـی، دەسـتەیەکیان هەر ئەو شـاعیرانە بـوون کە دەنگی دیـاری ماوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) بوون ( شـێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشـێو، لەتیف هەڵمەت، عەبدولڕەحمـان مـزووری و دڵشـاد مەریوانـی...... هتد)

دەسـتەیەکی تریان ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩١) بوونە دەنگی دیار (ئەنوەر مەسـیفی، جەمیـل ڕەنجبـەر، موئەیـەد تەیب، جەوهـەر کرمانج، نـەوزاد ڕەفعـەت.... هتد).

شـیعری بەرەنـگاری دەبێتە هۆکارێک بۆ شـکاندنی ترس لـە دوژمن و بەرزکردنەوەی ورەی کـورد بەرامبـەر بـە دوژمن و بەخشـینی هیـوا و ئومێدی سـەرکەوتن بە خەڵکی، کە شکسـتی شۆڕشـی ئەیلول تا ڕادەیەک ئەو هیوا و ئومێدەی بەرەو کزی بردبوو، بەڵام شـیعر وەک هۆکارێکـی بەهێـزی ڕووناکبیـری توانی بەشـدارێکی کارا بێت لـە بزوتنەوەی ڕزگاریخـوازی گەلی کـورد و لە سـەنگەری بەرگریدا هاوکاری پێشـمەرگە بێت.

هەربۆیـەش( پێشـمەرگە وەک داینەمـۆی شـۆڕش) ،( شـەهید وەک هێمـای قوربانـی دانـی کـورد)، (کوردسـتان وەک مەڵبەنـدی ژیـان و خاکی پیـرۆزی نەتەوە) بوونە سـێ توخمـی سـەرەکیی شـیعری بەرەنگاری.

شـەهید (جەمیـل ڕەنجبـەر) لـەم ڕۆژگارەدا کـە خـۆی پێشـمەرگە و شۆڕشـگێڕبوو بە نوکـی خامـە لـە مەیدانـی بەرەنگاری دەنووسـێت و بـە ورەیەکی بـەرز و گەشـبینیەکی زۆرەوە دەڵێت:

## ڕووبارێکی خوێناوی

مـەلی هـەژار
لــە فرگــەی ژان هەڵدەنیشــێ
پێشــمەرگەی لــێ دادەبــەزێ
هەرچــێ کانیــاوی ســەنگەرە
بــۆ ڕووبــاری بەهــاری دەزێ

(بۆلەبەرکردنە) ١٩٧٩

دوژمـن لـەم ماوەیەدا هەمـوو ڕێگاکانی قەڵاچۆکردنی کوردی گرتبـووە بەر، یەکێک لەو کارە دڕندانەی کە بەســەختی لەم ماوەیەدا درێژەی پێدا، پرۆســەی نەگریســی ڕاگواســتنی کورد لە ناوچەکانی خۆیان و نیشــتەجێکردنیان بوو لەو شوێنانەی کە خۆی مەبەستی بوو.
سیاسەتی پاکتاوی نەژادی کورد لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بەوەی دەســتی دایە ئەنفالکردنی کورد و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردســتان. هەر بۆیە شیعری کوردی هەوڵیداوە، لە ئاستی خەمی پڕ ناسۆری گەلەکەی بێت.
ئەوەتــا بــۆ مەرگبارانــی هەڵەبجــە (جەوهــەر کرمانــج) بە نوکــی خامەی شــیوەندەکات و بــۆ ئــەم تاوانــە کەموێنەیەی مێــژووی مرۆڤایەتــی دەڵێت:

## (هەڵەبجە دووەم هاتن)

هەڵەبجە...
بێشـــــــــکە و جـــۆلانـــــەی
ئەحمــەد موختــار و گــۆران بــوو
هەڵەبجە...
جێـــگا نـــزارگەی ئاشــــقان بوو
هەڵەبجە...
تــاجــی ســــەروەری شـەهیدانی
کوردســـتان بـــــــــــــوو

(بۆ لەبەرکردنە) ١٩٨٨

شـیعری کوردی لەم ســاڵانەدا جگە لەو ڕۆحــە بەرەنگارییەی کە پێیدەناسـرێتەوە جوانترین شـیعری بۆ ژن و مەبەسـتەکانی تری شـیعر نووسـیوە، لە خاسـیەت و سیمادا شــیعری وا نووســراون کــە لەگــەڵ ڕەوتــی بەرەوپێشــەوە چوونی شــیعری کــوردی لە قۆناغەکــەدا بگونجێنێت.

لــەم لایەنەشــەوە دەنگــی شــاعیرانی وەک (محەمــەد عومەر عوسـمان، فەرەیدون عەبـدول بەرزنجـی، قوبـادی جەلـی زادە، دلاوەر قەرەداغـی و جەمـال غەمبـار.... هتـد) دە بینرێت.

ئــەو شــاعیرانەی لــە دەرەوەی کوردســتان دەیاننووســی زیاتــر هەســتێکی پــڕ لــە خۆشەویســتییان بۆ کوردســتان هەبــوو، بەتایبەتی هەســتی گەڕانەوە بۆ خاکی نیشــتمان لــە دەقە شــیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتــەوە، هەر ئەمــەش وادەکات، کە بڵێین یەکێک لە ســیما دیارەکانــی شــیعری ئــەم ماوەیە ســەرهەڵدانی هەســتی نامۆبوونی شــاعیرانە، کە لە ڕێی شــیعرەکانییانەوە گەیاندویانەتــە کوردســتان، (عەبدوڵــلا پەشــێو) یەکێکە لەو شــاعیرانەی هــەر لەســەرەتای ســاڵانی (حەفتــا)ی ســەدەی ڕابــردوو کوردســتانی بەجێهێشــتووە لە شــیعری (ســەربازی ون) دا کــە لــە مۆســکۆ ســاڵی (١٩٧٨)ز نووســیویەتی هەســتی پڕ تاســەی بەرامبەر بە خاکی کوردســتان و ژمارەی زۆری شــەهیدانی کوردستان دەربڕیوە و دەڵێت:

## سەربازی ون

کـــــە وەفدی دەچێتە شوێنی
بـــــۆ ســەرگۆڕی ســەربازی ون
تــــاجە گوڵێنەیــــەك دێنــی
ئەگەرسبەی
وەفدێــك بێتــە وڵاتــی مــــن
لێم بپرسی:
کـــــوانی گــۆڕی ســەربازی ون
دەڵێم:
گەورەم!
لە کەنــــاری هــــەرجــۆگەیــــی

لـــەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لــەبەر دەرگای هــەر مـــاڵێ
هەرکڵـێسەیـێ
هەرئەشکەوتێ،
لـــەسەر گابــەردی هەر شــاخێ
لـــەسەر درەختێ هـــەر باخـــێ
لەم وڵاتە:
لـــەسەر هــەر بســتە زەمینــێ
لـــەژێر هــەر گــەزە ئاســمانێ
مــــەترسە کەمێــك ســـەرداخەو
تـــاجە گوڵینەکـــەت دانـــێ!

(بۆ لەبەرکردنە)

# "ڕەخنەی ئـەدەبی"

## وشەی (ڕەخنە) و چەمکی (ڕەخنەی ئەدەبی):

وشـەی ڕەخنە، بەرامبەر وشـەی (نقد)ی عەرەبی و وشـەی ( کریتیک)ی لاتینی بەکاردەهێنرێـت. ڕەخنـەی ئەدەبـی لەپاڵ (مێـژووی ئـەدەب و تیۆری ئـەدەب)دا دەبنە سـێ لقـی لێکۆڵینـەوەی بەرهەمـی ئەدەبی، واتـە ڕەخنـەی ئەدەبی لقێکـی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییـە و بایـەخ بە لێکۆڵینـەوەی بەرهەمـی ئەدەبی دەدات.

ئەرکـی ڕەخنـە (شـیکردنەوە، ڕاڤەکـردن، هەڵسـەنگاندنی دەقـی ئەدەبـی یـان دیارکردنـی بەهـای دەقـی ئەدەبییـە)، واتـە ڕەخنـەی ئەدەبـی لـەو بنەمـا (هونەری و هزریانـە) دەکۆڵێتـەوە، کە دەقـی ئەدەبییان لێ بنیاتدەنرێت و بە شـێوەیەکی زانسـتانە بەهـای ئـەو بنەمایانـە دیاریـدەکات، بەمـەش ئاسـت و ڕادەی گرنگـی و بایەخـی دەق بـۆ خوێنـەر و داهێنەریـش دەستنیشـان دەکات، بۆیـە دەتوانیـن بڵێین ئەگـەر ئەدیبان بەرجەسـتەکەری جوانـی و ڕەنگرێژکەری ژیان و دەرونی مرۆڤ بـن، ئەوا ڕەخنەگران بـۆ خوێـان بزوێنـەری (چالاکیی ئەدەبـی و بزوتنـەوەی ئەدەبـی و داهێنانـی ئەدەبین).

دەبێت (ڕەخنەگر) لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شـارەزا بێت و زانیاریی تەواوی دەربارەی (مێـژوی ئـەدەب و تیـۆری ئەدەبـی) هەبێـت و سـەرباری ئـەوەش چێژوەرگرێکـی ئەدەبییـش بێـت و زانیـاری لـە بـواری (سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، ئابوری و ڕۆشـنبیری) وەربگرێـت و لـە زانسـتە مرۆیی و زانسـتەکانی تریش شـارەزا بێت.

## مێژوی ڕەخنەی جیهانی:

لـە مێـژوی ڕەخنەی جیهانیـدا دوو ڕێرەوی ڕەخنەیی بەدی دەکرێـن بریتین لە: (ڕەخنـەی خۆرئاوایی و ڕەخنـەی خۆرهەڵاتی)، ئەو دوو ڕێـرەوەش چۆن تایبەتمەندی خۆیـان هەبـووە بە هەمان شـێوە کاریگەریشـیان لەسـەر یەکتر هەبـووە و دەبێت.

## یەکەم: ڕەخنەی خۆرئاوایی:

سـەرەتای ئـەم ڕێـڕەوە ڕەخنەییـە دەگەڕێتـەوە بـۆ پێش زاییـن و لـە ئەدەبی یۆنانـی دەسـتیپێکردووە.

یەکـەم هەنـگاو لـەو ڕێـڕەوەدا لەکاتـی ئاهەنگگێڕان بـە بۆنـەی جەژنەکانییانەوە بـوو، کـە شـانۆگەرییان پێشکەشـکردووە و لیژنەیەکیـان بـۆ هەڵبژاردنی باشـترین دەقی (تراژیـدی یان کۆمیدی) کە بە شـیعر بوو دەستنیشـان کـردووە. جا هەڵبژاردنی باشـترین دەق لەلایـەن ئـەو لیژنەیـە بـۆ خـۆی چالاکییەکـی ڕەخنەیـی بـوو، چونکـە بەپێـی چەند پێوانەیەکـی هونـەری و هـزری دەقەکانیان هەڵبـژاردووە، هەر لـەو ماوەدا، واتە سـەدەی شەشـەمی پێش زایین، شـاعیرێکی یۆنانی کەنـاوی (ئەرسـتۆڤانیس)بووە، لـە بەرهەمێکی کۆمیدیی خۆیدا بە ناونیشـانی (بۆقەکان)، ڕاوبۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەیی دەربارەی سـێ شـاعیری گەورەی یۆنانی خسـتووەتە ڕوو، ئەو سـێ شـاعیرەش (یوربیدز)و(ئەسخیلۆس) و(سۆفۆکلیس) بوون.

لەگـەڵ بوونی ئـەو چالاکییـە ڕەخنەییانەشـدا دیارتریـن ڕێبازی ڕەخنـەی ئەدەبی لـەلای فەیلەسـوفە یۆنانییەکان نەخشـێنراوە، (ئەفلاتون) و (ئەرسـتۆ)ش باشـترین نمونەی ئـەو مەیدانەن.

(ئەفلاتـون) ڕای وابـوو، کـە شـاعیران ناتوانـن ڕاسـتییەکان بە خەڵکـی بگەیێنن و لەبـری ئـەوەی چاکەیان فێرکـەن هەڵیان دەخەڵەتێنـن و دەرونیانتێکـدەدەن و وایانلێدەکەن کـە جڵـەو بدەنـە دەسـت هەسـت و سـۆز نـەک ئەقڵ.

هەرچـی (ئەرسـتۆ)بوو بە پێچەوانەی (ئەفلاتون) بەرهەمی شـیعری بەسـودبەخش دانـاوە، بەتایبەتـی تراژیدیـا کـە دەتوانێـت دەرونـی بینـەر لە هەسـت و سـۆزی ترس و بەزەیـی پاکبکاتـەوە. (ئەرسـتۆ) لە بەرهەمی (هونەری شـیعر) کۆمەڵێ دەسـتور و یاسـای هونـەری بـۆ تراژیدیـا دارشـتووە، کـە بوونەتـە بناغـەی تیـۆری ڕەخنـەی ئەورووپی بە گشـتی و بنەمـای ڕەخنـەی کلاسـیکی نـوێ، هـەر لـەو کاتـە وەک ڕێبازێکـی ئەدەبی لە سـەدەی حەڤـدەدا لە فەرەنسـا سـەری هەڵـداو گەشـەیکرد.

لـەو سـەردەمەدا ڕەخنەگرێکـی بەناوبانگـی فەرەنسـی کـە نـاوی (بوالۆ)بـوو ڕاوبۆچوونەکانـی (ئەرسـتۆ)ی جێگیرکـرد و کردی بـە پێوانەی ڕەخنەی کلاسـیکی نوێ لە ئەورووپـا، هۆیەکەشـی ئەوەبـوو، کـە ڕێبازی کلاسـیکی بۆ خۆی لـە ئاکامـی بوژاندنەوە و لاسـایکردنەوەی بەرهەمـی یۆنانییـەکان و ڕۆمانییـەکان سـەریهەڵداوە.

گرنگترین بنەماکانی ڕەخنەی کلاسیکی نوێ بریتیبوون لە:

١-جڵەودانە دەست ئەقڵ و ژیری و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و دەربڕینی کەسی.

٢- بایەخدان بە چێژی دروست.

٣- گرنگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان.

لەدوای ڕێبازی کلاسیکیی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپا سەریهەڵدا پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی کلاسیکی ڕاستەوخۆ ڕەتکرانەوە، بەڕادەیەک کە دەتوانرێت بوترێت ئەگەر پێوانەکانی ڕەخنەی کلاسیکی هەڵگێڕینەوە ئەوا پێوانەکانی ڕەخنەی ڕۆمانتیکمان دێنە بەردەست.

بەو پێیە دیارترین پێوانە ڕەخنەییەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بریتین لە:

١- بایەخدان بە هەست و سۆزی کەسی و دوورکەوتنەوە لە ئەقڵ.

٢- گرنگیدان بە بەها کەسییەکان و بەلای تاکە کەسەوە گرنگن.

لەم ڕووەوە نووسەرێکی ڕۆمانتیکی فەرەنسی کە (ئەلفرید دی موسێ)یە دەڵێ: ئەوەی گرنگ بێت بەلای منەوە ئەوەیە کە گوێ نەدەمە ئەقڵ، ئەمە لە کاتێکدا کە (بوالو)ی ڕەخنەگرێکی کلاسیکی بوو و گوتویەتی: هەمیشە بەدەنگ ئەقڵەوە بچۆ لەوەوە یەکێتیی بەرهەمەکانت بەدەست بهێنە.

دیارترین ڕەخنەگری ڕێبازی ڕۆمانتیکی (مەدام دی ستال) و (سانت بیڤ) بوون، بەلای یەکەمیانەوە دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت، بەلای دووەمیشیانەوە دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە، هەربۆیە دەبێت ڕەخنەش تیشک بخاتە سەر دەروونی نوسەر و ناخی نووسەرمان بۆ ڕۆشنبکاتەوە.

دیارە ئەو پێوانە ڕەخنەییانەی لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بۆ شیعری ویژدانی (لیریکی) دەستیاندەدا بەرهەمی خودی و کەسی بوون، بەپێچەوانەی بەرهەمی کلاسیکەکان، کە تراژیدیا و کۆمیدیا بوون و بابەتی بوون، لە دوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی کۆمەڵێ ڕێبازی تری ئەدەبی سەریانهەڵدا، وەک ڕێبازی (ڕیالیزم، پەرناس، هێماگەری و فۆرمالیزم) لەپاڵ ئەم ڕێبازە ئەدەبییانەشدا چەند ڕێبازێکی ڕەخنەیی هاتنەکایەوە کە گرنگترینیان (ڕێبازی شیکاری دەروونی، ڕێبازی مارکسی، ڕێبازی شێوەگەرایی یان بنیاتگەری) بوون.

بەگشتی ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی ئەورووپی سەدەی نۆزدە پێیادەگرێت کە دەبێت پێوانە ڕەخنەییەکان بابەتی بن و لە بازنەی تێڕوانینی کەسیی ڕەخنەگردا نەهێڵرێتەوە و ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەقی ئەدەبی خۆیەوە بەدەست بهێنرێن.

## دووەم: ڕەخنەی خۆرهەڵاتی

مەبەست لەو ڕێڕەوەیە کە سەرەتا لە ئەدەبی عەرەبیدا سەریهەڵداوە و دواتر لەلایەن ئەدەبی میللەتە موسڵمانەکانی ترەوە فراوانتر و بەربڵاوترکراوە و بووەتە تیۆریکی ڕەخنەیی تایبەت بەو گەلانە، سەرەتای ئەم ڕێڕەوە لە ئەدەبی عەرەبی سەردەمی (جاهیلی)یەوە دەستپێدەکات، ئەوەش کاتێ، کە هۆزە عەرەبەکان ساڵانە لە بازاڕی (عوکاز) لە نزیک مەککە کۆدەبوونەوە و شاعیرانی هەر هۆزێک بەرهەمی خۆیان بۆ شاعیرێکی گەورەی ئەو کاتە کەناوی (نابیغەی زوبیانی) بووە خوێندووەتەوە ئەویش وەک دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنەگرێک ڕاو بۆچوونی خۆی دەربارەی دەقە شیعرییەکان خستووەتە ڕوو، پێوانە ڕەخنەییەکانیش زیاتر هونەری بوون، لە دەوری وشە و واتای جوان و گونجاو و شیاو و شایستە سووڕاونەتەوە.

پاش بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش پێوانە ڕەخنەییەکان لە ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە بەدەست دەهێنران و لە ڕوانگەی باوەڕی ئایینی شاعیرەوە لە دەقەکان داوادەکرا کە دەبێت شاعیران (پەیامدار)بن و بەرهەمەکانیان لە خزمەتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکەدا بێت.

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی:

ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش شیعرە، لەگەڵ لەدایکبوون و بەرەوپێشچوونی شیعری کوردیدا ڕەخنەی ئەدەبیش سەریهەڵداوە و گەشەیکردووە بەو پێیەی هەر لەگەڵ پەیوەندیکردنی دەقی ئەدەبی بە گوێگر یان خوێنەر، تێڕوانینی ڕەخنەییش بۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی دەق سەرهەڵدەدات، ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت و پێوانە ڕەخنەییەکانیش زانستی نەبن.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و بەرهەمی ڕەخنەییمان لەچاو بەرهەمی شیعریدا کز و لاواز دەبینرێت، چونکە تا ئێستاش وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەردەست و ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان بۆ ساڵانی دوایی بیستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە ڕۆژنامەگەریی کوردی تیایدا بەرەو گەشەسەندن چووە و چاپەمەنیی کوردیش بەرەو پێش چووە.

## شاعیرانی کورد و هەندێ بۆچوونی ڕەخنەیی:

لەگەڵ دیاردەی کزی و لاوازی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، دەکرێت ئەو ڕاستییە بخەینە پێش چاو کە لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەم چالاکیی ڕەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا تێڕوانین و بۆچوونی ڕەخنەییان خستووەتە بەردەست و دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەییان کردووە.

مەلای جزیری لە بەیتە شیعرییەکانیدا کۆمەڵێ باسی ڕەخنەیی وروژاندووە و لە دەقێکی شیعریدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئەحسەن ژ ڤی نەزمی لەتیف | چەندی سڤك هاتی خەفیف |
| مەحبوب بدەستێ خوی شەریف | نەقدی مە مووهر و سککەدا |
| ئەحسەن ژ ڤێ وەسفێ ڕەفیع | ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع |
| تێتن ژ نووری وەك ڕەقیع | بێ عەیب و نەقس و ڕەخنەدا |

(تەنها بۆخوێندنە)

مەلای جزیری وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە، کە ئێستا بەکاری دەهێنن لەپاڵ ئەو وشەیەشدا کۆمەڵێ زاراوەی ڕەخنەی بەکارهێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بە چەند پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییەوە، وەک (نەزمی لەتیف)و (سڤك) و (ئەشکال و ئەوزاعین بەدیع)، بەو پێوانانەش ئەو بنەما ڕەخنەییە دەستنیشان دەکات، کە بەلایەوە: باشترین شیعر ئەو شیعرەیە، کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوانبن و واتاکانیشیان سود بەخشبن.

شاعیرێکی تری کورد کە بەوردی ئاوڕی لەچەند کێشەیەکی ڕەخنەیی داوەتەوە(ئەحمەدی خانی)یە کە لە (مەم وزین)دا کەیدا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی ئەو سەردەمە دیاردەکات، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| لی هێڤی دکەم ژ موستەعیدان | حەرفان نەگرن ل موستەفیدان |
| ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج | کێشایە مە دگەڵ وی دوو سەد ڕەنج |
| نەوبارەیی تیفلی نەورەسیدە | هەر چەند نەهن قەوی گوزیدە |
| لی مەن ژ ڕەزان نەکر تەمەتوع | مانەندی دزان بکەن تەتەبوع |

(تەنها بۆخوێندنە)

لێرەدا (خانی) ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە دەقی شیعری دوای لەدایکبوونی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت، بۆیە ئەمیش داوا لە ڕەخنەگران دەکات، کە لە کاتی ڕەخنەگرتندا ڕەنج و ماندوبوونی شاعیریان لەبەرچاو بێت و ئەگەر کەمو کوڕییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو، ئەوا نەیکەنە بەهانە و بەیەکجاری دەقەکە بێسود و بێکەڵک دابنێن، چونکە هەموو دەقێک، کە ڕەسەن بێت و دزراو نەبێت وەک ڕۆڵەی شاعیر وایە و لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بە خراپی لە منداڵەکانی بڕوانرێ، بەو تێڕوانینە (خانی) ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنان لەم دوو بەیتەدا ڕوون و ئاشکرایە:

ئەی خامە تەژی گەلەك درێژکر     ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژکر
هەرچەندە کەلام شوبهی دوڕبەت     بێ قەدردبت دەما کو پڕبت

(بۆ لەبەرکردنە)

واتە: ئەی قەڵەم تۆ درێژەت بە باسەکە داوە، ئیتر بەسە و لە کورتی بیبڕەوە چونکە وتەکان ئەگەر وەک گەوهەریش بن کە زۆربوون بێنرخ دەبن.

لێرەدا خانی باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەوروژێنێ کە ئەویش باسی (کورتبڕی)یە لە دەقی شیعریدا، کە تا ئەمڕۆش پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییە و هەمیشەش داوا لە شاعیران کراوە، کە هەوڵبدەن بە کەمترین وشە زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە. لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجیی خوارووشدا دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بەدەست بهێنرێت کە چالاکیی ڕەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووە و بەپێی کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی چ شاعیران خۆیان، یان گوێگرەکانیان بووبێت، ڕاوبۆچوونی ڕەخنەییان دەربارەی دەقی شیعری دەربڕیوە.

لە چەند بەیتێکی (نالی)دا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەیی خراونەتەڕوو کە لە بنەما گرنگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون، لەو بەیتەدا کە دەڵێ:

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

(بۆ لەبەرکردنە)

دیـارە لێـرەدا (نالـی) ڕووو لەو کەسـانە دەکات، کە ڕەخنەیان لێگرتـووە و توانجی ئەوەیـان لێـداوە کـە شـیعر بە زمانـی کوردی دەنووسـێت و شـیعری کوردیـش بەهرە و هونەرمەنـدی تیـادا نییـە، پێیـان دەڵـێ هونەرمەنـدی لەوەدایـە کـە چـۆن توانیویەتی بـە زمانـی کوردی ئـەو واتا جوان و ناسـکانە دەربڕێت، بـەم پێیەش (نالی) بـەو پێوانە ڕەخنەییـە (وشـە و واتـا)ی شـیعری هەڵسـەنگاندووە، کـە بەلایـەوە بەهـای دەق واتای جـوان و نوێیـە نـەک هـەر بەتەنها وشـە و واژەی جـوان و ڕازاوە.

لە بەیتێکی تردا نالی دەڵێ:

نالـی عەجـەب بـە قووەتـی حیکمـەت ئـەدا دەکا
مەعنایـی زۆر و گـەورە بـە لەفـزی کـەم و بچـوک

(تەنها بۆخوێندنەوەیە)

کەواتـە لێـرەدا (نالی)یـش وەک ئەحمـەدی خانـی دەستنیشـانی ئـەو بنەڕەتـە ڕەخنەییـە دەکات کـە بەلایەوە شـیعری جـوان و بەهادار ئەو شـیعرەیە، کـە بەکەمترین وشـە زۆرتریـن واتـای دەربڕیوە.

(سـالم) لـە چەنـد بەیتێـک باسـی لـەو پێوانـە ڕەخنەییانـە کـردووە کـە لەسـەردەمەکەیدا ڕەخنەگـران بایەخیـان پێـداوە وەک لـەم پارچـە شـیعرە دا :

لـە ڕۆژی ئیمتیحانـا دیـم بەرابـەر تالیـب و مەعشـوق
کەمـەر بەسـتەی هونـەر هاتـن لـە تیپـی عیشـق بازانـا
لەیـەك لا نالـی و مەشـوی لـە لایـێ سـالم و کـوردی
لـە هەنگامـەی هونـەر گەرمی تـکا جوبـوون لـە مەولانا
لـە مەیدانـی بەلاغـەتـدا بەسـواری مەرکەبـی مەزمـوون
بـە کـوردی هەریـەکە تـازی سـواری بـوون لـە بابانـا

(تەنها بۆخوێندنەوەیە)

ئەو چەشـــنە شانازیکردنەی ســـالم بە توانای شیعری خۆی و شاعیرانی هاوڕێیەوە، پـەردە لەســەر ئـەو ڕاســتییە هەڵدەداتــەوە، کـە بنەڕەتێکی گرنگــی ڕەخنەیی لــەو قۆناغە ئەدەبییــەدا توانــای بەکارهێنانــی هونەرەکانــی ڕەوانبێــژی بــووە، بۆیە دەڵێت: شــاعیرانی کــورد توانیویانــە ڕەوانبێــژی عەرەبــی بخەنــە ژێر ڕکێفی خۆیــان و بە زمانــی کوردی لە مەیدانــی ئەو زانســتە ببنە ســوارچاکی ســەردەمەکەیان.

(حاجــی قــادری کۆیی)یــش لــە چەنــد بەیتێکــی شــیعرەکانیدا ئاوڕی لــە چالاکیی ڕەخنەیــی ســەردەمەکەی داوەتەوە و کۆمەڵــێ بنەڕەتی ڕەخنەییمان بۆ دیــاردەکات، وەک لــەم بەیتانەیــدا دەیبینین:

شـــەیبەی جۆڵا کە ڕازی نەبێ بەســـەر درێ خــــۆی
مەڵێــن فەســـاحەتی کـــوردی بە فارســـی نـــاگا
بەلاغەتــێکی هـەیــە هیـــچ زوبـــانی نایگاتـــێ
لە بـــێ تەعەســـوبی کـوردانـــە بێ ڕەواج و بەها
کـــە خۆتـــێ تێنەگەیێـــنی لە نـــیکتەکانی نـــەگەی
ئەڵێی هەمـــووی هەزەیـــانە خــــوا بـــەڵای لێدا
بـــەڵام ئەوانەی کە ســـەڕافی زێـــڕ و زیوی قســــەن
بە شـــاهـــ ڕەوایـــە دەزانـــن سککەێکـــە ڕەوا

(تەنها بۆخوێندنەوەیە)

لێــرەدا حاجــی قــادر زیرەکانــە گرنگیــی ڕەخنەمان بــۆ دەستنیشــاندەکات و ئەو ڕاســتییە دەخاتــە بەردەســت کە ڕەخنەگر دەبێت کەســانی شــارەزا و بەتوانا بــن، چونکە هەمــوو کەســێ ناتوانێ ببێتە ڕەخنەگر، کە حاجی بە (ســەڕافی زێڕ و زیوی قســە) ناویان دەبــات، لەلایەکــی تریشــەوە بە پشتبەســتن بــە پێوانەیەکــی ڕەخنەیی ئەو ســەردەمە، کە پێوانــەی ڕەوانبێــژی و ڕونبێــژی بــوو. بەهای شــیعری کــوردی دیاردەکات و شــانی پێ لەشــانی شیعری فارســی دەدات.

ئــەو چالاکــی و پێوانــە ڕەخنەییانە، کە لە ئەدەبی کوردی پێش ســەدەی بیســتەمدا تەنها لــە شــیعردا ڕەنگیان پێدراوەتەوە و لە وتــار و لێکۆڵینەوەدا نەخراونەتە بەردەســت.

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی:

لەگـەڵ سـەرهەڵدان و بەرەوپێشـچوونی چاپەمەنـی کوردیـدا ڕەخنـەش گەشـەیکرد. ئەگـەر ئاوڕێـک لەو بەرهەمـە ئەدەبییانە بدەینەوە، کـە لابەلا تێڕوانینی ڕەخنەییان خسـتووەتە بەردەسـت، یان ڕاسـتەوخۆ بۆ خۆیان وتار و لێکۆڵینـەوەی ڕەخنەیی بوون.

بەرهەمێـک لـەو بەرهەمانـە کتێبێکـی (ئەمیـن فەیـزی بـەگ)ە کـە لـە سـاڵی (١٩٢٠)دا بـە ناونیشـانی (ئەنجومەنـی ئەدیبـان) لـە ئەسـتەمبوڵ چاپکـراوە. لـەو کتێبـەدا بەکورتـی بـاس لـە ژیانـی چەنـد شـاعیرێکی کـورد کـراوە و نمونـە لـە شـیعرەکانیان خراوەتـە بەردەسـت، بـەم پێیـە ئـەو کتێبـە دەچێتـە خانەی مێـژووی ئـەدەب نەک ڕەخنـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەندێ ڕاوبۆچوونـی ڕەخنەیـی دەربـارەی ئـەو شـاعیرانە خسـتووەتە ڕوو، دەربـارەی نالـی دەڵێ: (زەکای ئینـکار ناکـرێ لاکـن ئەوەنـدە سـەنایعی لەفزییـەی ئیسـتیعمال کـردووە پیـاو ڕەنگە بڵـێ شـیعری ئـەو نەتیجـەی علـم و ئیشـتیغالە). **(تەنهـا بـۆ خوێندنەوەیـە)**

دیـارە لێرەدا مەبەسـت لەوەیە کـە (نالی) لە داهێنانی شـیعریدا زیاتـر بایەخی بە لایەنی جوانـکاری داوە و هونەرمەندانـە مامەڵـەی لەگـەڵ دەقـی شـیعریدا کـردووە و داهێنانەکانـی ئاکامـی زانسـت و زانیاریـی شـیعرییە زیاتـر لـەوەی هەڵقـوڵاوی بەهرەی شـیعری بێت.

لـە باسـی (مەولـەوی)دا ڕای وایـە مەولـەوی لـە ڕێکخسـتنی سـەرواردا داهێنانـی کـردووە، کاتـێ لـە چوارینێکـدا سـەروای نیـوە دێری یەکـەم و سـێیەمی هاوسـەروا کردووە و نیـوە دێـری دووەم و چوارەمیشـی بـە سـەروایەکی تـر هاوسـەروا کـردووە، ئەم چەشـنە بەکارهێنانـەی سـەروای لـە شـیعری هیـچ میللەتێکـەوە وەرنەگرتـووە بەڵکو خـۆی دایهێناوە.

(شیخ نوری شێخ ساڵح) لە ساڵی (١٩٢٦) لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی دەربـارەی ئـەدەب بەگشـتی و شـیعر بەتایبەتـی بڵاوکردووەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە زیاتـر دەچێتە خانەی (تیۆری ئەدەب) بەڵام لەو باسـانەیدا کـە دەربارەی (جوانی)ی دەقـی ئەدەبییـە لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی نزیکدەبێتەوە بـە تایبەتی لەو باسـەیدا کـە جیاوازیی نێوان زمان و شـێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە و شـێوازی زانسـتی و شـێوازی ئەدەبی دیاردەکات.

بەرهەمێکـی تـری بڵاوکـراوەی نووسـەرانی کورد لـە بواری ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبیدا، ئەو وتارەیـە کـە (برایـم ئەحمـەد) بە نـاوی خـوازراوی (سـیاپۆش) سـاڵی (١٩٣٢) بە ناونیشـانی (شـاعیرەکانمان) بـڵاوی کردووەتـەوە، ئـەم وتـارەش نـەک هەر ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە خانەی ڕەخنـە، بەڵکـو دەرگایەکـی نوێـش لەبەردەم ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبـی کوردیـدا دەکاتەوە،

وشـیارانە دەیـەوێ سـیمایەکی تـازە بـە ئەدەبی کـوردی بپۆشـێ و بەرگێکی نـوێ بکاتە بەر ڕەخنــەی ئەدەبــی کوردی.

هــەر لــە وتــاری (سـیاپۆش) هەوڵـدەدات چەمکێکـی نـوێ بـۆ شـیعری کـوردی بخاتـە بەردەسـت و بەپێـی ئـەو چەمکـە شـیعری شـاعیران هەڵسـەنگێنرێت، بۆیـە دەڵێـت: (شـیعر تەرجومانـی دڵـە چـی بە دڵا بێت ئێـش و ئـازار و دەرد و خەفەت و هیـوا و نائومێدی، بـاوەڕ و تـرس و بـێ باکـی و خراپی و چاکیمان بـە کەلیماتـی ڕێکوپێک لە شـێوەیەکی دڵگیرا بـۆ دەردەخـات، کـە هەرکـەس لـە ئانـی خوێندنەوەیـدا شـێوەیەکی دڵی خـۆی تیـا دەبینێت، شـیعر چرایەکـە، تاریکـی ژیانمان بـۆ ڕۆشـن و یارمەتیمان ئەدات لـە دۆزینـەوەی حەقیقەتا).

**(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

وتارەکـە بۆخـۆی و لەو سـەردەمەدا بـە تێڕوانینێکـی ڕەخنەیی گەلێ نـوێ دادەنرێت و شـوێنێکی دیـار لـە ڕێـڕەوی ڕەخنـەی کوردیـدا دەگرێت.

دوای ئـەم وتـارەی (سـیاپۆش) وتـار و لێکۆڵینەوەیەکـی ڕەخنەیـی ئەوتـۆ لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا بڵاونەکراوەتـەوە، کە بـەڕادەی ئەو گرنگ بـن و ڕاسـتەوخۆ بچنە خانەی ڕەخنـەی ئەدەبییـەوە، ئـەوەی کە لەو سـاڵانەدا دێتـە بەردەسـت کتێبێکـی (عەلی کەمـال باپیر) ە کە سـاڵی (١٩٣٩) بە ناونیشـانی (گوڵ دەسـتەی شـوعەرای هاوعەسـرم) بڵاوی کراوەتەوە، ئـەم بەرهەمـەش دەچێتە خانـەی (مێژووی ئـەدەب) نەک (ڕەخنـەی ئەدەب) چونکـە بەکورتی بـاس لـە ژیانی چەند شـاعیرێکی کـوردی هاوچـەرخ دەکات و نمونـەی شـیعرەکانیان دەخاتە بەردەست.

لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی گۆڤـاری (گەلاوێـژ)دا زەمینەیەکـی لەبـار ڕەخسـا بـۆ وتـاری ڕەخنەیـی و کۆمەڵێ نوسـەر لە بـواری (کرداری)دا چەنـد وتاری ڕەخنەییـان بڵاوکردووەتەوە، بێگومـان ئـەو وتارانـەش لە ئاسـتی جیاجیادا بـوون و زۆر جـار بۆخۆیان بوونەتـەوە جێگای ڕەخنەلێگرتـن، هـەروەک لەو وتـارەی (جەمیل بەنـدی ڕۆژبەیانی)دەردەکەوێت، کـە تیایدا ڕوو لـە گۆڤـاری گەلاوێـژ دەکات و دەڵێ ( تـکا دەکەم- لێـت دەپاڕێمەوە- خۆت ئـەم ئەرکی ڕەخنە بازییـە بگـرە مـل، مەیدە بەکەس وردبینانە وشـە و وتـەکان والابێژ کەو مەیدان بـەوە مەدە کە هەنـدێ کـەس لە توێـی پـەردەوە ئامانجی بێفـەر بڵاوبکاتەوە یا وشـەی بێجـێ بەکاربێنێ).

**(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

لـە سـاڵی (١٩٤١ز) بەرگـی یەکەمـی (شـیعر و ئەدەبیاتـی کـوردی) ڕەفیـق حیلمـی کەوتـە بەردەسـتی خوێنـەران، ئەگـەر چـی ئـەم بەرگـەی زیاتـر دەچێتە خانـەی مێـژووی ئەدەبەوە بەڵام لە هەندێ شـوێندا ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی شـاعیرەکان خسـتووەتە بەردەسـت.

لەگەڵ فراوانبوونی ئاسۆی بەرهەمی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبیش بواری چاکتری لەبەردەمدا کردنەوە، لەساڵی (١٩٥٢)دا بە بڵاوبوونەوەی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای شیعر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون و بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتری لەبەردەمدا کردنەوە کە دەچێتە خانەی (مێژووی ئەدەب).

لە ساڵی (١٩٥٦)دا بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی، لەپاڵ باسی ژیان و شیعری دەستەیەک لە شاعیرانی کورد، کۆمەڵێ ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی وردیان دەربارەی خستووەتە ڕوو، بۆیە دەچێتە خانەی (ڕەخنەی ئەدەب)، هەروەک لەم تێڕوانینەی کە دەربارەی (گۆران)ی شاعیر دەڵێت: ( گۆران شاعیرێکی (فەننان)و(واقعی) یە بێ ئەوەی لە ڕەخنە یاخود واتاکەی خۆمان بە گومان بین، ئەڵێین (گۆران) بە ڕاستی بوێژێکی واقعی و فەننانە، بوێژێکە کە مادەی شیعرەکانی لە کانگای ژیان واتە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد هەڵێنجاوە وە کردوویە بە چیوەی ئەدەب، ئینجا لەم وێنە سیحراوی و دڵ ڕفێنەدا کە پێی ئەڵێن (شیعر) بۆی هێناوەتە دەری)

**(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٨) بە دەرکردنی گۆڤاری (شەفەق) لە کەرکوک بەو وتارە ڕەخنەییانەی کە تیایدا بڵاوکراوەتەوە، ڕەخنەی ئەدەبی گەشەسەندنێکی دیاری بەخۆیەوە بینی، چونکە وتارە ڕەخنەییەکان وردتر و زانستانەتر بوون و جێگای بایەخپێدانی ئەدەبدۆستان بوون هەر بۆیەش دەبینین کە نووسەران لەسەر لاپەڕەی ئەو گۆڤارە کەوتوونەتە ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی دەربارەی هەندێ باسی ئەدەبی و شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە، وەک وتاری (کامەران و دیارییەکە)ی مارف بەرزنجی و (کورد و شیعر)ی هەسان* و (کوردو ئسلوبی شیعر)ی مارف خەزنەدار و (شیعر و نووسینی کوردی) ڕەفیق حیلمی و وتارێکی تری ڕەخنەیی مارف بەرزنجی بەناونیشانی (کۆن و تازە لە شیعردا) کە دەڵێت: ( شاعیرو بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆت و زنجیری کۆنیان شکاند و قاڵبێکی تریان دروستکرد. وازیان لە قافیە هێنا، وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسوڕاند، جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا، ئێمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ، گوێ نادرێتە کورتی و درێژی کەرتەکانی شیعر بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ ئەویش بە لانەدان لە وەزن).

**(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

(*) هەسان: ناوی (عومەرعارف)ە.

هەر لە ساڵی (١٩٥٨) دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز بواری ئەوە لەبەردەم نووسەرانی کورد کرایەوە کە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بڵاوبکەنەوە، وەک لێکۆڵینەوەکەی (حسێن عارف) کە بەناوی (محەمەد سدیق عارف) و بەناونیشانی (کامەران و هۆنراوەی نوێ) بڵاوکرایەوە و لێکۆڵینەوەیەکی (محەمەدی مەلاکەریم) دەربارەی (حاجی قادری کۆیی) و لێکۆڵینەوەیەکی (کامیل حەسەن بەسیر) بە زمانی عەرەبی و بە ناونیشانی (کامران شاعر من کوردستان).

هەر لەبواری گەشەسەندنی ڕەخنەی کوردیدا نابێت لە یادمان بچێت کە بە کردنەوەی بەشی کوردی لە ساڵی (١٩٥٩-١٩٦٠ز) لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغداد بوونی بابەتی ڕەخنە لە پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشەدا و وتنەوەی ئەو بابەتە بۆ ماوەیەک لەلایەن (گۆران)ی شاعیرەوە، ڕەخنە سیما و شەقڵێکی گەشتر و زانستانەتری وەرگرت.

لە ناوەڕاستی شەستەکانیشدا بە ئامادەکردنی چەند نامەی ئەکادیمی لەلایەن ئەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی عیراق بڕوانامەی دکتۆرایان لە ئەدەبی کوردیدا بەدەست هێنا بوو ڕەخنەی ئەدەبی هەنگاوێکی نوێی بەرەوپێشچوونی بۆ ڕەخسا، وەک (ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا) (د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) و ( کورتەی مێژوی هاوچەرخی ئەدەبیاتی کوردی) (د. مارف خەزنەدار) و (حاجی قادری کۆیی- ژیان و بەرهەمی) (د.ئیحسان فوئاد).

لە ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (ڕوانگە)دا ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم چالاکیی ڕەخنەییدا کرایەوە و لەپاڵ بەرهەمی بڵاوکراوەی نووسەرانی ئەو بزوتنەوەیە کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەییش دەربارەی بزوتنەوەکە خۆی و دەربارەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بڵاوکرانەوە، بەم پێیە خودی بزوتنەوەی ڕوانگە بوارێکی نوێ و فراوانی لەبەردەم ڕەخنەشدا کردەوە، هەر بۆیە (شێرکۆ بێکەس) لەو کاتەدا وتوویەتی:

(هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە دوو پێوانەی بۆ بکرێت پێوانەیەکی سیاسی و پێوانەیەکی هونەری ئەم دوو پێوانەیە دووولای یەک مەسەلە پێکدەهێنن کە ئەویش ڕەخنە گرتنی ئەدەبییە بۆیە بەیەکەوە گرێدراون و یەک کار ئەکاتە سەر ئەوی تر). **(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

لەدوای ساڵی (١٩٧٥)ز ئەگەر چی تا ڕادەیەک ئەدەب و ڕەخنەی کوردیش وەک شۆڕشەکەی توشی جۆرە نوشستییەک بوو، بەڵام خۆڕاگری و چۆکدانەدانی ئەدیبان و نووسەرانی کورد نەک هەر بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبیمان بەردەوام بێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، بەڵکو خولیای داهێنان و هەنگاونان بەرەو پێشچوون بوو. بە سیمای دیاری ساڵانی هەشتای ئەدەبی کوردی.

# „ پەخشـــان “

## پەخشان بەشێکە لە ئەدەب

پەخشـــان بریتییە لەو دەربڕین و نووســـراوانەی کە هەست و سۆزی مرۆڤ نیشاندەدات پەخشـــانی نوێ بە گشـــتی بایەخ بە سەروا نادات.

## جۆرەکانی پەخشان:

بەشێوەیەکی گشتی پەخشان دەکرێت بە دوو جۆر:

١- پەخشانی زانستی:

ئـەو پەخشـــانەیە کـە باس لە بابەتێکی زانســـتی دەکات و هەســـت و ســـۆزی تێدا نییە، وەک بابەتەکانــی (کیمیا، فیزیا، پزیشـــکی، بیرکاری....).

٢- پەخشانی ئەدەبی:

ئـەو پەخشـــانەیە کـە زیاتـر بایـەخ بـە هەســـت و ســـۆز دەدات، بـۆ ئـەوەی کار لـە بەرامبەرەکـەی بـکات و چێـژی پێببەخشـێت، وەک (وتاری ئەدەبی، چیرۆک، یاداشـت، نامـە، ژیاننامـە، وەرگێڕانـی ئەدەبی).

# ” وتـــار “

وتـار هونەرێکـی ئەدەبییە نوسـەر بـە شـێوەیەکی کـورت و ورد و سـەرنجڕاکێش لایەنێکـی ژیـان باسـدەکات و بیـروڕای خـۆی دەربـارەی دەخاتـەڕوو.

## خاسیەتەکانی وتار

١- کورتی، دەبێت وتار لە چەند لاپەڕەیەک تێپەڕ نەکات.

٢- لەبەرچاوگرتنی جوانکاری لە دەربڕیندا.

٣- تەکنیـک لـە نووسـیندا، هـەر نووسـەرێک ڕێگایەکـی تایبەتـی خـۆی هەیـە بـۆ ڕونکردنـەوە و دارشـتنی بابەتەکـەی بـە زمانـی ڕوناکبیـری سـەردەم.

٤- بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی بیر و هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی.

## جۆرەکانی وتار:

وتـار بابەتـی هەمەچەشـنە لەخۆدەگرێـت، وەک (وتاری سیاسـی، وتـاری ئاینی، وتـاری ڕەخنەیی، وتـاری مێژویی، وتـاری کۆمەلایەتی و وتاری ئەدەبـی.......).

لـە قۆناغەکانـی پێشـوی خوێندنـدا باس لە سـەرەتا و سـەرهەڵدانی وتـاری کوردی کـراوە، لێـرەدا لـە ڕێـرەوی گەشەسـەندنی وتـاردا باس لە چەنـد قۆناغێـک دەکەین:

### قۆناغی یەکەم — ساڵانی (١٩٣٩ -١٩٥٨)ز:

بەڵگەنەویسـتە کـە هەمـوو دەم گەشەسـەندن و لاوازبوونـی بەرهەمـی ئەدەبی کوردی، پەیوەنـداری ئـەو بارودۆخـە سیاسـی و کۆمەلایەتـی و ئابوریەیـە کـە بەرهەمەکـەی تێدا هاتووەتـە ئاراوە.

لـە عیـراق لـە سـاڵی (١٩٣٩)دا گۆڤـاری (گەلاوێژ) دەرچـوو، کە بەدرێژایی (١٠) سـاڵ تا (١٩٤٩) بەردەوامبـوو. لەمـاوەی دەرچوونـی ئـەم گۆڤـارەدا هەموو بەشـەکانی ئـەدەب بە تایبەتـی وتـار، گەشەسـەندنێکی باشـی لـە ڕوخسـار و ناوەڕۆکدا بە خـۆوە دیوە.

لـە میانـی دەرچوونـی ئـەم گۆڤـارەدا تەوژمێکـی تـری وتـار دەبینیـن بەهـۆی

دامەزراندنـی کۆماری کوردسـتان لە سـاڵی (١٩٤٦)ز لـەو ماوە کورتـەی تەمەنی کۆماردا ئـەدەب بـە گشـتی هەنـگاوی بەرەوپێش نـاوە، چەندین گۆڤـار و ڕۆژنامەی هەمە چەشـنە دەرچـوون، لەوانـە (ڕۆژنامـەی کوردسـتان ١٩٤٦، هەڵاڵە ١٩٤٦، گڕوگاڵی منـداڵان ١٩٤٦ ).

پاشـان لـە سـاڵانی چـل و پەنجاکانـدا لـە عیراقدا پێش شۆڕشـی (تەممـوزی ١٩٥٨) چەندیـن ڕۆژنامـە و گۆڤاری تر هاتنە ئاراوە، کە بەهۆیانەوە وتـار هەنگاوی بەرچاوی ناوە، لەوانـە (ڕوناهـی ١٩٤١، نـزار ١٩٤٨ و هیوا ١٩٥٧......) لە وتارنووسـە دیارەکانی ئەم قۆناغە (حوزنـی موکریانـی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، جـەلادەت بەدرخان و ڕوقیەی قـادری ......).

## گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا:

١- زمانی وتارەکان گەشەیان بەخۆیانەوە بینی چونکە زیاتر بەرەو کوردیی پەتی دەبران (هەرچەنـدە هەندێـک جار وشـەی عەرەبی دەقـاودەق لـە نووسـیندا بەکارهێنراوە).

٢- خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە.

٣- بەهـۆی سـەرهەڵدانی وتارنووسـی ژنـەوە ژنـی کـورد هانـدەدرا بـۆ خوێنـدن و خوێنـدەواری و بابەتـی سـەرەکی ناوەرۆکـی وتارەکانیـان بـوو.

٤- زۆر وتـاری وەرگێـڕدراو لە زمانەکانـی دیکەوە دەکرانە کـوردی ناوەرۆکی وتاری کوردییـان پـێ دەوڵەمەندتر دەکرا.

ئـەم پارچەیـەی خوارەوە نمونـەی وتارێکی ئەدەبییە کە لە گۆڤـاری (دەنگی گێتی تازە) دا بـە خامـەی (کامـەران موکری) لـە سـاڵی (١٩٤٦)ز دا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشـانی (شـەونمی بەری بەیان).

### شـەونمی بەری بەیـان

( بەری بەیان بـوو، هێشتا جیهـان پەردەی دەستی لانەدابـوو، ڕووم کـردە باخێك، ئـەم هەمـوو گـوڵ و گوڵزارانـە ئامادەبـوون بـۆ هاتنـی بلبـل دەسـت لـە ملیـان کات. دڵۆپـی شـەونم بریسکەی ئەهـات، بە چەشنی فنجانی زیـوی سەرزێرپیاڵـەی ئاڵتون، کاتێکـزانی بلبـل بـە ناڵینـەوە دەرکـەوت، کەچـاوی کـەوت بـە گـوڵ گەشـاوە، ئـەوە و قەتـرەی شـەونمی زێڕینـی لەسـەر لێویەتـی، تـۆزێ دڵـی هاتـەوە جێـی خـۆی و دەسـتی کـرد بـە خوێنـدن و خەریـك بـوو دەم بـەری دڵۆپێ لـەو ئاورنگـەی سـەرلێوی گـوڵ بخواتـەوە، خـەوی لێکـەوت...).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

## قۆناغی دووەم سـاڵانی (١٩٥٨- ١٩٧٠)ز:

لـەم سـاڵانەدا زۆر گۆڕانـکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئابـوری و ڕوناکبیـری ڕویانـدا، کـە کاریگەرییەکـی قوڵیـان لـە ئەدەبـی کـوردی دروسـتکرد.

لـە دوای شۆڕشـی (١٤ ی تەممـوزی ١٩٥٨) یاسـاکانی ڕژێمـی پێشـوو گـۆڕان، لەوانـە بـواری ڕادەربڕیـن و چاپەمەنـی فراوانتـر و ئازادتـر بـوون، ئەمانە بـوون بەهۆی بـەرەو پێشـچوونی وتـار لـەم قۆناغـەدا، بەتایبەتـی بەهۆی ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانەی کە بڵاودەکرانـەوە لەوانـە (شـەفەق١٩٥٨، ڕای گەل١٩٥٩، بڵێسـە١٩٥٩ و ڕۆژی نـوێ ١٩٦٠...).

بـەڵام لـە سـەرەتای سـاڵانی شەسـتدا بەهـۆی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئەیلـول و تێکچوونی بارودۆخی سیاسـیی کوردسـتان بابەتی وتار بەرەو لاوازی و سستی ڕۆیشتووە. لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکان و دواتـر بەهـۆی دەرچوونـی چەنـد ڕۆژنامـەو گۆڤارێـک بـوار بـۆ گەشەسـەندنی وتـار ڕەخسـایەوە، لەوانـە ڕۆژنامـەی (برایـی، برایەتـی١٩٦٧)ز و (گۆڤـاری سـلێمانی ١٩٦٨)ز .

لـە نووسـەرە ناودارەکانی وتار لەم قۆناغەدا (عیزەدین مسـتەفـا، شـێخ محەمەدی خـاڵ، ڕەمـزی قـەزاز و ئەبـو زەید مسـتەفا سـندی....)

### گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا:

١- زمانـی وتـار پوختەتـر بوو لە ڕووی وشـە و زاراوە دەوڵەمەندتر بـوون، بەتایبەتی کـە زمانـی نووسـینی وتـار بـە زاری کرمانجیـی خـوارو بـوو هەروەها وشـە و زاراوەی زارەکانـی تـری تێکەڵکراوە.

٢- هەوڵدراوە ڕێنووسـێکی ڕاسـت و دروسـت پەیڕەوبکرێت شـێوازە هونەرییەکەشی بـەرز و پڕ لـە جوانکاری بێت.

٣- لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە بابەتـی سیاسـی بـۆ خـۆی سـەرەکیترین بابەت بـوو، کە باسـی بیـری ئازادیخـوازی و پێشـکەوتنخوازی کـراوە. زیاتریش جەخت لەسـەر بیروبـاوەڕی نەتەوەیـی و مافەکانـی کـورد و یەکگرتنـەوەی کوردسـتان کـراوە.

٤- لەپـاڵ گەشەسـەندنی وتـاری سیاسـی، وتـاری کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی ئاسـۆی فراوانتریـان لەبەردەم کرایەوە بە تایبەتی باسـی ئەو بابەتانە کـراوە کە پەیوەندییان بـە نەتەوەی کـورد هەبوو.

٥- لـەم قۆناغـەش زۆر وتـار لـە زمانەکانی بێگانـەوە وەرگێـڕدراون بۆ سـەر زمانی کـوردی لـە هەمـوو بوارەکانـی ئەدەبـی و ڕوناکبیری.

نمونـەی وتارێکـی ئـەم قۆناغـە کە بـە خامەی (ڕەمـزی قەزاز) نووسـراوە لە سـاڵی (١٩٦٧)ز، لـە ژمـارە (٢٩)ی ڕۆژنامـەی (برایـی)دا بڵاویکردووەتـەوە و نووسـیویەتی:

(... ئـەم گرانییـە ئێسـتا بلاوبووەتەوە بـە وڵاتـا، گرانییەکی ڕاسـتەقینە و تـەواو نییە، بەڵکـو گرانییەکی دروسـتکراوە لەلایـەن چەند جامبازێکـی دڵ ڕەقی بێ بـە زەییەوە، ئەمانـە وەك زەروو وانـە، هەمیشـە خەریکی مژینـی خوێنی چینی هـەژار و کرێکارن، ئەمانە لەسـەرلاشـەی چینـی هـەژارو کرێکار بناغـەی سـامان و کۆشـك و تەلاریان دادەنێـن و ئەیبەن بە ئاسـمانا، هەموو بیرو بـاوەڕو ئامانجیان لە ژیانا پـارە کۆکردنەوەو دەسـتکەوتی خۆیانە ...).

**(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)**

## قۆناغی سێیەم   ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩١)ز

لـە دوای ڕێککەوتنـی (١١ی ئـازاری ١٩٧٠) بزوتنـەوەی ئەدەبـی لە کوردسـتان تا ڕادەیەکـی بـاش پێشـکەوتووە، گەلێـک یانـە و کۆمەڵـە دەرکەوتـن، هـەر یەکێکیـان بـۆ گەیاندنـی بیـری خۆیـان چەنـد گۆڤـار و ڕۆژنامەیـان دەردەکـرد، ئەمـەش هەنگاوێکی تر وتـاری بەرەوپێـش برد. هەروەک ئـەم بارودۆخە بزوتنەوەیەکی ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری لەنـاو نووسـەران و جەمـاوەردا خوڵقانـد، گەلێـک ڕۆژنامـە، گۆڤـاری ئەدەبی، زانسـتی و ڕوناکبیـری وەک (زانیـاری ١٩٧٠)، (نووسـەری کـورد ١٩٧١)، (ڕۆژی کوردسـتان ١٩٧١)، (کـۆڕی زانیـاری کـورد ١٩٧٣) دەرچوێندران.

بێگومـان ئـەم ڕووە گەشـەی بـەرەو پێشـچوونی وتار تـا سـاڵی (١٩٧٤)ی خایاند بەڵام نسـکۆی شـۆڕش و هەڵگیرسـاندنەوەی شـۆڕش لە سـاڵی (١٩٧٥) و چەند سـاڵێکی دوای ئـەو ڕوداوە بـۆ خۆیـان چەشـنە ئاسـتەنگێکیان لەبـەردەم ئەدەبی کوردی بەگشـتی و هونـەری وتـاردا دروسـتکرد و کاتـێ ڕاگەیاندنـی کوردی لەو چەند سـاڵەدا ئـەو ڕووە گەشـەی پێشـووی نەمـا و کەوتـە ژێر فشـارەوە.

لەگەڵ هەموو ئەم ئاستەنگانەشدا نووسەرانی کورد لە شارەکاندا، لە دوای نسکۆ و لەو چەند ژمارە کەمەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لەو سەردەمەدا دەردەچوون وەک (هاوکاری، بەیان و ڕۆشنبیری نوێ) بەردەوامبوون و توانییان وتار بەرەوپێش ببەن. هەر لە پاڵ ئەمەدا نووسەرانی شاخیش لەدوای نسکۆ لە بڵاوکراوەکانی شۆڕش چالاکانە بایەخیان بە وتار داوە، بەتایبەتی وتاری سیاسی لە بڵاوکراوەکانی شاخ (نووسەری کوردستان، گزنگ، هەڵمەت، قەندیل، هەڵویستی ئەدەب و بانگ،...) بوون.

لە دەنگە دیارەکان و قەڵەم ڕەوانەکانی وتارنووسین لەم ساڵانەدا (تەها بەرواری، مستەفا نەریمان و جەمال خەزنەدار،...).

هەروەها ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو نووسەرانی کورد لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە دژی سیاسەتی توانەوەی نەتەوەکەیان خەباتیاندەکرد، هەر بۆیە وتارەکانی ئەو ساڵانە بۆخۆیان دەبوونە بنەما و پێکهێنەرێکی پتەوی ئەدەبی کوردی.

## گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لەم قۆناغەدا:

١- لە سەرەتای ساڵانی حەفتا زمانی وتار گەشەیەکی دیاری بەخۆیەوە بینی کە لە قۆناغەکانی پێشووتر بەو ڕادەیە نەبینرابوو. بە تایبەتی کە پڕۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی بە کوردی دانران، ئەمەش وایکرد، کۆمەڵێک وشە و زاراوەی نوێ بێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی و دەوڵەمەندتری بکات.

٢- لەدوای نسکۆی شۆڕشی لە ساڵی (١٩٧٥)ز دیاردەیەک بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بەتایبەتی لە بڵاوکراوەکانی ناو شاردا کە بریتی بوو لە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ، واتە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێما و نیشانە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەرەتای حەفتاکاندا نووسەران بێ ترس و سڵکردنەوە هەست و سۆز و بیری خۆیان دەردەبڕی چونکە بارودۆخەکە ئازادی و سەربەستی بۆ نوسەران فەراهەمکردبوو.

٣- لەم قۆناغەدا وتار وەک هۆیەک بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا، چونکە ڕژێم هەوڵی شێواندن و لەناوبردنی زمانی کوردی دەدا.

٤- لـەدوای نسـكۆی (١٩٧٥)ز جیـاوازی كەوتـە نێـوان نوسـەرانی شـار و شـاخ لـە خسـتنەڕووی بابەتەكانـدا، چونكـە ئەو سەربەسـتییەی نووسـەرانی شـاخ هەیانبوو هەرگیـز نووسـەرانی شـار نەیانبـوو.

لەبەرئـەوەی وتـاری سیاسـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەكانـی نـاو شـاردا پاشەكشـەی كـرد بەرامبـەر ئـەوە لـە بڵاوكراوەكانـی شـاخ واتـا نـاو شـۆڕش بایەخـی زۆری پێـدەدرا و زیاتر گەشـەیدەكردو نووسـەرانی شـاریش هەوڵیاندەدا لـە ڕێگەی وتارە كۆمەڵایەتـی و مێژویـی و ڕۆشـنبیرییە گشـتییەكاندا بیـر و بۆچـوون و هەسـت و سـۆزی نەتەوایەتیـان پیشـانبدەن.

وەک لەم دەقەی (سەبری بۆتانی):

((ئەڤەدەبـا كـوردی ژ سـترانا زمانـێ كوردیڤـە دەسـتپێكریە. لـێ مخابـن نەهاتییە نڤیسـاندن....ئەز ڤـێ دبێـژم چكۆ بێگومـان ئەگەر سـترانەك تەنێ ژ بـەری چەند هزار سـالەكا بهاتا نڤیسـاندن مەو بیانیا ژ دی بگۆتـا ژهنگێ ڤە پەیـدا بوویە. ڤێجا گەرەكە باشـتر بهێتە زانین كو سـترانا كوردی شـعرە، سـەرهاتییە، چیرۆكە، پەسـنە، ڕێزگرتنـە، بیروباوەڕە، شـیرەتە، ئەڤینە، ئۆل و ئایینە، كورت و كرمانجی شـین و شـادی وفەلسـەفا ژینـا میللەتێ مەیـە......)).

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە)

# چیرۆکی کوردی لە شەڕی دووەمی جیهان

چیرۆکی هونەری، وەک بابەتێکی ئەدەبی تازەی بێگانە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، لە بنەڕەتدا هونەرێکی ئەوروپییە پێویستی ژیان وایکردووە، وەک ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیش بارودۆخی بۆ هەڵکەوت، ئینجا سەری هەڵدا و پێگەیشت، ئاشکراشە هەموو داهێنانێکی نوێ بە سادەیی دەستپێدەکات، ئینجا گەشەدەکات و پێشدەکەوێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین، کە بێ ئەو سەرەتایە ئەوەی ئێستا هەیە نەدەبوو دوای ئەوەی لە قۆناغەکانی پێشووی خوێندن باسی سەرەتا و سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چیرۆکی هونەریی کوردی کرا، ئەوا لە شەڕی دووەمی جیهانەوە چیرۆکی هونەریی کوردی بەپێی چەند قۆناغێکی مێژویی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشدەکەین.

١- چیرۆکی هونەریی کوردی لەساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٥٨
٢- چیرۆکی هونەریی کوردی لەساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٧٠
٣- چیرۆکی هونەریی کوردی لەساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٩١

## قۆناغی یەکەم — چیرۆکی هونەری کوردی لەساڵی ( ١٩٣٩ – ١٩٥٨ )ز

دەتوانین ئەم قۆناغە ناوبنێین بە قۆناغی گەشەسەندنی چیرۆکی هونەری کوردی، چونکە لەم قۆناغەدا هونەری نووسینی چیرۆکی کورت گەشەیکرد، دەرچوونی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی وەک (گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە لە بەغدا ، هاوار ، ڕۆژا نوو لە شام، ڕۆژنامەی ژین و ژیان لە سلێمانی) ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە گەشەسەندنی ئەم تەرزە چیرۆکە.

## چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)ز

یەکێک لەو هونەرە ئەدەبییانەی گۆڤاری گەلاوێژ لە (١٩٣٩- تا ١٩٤٩)ز رۆڵێکی ئاشکرا و دیاری لە جێگیربوون و رەگ داکوتانیدا هەبوو، (چیرۆکی هونەریی کوردی) بوو.

گەلاوێژ هەر لە یەکەم ژمارەی گۆشەیەکی تایبەتی بۆ چیرۆک داناوە، ناوی (چیرۆکی ئەم مانگە)ی لێناوە، لە سەرجەم ژمارەکانی ئەم گۆشەیە دەبینرێت، تا دوا ژمارەی کە (١١٦)یە، چونکە بە بەشێکی سەرەکیی ئەدەبی نوێیان زانیوە، هەر لەم گۆڤارەدا ئاوڕدانەوە لە چیرۆکی وەرگێڕدراو کارێکی زۆر بەجێبووە بۆ چاوکردنەوەی لاوەکانی، ئەوساش بە کەڵکبوو، چیرۆکە وەرگێڕدراوەکان هی ئەو نووسەرانە بوون کە ناوبانگیان هەبوو لە جیهاندا.... سەرنجی خوێنەر و نووسەرانی کوردیان ڕادەکێشا، چیرۆکەکانیش زیاتر لە زمانی ئینگلیزی و هەندێکیشیان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون.

بابەتێکی دیاری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ ناکۆکی و ململانێی نێوان دووچینی سەرەکیی کۆمەڵ، کە دەرەبەگ و ئاغاکان لەلایەک و جوتیار و کاسبکارانی کوردستان لەلایەکی ترەوە بوو، کە وێنەی ژیانی پرمەینەتی ئەو ڕۆژانەی شەڕی دووەمی جیهانی بوون، هەر لە پای ئەو بابەتەدا ڕەخنەگرتن لە نەریت و خورەوشتی دوواکەوتووی کۆمەڵایەتی بوو بە بابەتێکی تری چیرۆک لەو ماوەیەدا. لە چیرۆکەکانی (گەلاوێژ) ئەوەش دەبینرێت کە نوسەرەکان بەتەواوی لایەنگری جوتیارن هەروەها لە بەشێک لە چیرۆکەکان ئافرەت کراوە بە پاڵەوانی چیرۆک، هەندێک دیاردە خراپی کۆمەڵگە وەک: شیربایی و کچ فرۆشتن باسکراوە.

هەر ئەم چەشنە بایەخدانەی چیرۆکنووسانی کورد بەو جۆرە کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییانە بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ چیرۆکی کوردی بەرەو ڕێبازی ڕیالیزمی هەنگاوبنێت، دیارترین چیرۆکنووسەکانی گەلاوێژ، (شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی و برایم ئەحمەد)بوون.

## تەکنیك و زمانی داڕشتنی چیرۆکەکان:

چیرۆکەکانی سەرەتای گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕووی زمان و تەکنیکییەوە پێشکەوتنی ئەوتۆیان پێوە دیار نییە، واتا زمانی نووسینی چیرۆکەکان کوردی پەتی نییە، وەک زمانی نووسینی ئەو سەردەمە، پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و فارسی، هەروەها لە ڕووی تەکنیکییەوە بەگشتی شێوازی چیرۆکەکان گێڕانەوەی ئاساییە و هیچ کاریگەرییەکی هونەری نوێی چیرۆکی پێوەنییە، زیاتر شێوەی ڕاپۆرت نووسینیان پێوەدیارە، یاخود گەلێ چیرۆکنووس هەوڵیانداوە باسێکی فۆلکلۆری یا ئەفسانەیی بێنن بەرگی چیرۆکێکی هونەری بەبەردا بکەن.

بەڵام دواتر زمانی نووسینی چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بەرەو کوردی پەتیی ڕەوان دەڕوات و لە وشەی بێگانە پاکدەکرێتەوە لە جێگایان وشەی کوردی ڕەسەن یان وشەی گونجاو بەکارهێنراوە. هەروەها شێوەی هونەری نوێ و تازەتر بەکارهاتووە، واتا دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی گەلاوێژ لە ڕووی تەکنیکی هونەرییەوە لەچاو پێش خۆیان بەرەوپێشچوون و سیمای هونەری نوێیان پێوە دیارە، ڕستە و وەسفەکان بەسۆز و کاریگەرن و زنجیرەی باسەکان هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەیەکەوە بەندن و خوێنەر ڕادەکێشن بۆ چێژ لێوەرگرتنیان.

## چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاوار ( ١٩٤١ - ١٩٤٣ )ز

گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی (١٩٣٢)ز کە لە شام دەردەچوو لە(١٩٤١ تا ١٩٤٣)ز بایەخی زۆری بە بڵاوکردنەوەی چیرۆک داوە و لە نرخ و بەهای ئەم هونەرە تازەیە باش تێگەیشتبوو.

لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەشدا چەند چیرۆکنووسی بەتوانا و بەهرەمەند هەڵکەوتن کە دیارترینیان (جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، قەدری جان، ئوسمان سەبری و نورەدین زازا.... هتد) بوون چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار بە زاری کرمانجی سەروو نووسراون و هەندێکیان بە چیرۆکی هونەری دادەنرێن، چونکە پلەی هونەرییان بەرزە، ئەوانی تریش سیمای چیرۆکی فۆلکلۆری کوردییان پێوەدیارە بەشێکیشیان بە زمانی گیانداران نووسراون...

لــە ڕووی ناوەڕۆکــەوە زیاتــر هەوڵیانداوە، پرســی نەتەوایەتــی و خەباتی چینایەتی بخەنــەڕوو، ڕەخنــە لە ناهەمــواری بــاری کۆمەڵگە بگــرن، هەروەهــا دەردی هەژاری و نەخوێنــدەواری بخەنــەڕوو، ئەم گۆڤارەش بایەخیــداوە بە چیرۆکی وەرگێــڕاو بەتایبەتی لــە زمانــی فەڕەنســی و عەرەبییــەوە دەکرانە کــوردی، هەندێــک جاریش هــەر چیرۆکە کوردییــەکان لــە هەمان ژمارەدا کــراون، بە فەڕەنســی کە ئەمەش ئەزمونێکــی تازە بوو لە ئەدەبــی کوردیدا.

لە ڕووی تەکنیکیشــەوە بەشــی زۆری چیرۆکە نووســراو و بڵاوکراوەکان لە ئاستێکی هونەری پێشــکەوتوودان و تەواو و تۆکمەن چونکە چیرۆکنووســەکان زمانی فەڕەنســی و ئەڵمانــی و ئینگلیزییان زانیوە.

## قۆناغی دووەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە ساڵی (١٩٥٨ -١٩٧٠)ز

لــەم قۆناغــەدا بــەدواوە بەهــۆی ئاڵۆزبوونــی باری سیاســیی وڵات و ســەرهەڵدانی شۆڕشــی ئەیلــول لــە ســاڵی ١٩٦١ز بەربەرەکانــی ئەدەبــی کــوردی و چاپەمەنــی کوردی دەکــرا، ئــەم بارودۆخــەش کە بەســەر مێــژوی نەتەوایەتیماندا هــات جۆرێک لــە نائومێدی باڵــی کێشــا بەســەر ئەدەبی کوردیــدا و چەند ســاڵانێکی خایانــد، دیارە چیرۆکــی کوردیش کپــی و سســتی و دواکەوتنــی بەخۆیــەوە بینــی، بــەڵام ئــەم بارودۆخــە هــەر وا نەمایەوە، لــە ناوەڕاســتی ســاڵانی شەســتدا چیرۆکی کــوردی تــا ڕادەیەک پشــوی پیاهاتــەوە، چەند گۆڤــار و ڕۆژنامەیەکیــش دەرچــوون و زەمینەیەکــی لەباری بۆ ڕەخســا کــە جارێکی دیکە پێشــبکەوێتەوە.

### چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری شەفەق (١٩٥٨)

لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٥٨ز لە شــاری کەرکوک گۆڤــاری (شــەفەق) دەرچوو، کە ڕۆڵێکــی بەرچــاوی هەبــوو لــە پێشخســتنی چیرۆکــی هونەریــی کــوردی بــۆ نمونــە: گرەوێکــی ڕێکخســت بــۆ باشــترین ســێ چیرۆکــی کــورت بۆ ئەم مەبەســتەش، ســێ خەڵاتــی تەرخانکرد کە لە ئەنجامدا چیرۆکی (چای شــیرین)ی (حســین عارف) پاداشــتی یەکەمــی وەرگرت، کە بەناوی خواســتراوی (محمد صدیق عــارف) بڵاوکرایەوە، چیرۆکی (چەنــدم لــێ ئەســتێنی)ی (مســتەفا صالــح کەریم) پاداشــتی دووەمــی پێــدرا، چیرۆکی

(شەویکی دریژ)ی (محەمەد سالح دیلان)ی شاعیریش پاداشتی سییەمی پیدرا.
لەم ماوەیەدا چەند چیرۆکنووسیک بۆ یەکەمجار دەستیاندایە بلاوکردنەوەی چیرۆکی کورت، لە قۆناغەکانی دواتریش هەر ناویان دەدرەوشیتەوە وەک (حسین عارف، جەمال بابان، محەرەم محەمەد ئەمین، حەسەنی قزلجی ... هتد).

لەم قۆناغەدا چەند چیرۆکنوسیک بۆ یەکەمین جار چیرۆکی مامناوەندی بلاودەکەنەوە و جیگیریدەکەن لەوانە (جەمال بابان) بە چیرۆکی (خانزاد ، پەلە هەوریکی چلکن) و (جەمال نەبەز)یش بە چیرۆکی (لالۆ کەریم) و (محمد صالح سعید) بە چیرۆکی (کاروانی)... (کە ئەم چیرۆکانە ماوەی رووداوەکان و ژمارەی کەسەکانیان لە چیرۆکی کورت زیاترە، بەلام ناگەنە چیرۆکی دریژ واتا (رۆمان)).

دەبیت ئەوەش بزانین، کە پیشتر دوو چیرۆکی مامناوەندی بە ناوی (لە خەوما) ی (جەمیل صائیب) سالی (١٩٢٥)ز لە (١٩٧٥)ز چاپکراوە و (مەسەلەی ویژدان) ی (ئەحمەد موختار جاف) لە سالی (١٩٢٩)ز نوسراوە و لە سالی (١٩٧٠)ز چاپکراوە. بەلام لەبەرئەوەی لەکاتی خۆیدا بە کتیب بلاونەکراونەتەوە، لە قۆناغی خۆیاندا جیگیر نەکراون.

## چیرۆکەکانی ئەم سەردەمە دوو جۆری سەرەکین:

هەندیک لەو چیرۆکانە زۆر سادەن و بابەتەکانیان دوور لە روخساری هونەری خراونەتە بەرچاو، لە بازنەی نائومیدی دەخولینەوە و پیشکەوتنیان بەدەست نەهیناوە.
بەشیکی تریشیان گەشەو پیشکەوتنیان پیوە دیارە، چ لە رووی ناوەرۆک و روالەتی هونەری و رەوانی زمانەوە بیت، لە رووی ئەوەی کە مۆرکی کوردەوارییان پیوە دیاربیت، قارەمانەکانیان کەسانی ناو کۆمەلی کوردەواری بوون، رووداوەکانیش رووداوی سەردەمەکە بوون، ناوەرۆکی چیرۆک لەم قۆناغەدا بایەخی بە کیشەی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی سەردەمەکە داوە.
لەم قۆناغە بەدواوە چیرۆکنووسەکان هەولیانداوە زۆر بە ئاشکرا باسی بابەتە سیاسییەکان بکەن، لەبەرئەوەی چیرۆکنووسەکان زۆربەیان لەگەل شۆرشی کورد و سەر بە بزووتنەوەی نیشتمانی بوون، چ بە بیروباوەر بیت، یان بە کردار، رۆژانەش

بە چاوی خۆیان چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدانی گەلەکەیان دەدیت، بەدەستی رژێمی داگیرکەری کوردستان، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە نرخی هونەری چیرۆکەکان بێتە خوارەوە، لە داهێنان بکەوێت، زمانی چیرۆکەکان سادە بێت و شێوە و تەکنیکیان لاواز بێت. بە ئاشکراش مەبەست بدەن بە دەستەوە.

هەندێـک جاریـش بارودۆخی سیاســی پوختـی و ڕەوانـی پێشـووی لاوازکردووە لـە ڕووی دارشــتندا چیرۆکەکانی بـەرەو چرکردنەوە بـردووە تا ڕادەیەکیـش ڕەمزیان بەکارهێنــاوە.

## قۆناغی سێیەم: چیرۆکی هونەریی کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٩١)ز

ســاڵی (١٩٧٠)ز بــە قۆناغێکــی نــوێ دادەنرێــت لــە مێــژوی عیــراق بــە گشــتی و گەلـی کـورد بەتایبەتـی، لەبەرئـەوەی لـەو سـاڵەدا بـۆ یەکەمجـار حکومەتی عیـراق دانی بــە مافــە ڕەواکانــی گەلــی کــورد نــا، لــە ڕێکەوتنامــەی ١١ی ئــازاری (١٩٧٠)ز کــە لەگەڵ ســەرکردایەتی شۆڕشــی کورد مــۆری کردبوو، ئەمــەش بەماوەی گەشەســەندن و ئاڵوگۆڕ دادەنرێـت لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە، دیـارە زەمینەیەکـی لەبـار و ڕێگـە خۆشـکەر بوو بۆ ئــەوەی چەندیــن دەزگای ڕۆشــنبیری کــوردی بێنەکایــەوە، هەروەها کۆمەڵێـک ڕۆژنامە و گۆڤــاری جۆراوجۆر بە زمانی کــوردی دەربچن، وەک ڕۆژنامەکانی (هــاوکاری، بیری نوێ، ژیـن) هەروهــا گۆڤــاری (بەیــان، ڕۆژی کوردســتان و ڕۆشــنبیری نوێ) هەمــوو ئەمانەش زەمینەیــان بــۆ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک چیرۆک لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا خۆشــکرد، لەگەڵ چاپکردنــی چەندیــن کۆمەڵــە چیرۆکێــک.. کە دواتــر بوون بە هــۆی گەشەســەندنی زیاتری چیرۆکــی کــوردی لــە ڕووی ڕوخســار و ناوەرۆکەوە، خــۆ دەرچوونی بەیانــی (ڕوانگە) لە بەهــاری ســاڵی (١٩٧٠)ز یەکێــک بوو لەو هــەوڵ و ڕێبازە نوێیانەی کــەوای کرد ژمارەیەک چیرۆکنــووس پەیدابــن جگە لە ســازدانی کۆڕی ئەدەبــی و زاڵبوونی کەشــوهەوایەکی باش بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی باری ڕۆشــنبیری گشــتی، ڕوانگە چیرۆکی کوردی لە سستــی و دووبارەبوونــەوە ڕزگارکــرد. زەمینەیەکی نوێی بــۆ چیرۆکی کوردی ئامادەکــرد، دیوارێکی لەنێــوان چیرۆکــی کــۆن و نوێدا دروســتکرد. بــە تەکنیکی تــازە و بەکارهێنانــی دیالۆگ* و

(*) دیالۆگ: یەکتر دواندن

مەنەلۆگ* و چڕکردنەوەی گێڕانەوە و بەکارهێنانی تەوژمی هۆش ئاستی چیرۆکی کوردی بەرزکردەوە.

لەسەرەتای سالانی حەفتادا کۆمەڵێک چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازەوە بەردەوامبوون، وەک: (حسێن عارف، محەمەد مەولود (مەم)، کاکە مەم بۆتانی و مستەفا سالح کەریم)..هەروەها چەند چیرۆکنووسێکی تازەش بۆ یەکەمینجار دەستیان بە نووسینی چیرۆک کرد کە دواتر ناوبانگیان پەیداکرد وەک (محەمەد موکری، محەمەد فەریق حەسەن، رەئوف بێگەرد و شێرزاد حەسەن...)

لەم قۆناغەدا دوو ڕوداوی تر کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی چیرۆکی کوردییەوە هەبوو کە ئەوانیش شکستی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو لە ناوەڕاستی سالانی حەفتادا، هەروەها هەڵگیرسانی شەڕی درێژ خایەنی هەشت ساڵەی نێوان عیراق و ئێران (١٩٨٠- ١٩٨٨)ز.

ئەم ڕوداوانە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆکی کوردی بە تایبەتی هەبوو، لەساڵی (١٩٧٠)ز بەدواوە بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی چیرۆکی کوردی گۆڕانیان بەسەرداهات هەرچەندە هەندێ لەو بابەتانەی پێشوو دووبارە دەبنەوە بەلام لەپاڵ کێشەی کرێکار و خاوەنکاری دەوڵەمەند، گیروگرفتی شاریش بوو بە هەوێنی چیرۆک.. لەدوای ساڵی( ١٩٧٥)ز و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش جۆرێکی تر لە چیرۆک پەیدابوو کە چیرۆکی (بەرگری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد) چونکە دوای شکستی (١٩٧٥)ز مان و بوونی گەلی کورد کەوتە مەترسی.

تاوانی قڕکردن و لەناوبردن (جینۆساید) بە ئاشکرا بەرامبەر کورد پەیڕەودەکرا و کورد کەوتە بەرامبەر هێزێکی دڕندەی وەک بەعس کە خاوەن تازەترین چەکی سەردەم بوو، بۆیە چیرۆکنووسە کوردەکان ئەرکێکی پیرۆزیان کەوتە سەرشان کە ئەویش داکۆکیکردن بوو لە مانی نەتەوەی خۆیان و هانی خەڵکیان دەدا بۆ بەرگریکردن و هۆشیارکردنەوە لە ڕووی بیروباوەڕەوە.

---

(*) مەنەلۆگ : خۆدواندن

## تەکنیکی چیرۆکی کوردی لە قۆناغی (١٩٧٠ - ١٩٩١):

١- چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سودی لە بەیت و لاوک و داستانی کۆنی فۆلکلۆری وەرگرتووە، کە ئەمەش ئاوڕدانەوەیەکی پیرۆز و سەرەتایەکی لەبار بوو بۆ چیرۆکنووسان، کە ئاوڕ لە گەنجینەی (بەیت و لاوک)ی کوردی بدەنەوە و بەکاریان بێنن بۆ خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی هیوا و خەمەکانی مرۆڤی کوردی هاوچەرخ وەک لە چیرۆکی (لاوکی سوارە)ی (محەمەد فەریق حەسەن) و (بەیتی سمۆ)ی ڕەئووف بێگەرد و (هێلەگ)ی عەبدوڵلا سەراج...

٢- هەروەها لە چیرۆکی کوردی (ڕەمز) بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەکارهێنراوە، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی تەکنیک بۆ جوانکاری بەکاردێت، هەروەها بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی چیرۆکنووس بەتایبەتی لەو بارودۆخانە ڕێی دەربڕینی ڕاستەوخۆ لە نووسەران دەگیرێت، بەهۆی بارودۆخی سیاسیی توندوتیژی داگیرکەران بۆ نمونە (ڕەوەبەراز) ڕەمزی داگیرکەرە یان شەڕ خوازییە... (داربەڕو) ڕەمزی کورد و خۆڕاگری کورد و ڕەگ داکوتانی ئەوە لەناو خاکی کوردستان (ئەسپ) زۆر جار ڕەمزی شۆڕشە.

٣- چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا سودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە کە ئەمەش چەکێکی تازەی دایە دەست نوسەر، بووە هۆی شکاندنی قاڵبی خۆبەستنەوەی چیرۆکنووس لە کاتێکی دیاریکراو کە ئەمەش لە چیرۆکەکانی (ئەحلام مەنسور، ئەنوەر محەمەد تاهیر و عەبدوڵلا سەراج...) دەبینرێت.

٤- کاریگەریی ئەدەبی بێگانە واتە چیرۆکی گەلانی تر زۆر بەئاشکرا دیارە بەسەر چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا، بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئەمریکای لاتینی و ئەڵمانی و ڕوسی.. بەشێوەیەکی ئاشکرا لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتادا، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە دەکرێت، سود لە ئەزمونی چیرۆکی گەلانی تر وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشبردنی ئەزمونی چیرۆکی خۆمان.

٥- لە ڕووی زمانەوە، ناکرێت بڵێین کە زمان لای هەموو چیرۆکنوسانی ئەم قۆناغە وەک یەک یا بەیەک ئاست ناو بنرێت، بگرە لای چیرۆکنوسیش لە کۆمەڵە چیرۆکێکەوە وەک ئەوەکەی تر نییە، زمان لای هەندێک چیرۆکنوس، زۆر سادە و ساکارە درێژە پێدەری زمانی نووسینی چیرۆکە لە قۆناغەکانی پێشووتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکی

کـەم، بـەڵام لای هەندێک چیرۆکنوسـی تر زمانی نووسـینی چیرۆکـەکان جیاواز تر و چڕوپڕتـر و تۆکمەتـر بوو، بۆ نمونە چیرۆکنوس (شـێرزاد حەسـەن) بەئاشـکرا دیارە خـاوەن زمانێکـی دەوڵەمەنـدی تایبەت بـە خۆیەتی، زمانی شـیعر زاڵە بەسـەر زمانی چیرۆکەکانیـدا، کە خوێنەر ڕادەکێشـێت، وایلێدەکات چێژ لـە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی وەربگرێت.

لـە هـەردوو کۆمەڵـە چیرۆکەکانـی (تەنیایـی) کـە لـە سـاڵی ١٩٨٣ز و (گوڵـی ڕەش)، کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩ز بڵاوکراونەتـەوە دیـار و بەرچـاوە...

لای (حسـێن عارف)زمانی نوسـینی چیرۆک تۆکمە و بە پێـزە، بەتایبەتی لە کۆمەڵ چیرۆکەکانی (تویێشـووی سـەفەرێکی سـەخت)ە سـاڵی (١٩٧٩) و (گەلەگورگ) کە لە سـاڵی ١٩٨٣ز بڵاوکراوەتـەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکـی (گەلەگورگ) زمان زۆر دەوڵەمەندتـر و شـیرینتر و سەرنجڕاکێشـترە، لەچـاو هەموو چیرۆکەکانی پێشـوتری.

# ”ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا“

ڕۆمان واتە چیرۆکی درێژ، ڕوداوەکانی زۆر چڕوپڕن، ماوەی ڕوداوەکانی زۆر دوور و درێژترن لە هی چیرۆکی کورت و چیرۆکی مامناوەندی، هەروەها ژمارەی کەسەکانی لە هی چیرۆکی کورت و مامناوەندی زیاترن.

ڕۆماننوسین یەکێکە لە هونەرە ئەدەبییە گرانەکان، لە سەدەی حەڤدەهەم لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، بەڵام چەرخی زێرینی ڕۆمان لە ئەوروپا سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، زۆر لە ڕەخنەگران ڕۆمان بە داستانی سەدەی تازە ناودەبەن، نوسینی ڕۆمان لەناو گەلانی خۆرهەڵات لە چاو گەلانی خۆرئاوا زۆر دواکەوتووە.... لە کاتێکدا دەیان ڕۆماننوسی ناودار لە ئەوروپا و لە هەموو جیهان ناوەکانیان دەدرەوشێتەوە، ڕۆمانەکانیان بە بەردەوامی وەردەگێردرێن بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، کەمتر ناوی ڕۆماننوسانی عەرەب و فارس و تورک دەبیسترێت، نوسینی ڕۆمان لەناو کورد زۆر دواکەوتووترە لەچاو نەتەوەکانی تری عەرەب و فارس و تورک، چونکە ئەو بارودۆخەی کە بۆ نوسەرێکی عەرەب و فارس و تورک ڕەخساوە، هەرگیز بۆ نوسەرێکی کورد نەڕەخساوە، بگرە زۆر جاریش نووسەری کورد دژایەتیدەکرێت و دەرفەتی چاپکردنیش بۆ نوسەری کورد زۆر دژوار و ئەستەم بوو.

## سەرەتای ڕۆماننوسین لە ئەدەبی کوردیدا

بۆ یەکەمجار نوسینی ڕۆمان بە زمانی کوردی لەناو کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەستپێکردووە، یەکەمین هەوڵیش لەلایەن نوسەری گەورە عەرەبی شەمۆ دراوە، لە ساڵی ١٩٣٥ز ڕۆمانی (شڤانی کورد) بە زاری کرمانجیی سەروو بە ڕێنوسی لاتینی نوسیوە، ئەم ڕۆمانە دواتر کراوە بە ڕوسی و فەرەنسی و ئەرمەنی .... ڕۆمانی (کوردی ئەلەگەز و بەربانگ) دواتریش (قەڵای دمدم) لە ساڵی (١٩٦٦ز) نوسیوە، دوای عەرەبی شەمۆ چەند نوسەرێکی کوردی سۆڤیەتی تر دەستیانکردووە بە نووسینی ڕۆمان، لەوانە (حاجی جوندی) کە ڕۆمانی

(هـەواریّ و بەهـار هـات)ی نوسـیوە، (عەلـی عەبدولڕەحمـان) ڕۆمانەکانـی (خاتـێ خانـم و گوندی مێرخاسـا)ی نووسـی، ئـەم ڕۆمانانە بەشـێکی زۆریـان کاریگەرییەکی ئەوتۆیـان نەبـووە لەسـەر ڕەوتی گەشەسـەندنی ڕۆمان لەنـاو کوردسـتاندا، چونکە تا درەنـگ نەگەیشـتوونەتە پارچەکانـی کوردسـتان. نووسـەرانی کورد لەنـاو پارچەکانی کوردسـتاندا ئـەم ڕۆمانانەیـان نەخوێندووەتـەوە نەیانبینیـوون.

ڕۆمانـەکان بـە شـێوەزاری کرمانجی سـەروو بە ڕێنووسـی لاتینی نووسـراون، زمانی نووسـینیان زۆر سـادە و ڕەوانە.

- بیروباوەڕی سۆشیالیزمی بەسەر ڕووداوەکان زاڵە.
- شـێوەی ڕۆمانـەکان گێڕانەوەیـە وەک داسـتان و چیرۆکە فۆلکلۆرییـەکان، چونکە بناغەی نووسـینی ڕۆمانەکان داسـتان و ئەفسـانە و حەکایەتـی فۆلکلۆری کوردین، دوورن لـە تەکنیکی تـازە و هاوچەرخ.

## قۆناغی جێگیربوون

لـە کوردسـتان هـەر وەک پێشـتر ئاماژەمان پێـدا، تا سـاڵانێکی درەنگی سـەدەی بیسـتەم هیچ ڕۆمانێک بە زمانی کوردی نەنوسـراوە، بەڵام دواتر دوو هەوڵی دیار هەن، دەتوانیـن بـە بناغەی بنیـادی ڕۆمانی کـوردی دابنێین، ئەگەر بە هەر بارێکدا تەماشـایان بکەیـن، ناتوانیـن بـە دەستپێشـخەرییەکی گەورەیـان نەزانیـن، ئـەو دوو هەوڵـەش هـەردوو ڕۆمانـی (پێشـمەرگە)ی (ڕەحیمی قـازی) و (ژانی گـەل)ی ( برایـم ئەحمەد)ن.

ڕۆمانـی (پێشـمەرگە) لە سـاڵی ١٩٦٠ز لە شـاری بەغدا چاپکراوە، کـە ڕووداوەکانی دەربارەی سـەردەمی دامەزراندنی (کۆماری کوردسـتان)ە لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٤٦ز، چونکـە نوسـەر خـۆی لەناوجەرگـەی ڕووداوەکان بـوو، بۆیـە لە خەباتی ئەو سـاڵانەی گەلـی کـورد دەدوێـت و ڕووداوەکان تێکـەڵ بە چەنـد کێشـەیەکی تـر دەکات، بەتایبەتی کێشـەی جوتیار لەگـەڵ دەرەبەگدا.

لـە سـاڵی ١٩٧٢ز ڕۆمانی(ژانـی گـەل)ی برایـم ئەحمەد لـە بەغدا چاپکرا، نوسـەر خـۆی دەڵێـت لە سـاڵی (١٩٥٦)ز نوسـیویەتی بـەڵام لەبـەر نەبوونی دەرفەتـی گونجاو

نەیتوانیوە لە کات و سەردەمی خۆیدا چاپیبکات. ئەم ڕۆمانە زیاتر لە (ڕۆمانی پێشمەرگە) دەنگی دایەوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتە کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی لە بابەت بڵاوکرایەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە ساڵی ١٩٧٦ ز ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ، لەلایەن (شوکر مستەفا) لە زاری کرمانجیی سەروو بۆ زاری کرمانجی خواروو وەرگێڕدراوە.

زمانی نوسینی ڕۆمانە کوردییەکان لەم قۆناغەدا زمانێکی تۆکمە و کوردییەکی زۆر ڕەوانە، خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانانە سیما و شەقڵی خەباتی نەتەوایەتییان پۆشیبوو، ڕووداوەکان خۆماڵین و لەناوجەرگەی کۆمەڵی کوردەواری هەڵهێنجراون، شێوەی نووسین زیاتر گێڕانەوەیە، دوورە لە تەکنیکی هاوچەرخ و تەمومژ و ئاڵۆزی.

## قۆناغی گەشەسەندن

ئەم قۆناغە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەستپێدەکات و دوو دیاردەی ئاشکرای پێوە دیارە:

١) ژمارەی ڕۆمانی خۆماڵی نووسراو بە زمانی کوردی زیاتر دەبینرێت لە چاو قۆناغەکانی پێشووتر.

٢) ژمارەی ڕۆمانی وەرگێڕاو لە زمانی بێگانە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات.

ئەم دوو دیاردەیە لەم سەردەمەدا دوو دیاردەی دڵخۆشکەربوون بۆ ئەوەی ببنە ڕێخۆشکەر بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان بە زمانی کوردی، چونکە پێشتر ژمارەی ڕۆمان بە زمانی کوردی لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین. کە ئەمانەن:

١- حسێن عارف لە ساڵانی هەشتا هەردوو ڕۆمانی (شار و ئەندێشەی مرۆڤێک)ی چاپکرد

٢- عەزیزی مەلای ڕەش ( کوێخا سێوی و غەوارە) چاپکرد.

٣-خەسرو جاف (کۆڕدەرە و هیچ) ی چاپکرد.

٤-عەبدوڵڵا سەراج (هەڵکشان بەرەو لوتکە)ی چاپکرد

٥- دکتۆر نافیع ئاکرەیی (بوهژین)ی چاپکرد

٦-(محەمەد موکری) ڕۆمانەکانی (سەگوەڕ و تۆڵە و هەرەس) لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت چاپکرد

٧- (حەمە کەریم عارف)یش (کۆچی سوور) لە شاخ دوور لە چاودێری حکومەت چاپکرد.
٨- محەمەد ئوزون لە سوید ڕۆمانی (مرنا کالەکی ڕەند و هاوارا دیجلەیێ) بە زاری کرمانجی سەرو و چاپکرا.

دیارە ڕوداوی سیاسیی و باسی خەباتی ڕەوای کورد، ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ بوو بە هەوێنی چاوهەڵهێنانی ئەم بەرهەمە تازانە، لەم ڕۆمانانەدا باس لە کێشەی گوندنشینەکان دەکرێت، وەک ڕۆمانەکانی (عەزیزی مەلای ڕەش).

زمانی ڕۆمانەکانیش پاراوتر و پوختر و چڕتر کراونەتەوە ئەمە لەپاڵ دیاردەی بایەخدان بە زارۆچکە ناوچەیی جوتیاران، ئەگەرچی لەم قۆناغەشدا شێوازی گێڕانەوە بە زۆربەی ڕۆمانەکانەوە دەبینرێت هەست بەوەش دەکرێت، کە ڕۆماننوسەکان بایەخیان بە تەکنیکی نوێ و خۆدواندن (مەنەلۆگ) داوە سەرکەوتووانەش بەکاریانهێناون.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەم قۆناغە ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی نۆهەتەکان زۆر زیاتر پێشبکەوێت، گەشەسەندنێکی وا بەخۆیەوە ببینێت کە هەرگیز گەشەسەندنی وای بە خۆیەوە نەبینیبێت.

لەپاڵ ئەم ڕۆمانە کوردییانەدا کۆمەڵێک ڕۆماننوسی کورد هەن، بە زمانی بێگانە ڕۆمانیان نوسیوە بە ڕەچەڵەکیش کوردن و ناوبانگی جیهانییان هەیە (یەشار کەمال) کە بە تورکی دەینوسی و هەندێک لە ڕۆمانەکانی کراون بە کوردی وەک (ئەفسانەی چیای ئاگری، حەمەدۆک، کاریتە ... هتد) ... (سەلیم بەرەکات) بە عەرەبی دەنوسێت کە کوردێکی سورریایە، ڕۆمانی (پەڕ ، دلشاد)نوسیوە و کراون بە کوردی، (ئیبراهیمی یونسی) بە فارسی دەنووسێت، ڕۆمانی (دایکم دووجار گریا) نوسیوە و کراوە بە کوردی و ئەم ڕۆمانەی دەربارەی کارەساتی ئەنفالی گەلی کوردە لەلایەن ڕژێمی بەعس، هەروەها(عەبدولمەجید لوتفی) کە بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی (پێشبینی لێزانە قەرەجەکە)ی نوسیوە و لەلایەن (شوکر مستەفا) کراوەتە کوردی.

ئەگەر چی ئەم ڕۆمانانە لە ڕووی زمانەوە بە کوردی دانانرێن، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێکی زۆریان باسی ژیان و خەباتی ڕەوای گەلی کورد دەکەن.

# بەشی ڕەوانبێژی



# ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی: قسە و هۆنراوە ڕەوان و جوان و کاریگەربن لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسەکردنەکە بگونجێت، بۆئەوەی مەبەستەکەی بەڕوونی لە خوێنەربگەیەنێت و چێژی پێببەخشێت و کاریتێبکات. ئەمەش بە هەڵبژاردنی (وشەی لەبار و دارشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیریژییانە دێتەدی).

زانستی ڕەوانبێژی لەو هونەرو دەستورو بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری قسە و پاراستنی لە لێلی.

لێرەدا باسی هەندێك لە بابەتەکانی ڕەوانبێژی دەکەین:

## یەکەم ڕەگەزدۆزی

دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا، وەک یەک وا بن یان لەیەک نزیک بن، بەڵام واتایان جیابێت. نمونە:

ئەگەر خاڵت بڵێم میشکی خەتایە

عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە

(حاجی)

لە کۆتایی هەردوو نیوە دێردا، وشەی (خەتا) هاتووە، هەردوو وشەکە لە شێوەدا یەک شتن بەڵام لە مانادا جیان. یەکەمیان (خەتا) شوێنێکە لە تورکستانی چین، کەچی دووەم بەمانای گوناه و تاوان هاتووە.

نمونەیەکی تر:

بە ئاه و گریان دیسان هاتەوە هەوری نیسان

جگەر پڕئاو و ئاور وەك عاشقی بێ قەرار

(وەفایی)

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزی لە وشەکانی (ئاو) و (ئاور – ئاگر) دایە. ئەم دوو وشەیە هەرچەندە لە شێوەدا تەواو وەک یەک نین، بەڵام لەیەک نزیکن. جیاوازییان تەنیا ئەوەیە کە وشەی (ئاور) یەک پیت (ر)ی کۆتایی لە وشەی (ئاو) زیاترە.

## جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزیی دوو جۆری هەیە کە ئەمانەن:

» ڕەگەزدۆزی تەواو

» ڕەگەزدۆزی ناتەواو.

### أ ڕەگەزدۆزیی تەواو

لە ڕەگەزدۆزیی تەواو وشەکان لە ڕوخساردا واتە لە (ژمارەی پیت - جۆری پیت- ڕیزی پیت) وەک یەکن.

نمونە:

ئەوەی ڕێگای لە کوردەکان گۆڕی

لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی

(مەلای گەورە)

ڕەگەزدۆزیی تەواو لەنێوان وشەی(گۆڕی) ی کۆتایی نیوەی یەکەم و (گۆڕی) کۆتایی نیوەی دووەمدایە، ئەم دوو وشەیە ڕوخساریان وەک یەک وایە، بەڵام واتایان جیاوازە، واتای یەکەمیان (ڕێگە لێگۆڕین)ە کە کارە، بەڵام دووەمیان ناوە واتە(قەبر)...

### أ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

لە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو وشەکان لە ڕوخساردا تەواو وەک یەک نین، بەڵام لەیەک نزیکن.

جیاوازییەکە لە یەکێک لەمانە ( ژمارەی پیت - جۆری پیت - ڕیزی پیت) دەبێت:

» بـۆی هەیـە وشـەکان لە ژمـارەی پیتـەکان جیاوازبـن، واتە یەکـێ لە وشـەکان پیتێکی لـەوی تـر زیاتـر بێـت. زیادەکـەش لـە سـەرەتا یـان لە ناوەڕاسـت، یـان لـە کۆتایی وشـەکە هاتبێـت. نمونە:

مەعشوق تویی ب فەخر و نازی

عاشـق تـویی لێك بێ نیـــازی

(خانی)

ڕەگەزدۆزی لە وشـەکانی (نـاز) و (نیـاز) دایە، دووەمیـان (نیـاز) یـەک پیت (یـ) لە یەکەمیان (نـاز) زیاتـرە و پیتی زیادەکە (یـ)کەوتووەتە ناوەڕاستی وشـەکەوە.

» یـان وادەبێت وشــەکان لە جـۆری پیتێک جیاوازبن، جـا ئەو پیتە گۆڕاوە چ لە سـەرەتا، یـان لە ناوەڕاسـت، یان لە کۆتایی بێـت. نمونە:

پیری بە تەنیا ڕەحمەتـە

پیری و هەژاری زەحمەتە

(حەمدی)

لـە دێـرە شـیعرەکەدا ڕەگەزدۆزیـی ناتـەواو لەنێـوان وشـەکانی (ڕەحمەتـە) و (زەحمەتـە) دا هەیـە چونکـە پیتـی یەکەمیـان جیایـە.

» بۆی هەیە وشەکان لە ڕیزبوونی پیتەکان جیابن، نمونە:

خاتریکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو

ئێســتا بۆ زولفی کەسێ مەشقی پەرێشـانی دەکا!

(نالی)

لە نیوەدێری یەکەمدا، ڕەگەزدۆزی لە وشـەکانی (شـۆخ) و (خـۆش) دایـە. ئـەم دوو وشـەیە لـە ژمـارە و جـۆری پیتـەکان وەک یەکن، بـەڵام ڕیزی پیتـەکان گۆڕاوە.

| | ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ش | ۆ | خ |
| دووەم | خ | ۆ | ش |

## ڕاهێنان

**لەم دێرە شیعرانەی خوارەوەدا، ڕەگەزدۆزی دەربهێنە و جۆرەکەی دیاربکە:**

١- نە قابیلی حەملی داغ و دەردان
نە مایلی سەیری باغ و وەردان
(مەلای جزیری)

٢- کاوە کە هەڵی کرد ئاڵا
گەل لە قەڵای زۆردار ئاڵا
(کامەران موکری)

٣- شکانیان کەمانچەی دەستم
بەڵام زوو فریاکەوت هەستم
(کامەران موکری)

٤- ئەم وەتەن و ئاو و گڵە
پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە
(شێخ سەلام)

٥- قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پڕشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ
(گۆران)

## دووەم لێکچواندن

لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراوردکردن هاتووە. بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی سیفەتی شتێکە و لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت، کە سیفەتی مەبەستەکەی تێدا زاڵە، بۆئەوەی سیفەتەکە بەم بەراوردکردنە ڕوونبێتەوە و بەزێدەڕەوییە دەربکەوێت. نمونەیەک:

منیش ئارەزووی ئەوسام نەماوە عەشقم گۆڕاوە

دڵم هەروەکو گوڵی بێ باران سیس و ژاکاوە

(بێکەس)

لەم دێڕەدا، لێکچواندن لە نیوەی دووەمدا یە. (بێکەس) دەیەوێ باسی دڵی خۆی بکات. بۆ ڕوونکردنەوە دڵی خۆی لەگەڵ گوڵی سیس بەراوردکردووە. بابەتی باسەکە دڵی شاعیرە، ئەمە (لێچوو)ە، گوڵی بێ باران بۆ ڕوونکردنەوەی دڵی شاعیر هاتووە، ئەمە (لەوچوو)ە. سیفەتە هاوبەشەکە سیس و ژاکاویە (ڕووی لێکچوون)ە (هەروەکو) ئەوزاری لێکچواندنەکەیە.

### بنەماکانی لێکچواندن:

لێکچواندن بە گشتی چوار بنەمای هەیە:

١- (لێچوو) ئەمە بابەتی باسەکەیە. لە هەموو بنەماکان لە پێشترە، چونکە باس باسی ئەوە و ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون.

٢- (لەوچوو) ئەوەیان بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی (لێچوو) دێت، کە بەراوردەکەی لەسەر بنیاتدەنرێت.

ئەم دوو بنەمایە (لێچوو و لەوچوو) بنەمای بنچینەیین لە لێکچواندندا. بەبێ ئەم دووە لێکچواندن دروستنابێت هەر کام لەم دووە لابدرێت لێکچواندنەکە نامێنێت.

٣- (ڕووی لێکچوون) سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەما بنچینەییەکەیە، ئەم سیفەتە لە لێکچواندنی ئاساییدا، لە (لێچوو) بێهێز و لە (لەوچوو) بەهێزە.

٤- (ئەوزار) وشەیەکە ڕۆڵی بەیەکەوە بەستنی هەردوو بنەمای بنچینەیی لێکچواندن (لێچوو و لەوچوو) دەبینێت. ئەمانەش هەندێ نمونەی ئەوزاری لێکچواندنن: (وەک، وەکو، هەروەک، لەوەدەکا، لەوەدەچێ، ئاسا، چون، وێنەی، چەشنی...).

ئـەم دوو بنەمایـەی دواوە (ڕووی لێکچـوون و ئـەوزار) بنەمـای بنچینەیـی نین، بۆیە دەشـێ باسـبکرێن و دەشـێت باس نەکرێـن. نمونە:

دڵـم زنجیـرئەکـەم ئەممـا لــە یـارى دڵڕوبـا چ بکەم؟

ڕەگم وشـکە وەکو پووشــە، لە قــووەی کارەبا چ بکەم؟

(قانیع)

لێکچواندن لـە نیـوەی دووەمدایـە (ڕەگم وشـکە وەک پووشـە..) قانیع ڕەگـی خۆی لە وشـکایەتیدا بـە پـوش چوانـدووە. بنەماکانـی لێکچواندنەکـە ئەمانەن:

١- ڕەگی شاعیر: لێچووو

٢- پـــووش: لەوچووو

٣- وشکایەتی: ڕووی لێکچوونە

٤- وەکو: ئەوزاری لێکچواندنە

## بنەما باسکراوەکانی لێکچواندن:

١. بۆی هەیە هەر چوار بنەمای لێکچواندن هاتبن وەك دوو نمونەکەی پێشتر.

٢. بۆی هەیە سێ بنەما هاتبن ئەمەش دوو جۆرە:

أ بـۆی هەیـە سـێ بنەمـا باسـکراوەکان (لێچـوو و لەوچـوو و ئـەوزار) بـن و ڕووی لێکچـوون نەهاتبێـت. نمونـە:

قەسـەم بـەو شـەربەتی دیـداری پاکـەت

شـەرابم عەینـی ژەهـری مـارە بـێ تـۆ

(نالی)

لـە نیـوەی دووەمـدا، لێکچواندنەکە بریتییە لە (شـەرابم عەینی ژەهری مـارە) بەبێ یار، شـەرابی خـۆی بە ژەهری مار چوانـدووە. لـەم لێکچواندنەدا، تەنیا سـێ بنەما هاتوون.

١- شەرابی شاعیر: لێچووو

٢- ژەهری مــار: لەوچووو

٣- عــــەینی: ئەوزارە

(ڕووی لێکچواندن) کە کوشندەییە، نەهاتووە چونکە خوێنەر خۆی دەیزانێت.

**ب** بۆی هەیە سێ بنەما باسکراوەکان (لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێکچوون) بن و ئەوزاری لێکچواندن نەهاتبێ، نمونە:

کوڕ ئایینەیێ جەمالێ زاتن
کەچ مەظهەرێ پورتەوا صیفاتن

(خانی)

لە نیوەی یەکەمدا، لێکچواندن لە (کوڕ ئایینەیێ جەمالێ ذاتن) دایە خانی (کوڕ)ی بە (ئاوێنە) چواندووە کە جوانی زات پێشاندەدەن.

١- کوڕ: لێچوو

٢- ئایینە: لەوچوو

٣- جەمالی زات پێشاندان: ڕووی لێکچوونە

(ئەوزار) نەهاتووە

**پ** بۆی هەیە تەنیا دوو بنەما بنچینەییەکە (لێچوو و لەوچوو) هاتبن و دوو بنەما نابنچینەییەکە (ڕووی لێکچوون و ئەوزار) نەهاتبن وەک:

دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم مژدەبێ بارێ
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یاری

(پیرەمێرد)

لێکچواندن لە (سەری شاعیرە) کە بە (بەفر)ی چواندووە.

سەرم: لێچوو

بەفر: لەوچوو

ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتووە.

## ڕاهێنان

**لەم دێرە شیعرانەی خوارەوەدا، لێکچواندن دەربهێنە و بنەماکانیان لەیەك جیابکەرەوە:**

١- ئەمن شێخم، سەرم شاخە، هەناسەم
نەسیمە، دیدە کانی، مێزەرم تەم
(حاجی قادری کۆیی)

٢- قەلبێ مە شوبهێ زێڕە ژ فەیزا تە جەلا گرت
ما ڕوو سیە و سیفر سیفەت ڕەنگێ سەدا گرت
(جزیری)

٣- چ سرێکت لە ناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی
کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی
(ئەحمەد هەردی)

٤- تاکەی چون مەجنون وێڵی هەردان بم؟
تاکەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟
(مەولەوی)

٥- بەژن و باڵاکەت نمونەی هەیکەلی یۆنانییە
لار و لەنجەت، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە
(هەردی)

٦- نەیلوفەر دل، تو ئافتابی
تەن شبهی کەتان، تو ماهتابی
(خانی)

## سێیەم خواستن

خواستن بەکارهێنانی وشەیەکە، بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، جگە لەو مانایەی کە لە بنجدا بۆی دانراوە، لە خواستندا. تەنیا یەکێ لە دوو بنەما بنچینەکەی لێکچواندن هاتبێت و ئەوی تر نەهاتبێت*.

نموونە:

ئیلاهی! نێرگزا مەی مەست و نازك
ژ دەستی خوارو بەدخواهان بپارێز

(جزیری)

(ئیلاهی: خودایە ، مە: ئێمە ، ژ: لە ، خوار: لارو خراپ ، بەدخواه: بەد نیاز).

خواستن لە وشەی (نەرگز) دایە. مانای وشەکە جۆرە گوڵێکە. جزیری یارەکەی خۆی بە (نەرگز) چواندووە (یار) (لێچووە)، (نەرگز) (لەوچووە) (مەست و نازك) (نیشانەی خواستنە) (ئەوزار) نەهاتووە. بەڵام لەو لێکچواندنەدا دیارە (جزیری) لە دوو بنەما بنچینەییەکە (یار ، نەرگز) تەنیا یەکێکی هێناوە (لەوچوو- نەرگز). ئەوی تری فڕێداوە (لێچو- یار) لەم دێرە شیعرەدا (نەرگز) بۆ یار بەکارهاتووە.

نموونەیەکی تر:

وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەرژەکا
ئەشکی خوێنیم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکا

(هەردی)

لەم دێرە شیعرەدا خواستن لە (دەستی غەم) دایە. لەبەر وشەی (دەست) یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە (غەم) بە (مرۆڤ) چوێنراوە. غەم (لێچووە). مرۆڤ (لەوچووە). ئەمە دوو بنەما بنچینەییەکەی لێکچواندنن. لەم دووەدا تەنیا (لێچوو- غەم) هاتووە، (لەوچوو – مرۆڤ) نەهاتووە.

(*) لە خواستندا دەبێت نیشانەیەک هەبێت تاکو بزانین وشەکە بۆ واتای بنجی خۆی بەکارنەهاتووە.

## جـۆرەکانی خواسـتن

خواسـتن لـەڕووی دەرکەوتنی یەکێ لە دوو بنەمـا بنچینەییەکەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

### ١- خواستنی ئاشـــکرا

ئـەو خواسـتنەیە کـە لـە دوو بنەما بنچینەییەکـەی لێکچوانـدن تەنیا (لەوچـوو) هاتبێت و (لێچوو) نەهاتبێت. نمــونە:

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئـاڵتونی دار ئــەڕژێ بگریـــن
(گۆران)

خواستن لە وشـەی (ئاڵتـون) دایـە. لەبەر وشـەی (دار) دەزانین مەبەسـت لە وشـەی (ئاڵتـون) ئاڵتونـی ڕاسـتەقینە نییـە، بەڵکـو گـەڵای زەردە. واتـە گۆران گـەڵای زەردی بـە ئاڵتـون چوانـدووە: گـەڵای زەرد (لێچـووە) ئاڵتون (لەوچـووە). لـەم دووە (لێچوو- گـەڵای زەرد) فرێـدراوە و تەنیـا (لەوچوو- ئاڵتون) باسـکراوە. ئەم جۆرە خواسـتنە، کە (لەوچـوو) هاتبێـت و (لێچـوو) فرێدرابێت پێی دەگوترێت (خواسـتنی ئاشـکرا).

### ٢- خـواسـتنی درکاو

ئـەم جـۆرە خواسـتنەیە کـە لـە دوو بنەمـا بنچینەیەکـەی لێکچوانـدن تەنیـا (لێچـوو) هاتبێـت و (لەوچـوو) نەهاتبێـت.

تـا نەگریـا ئاسـمان و تـەم وڵاتـی دانەگـرت
گـوڵ چەمەن ئارا نەبــوو، هەم لێوی غونچـە وا نەبوو
(نالی)

(چەمەن ئارا: ڕازێنەرەوەی چیمەن، وانەبوو: نەکرابوەوە)

لـە نیـوەی یەکەمدا خواسـتن لـە (تا نەگریا ئاسـمان) دایە. لەبەر وشـەی (نەگریـا) دەزانین (ئاسـمان) بـە (مـرۆڤ) چوێنـراوە. ئاسـمان (لێچـووە)، مـرۆڤ (لەوچـووە). لێـرەدا تەنیا (لێچـوو – ئاسـمان) هاتـووە و (لەوچـوو – مـرۆڤ) فرێـدراوە، ئەوەندە هەیـە (گریان)ی مـرۆڤ دراوە بە ئاسـمان کە نیشـانەی خواسـتنەکەیە.

لـە نیـوەی دووەمـدا، خواسـتن لـە (لێـوی غونچە وانەبـوو) دایە لەبەر وشـەی (لێو) دەزانیـن (غونچـە) بە (مـرۆڤ چوێنراوە). غونچـە (لێچووە). لێرەدا تەنیـا (لێچوو – غونچە) هاتـووە و (لەوچـوو – مرۆڤ) نەهاتووە. (لێو) نیشـانەی خواسـتنە.

## ڕاهێنان

**لەم دێڕە شیعرانەدا خواستن دەربهێنە و بنچینەکەی ڕوون بکەوە و جۆرەکەی دیاربکە:**

١- لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ
مانگێك هاتە دەر پرلەخەت و خاڵ!!
(حەمدی)

٢- شێر لە بێشە دەرپەڕی دەست بە خەنجەر
ڕوو بەڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان
(سالم)

٣- کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من
سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم
(هێمن)

٤- ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕبوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی
(حاجی)

٥- ئەڵێن ساڵ دوازدە مانگە
من مانگم دی چواردە ساڵە
(پیرەمێرد)

٦- چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەك نمەك گیربم بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
(حەریق)

## چوارەم دژیەک

دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەکترن. وەک: (گەورە و بچوک، پاک و ناپاک، مردن و ژیان، بەهێز و بێهێز...) نموونە:

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان
(برایم ئەحمەد)

| لەم دێرە شیعرەدا دژیەک لەنێوان ئەم وشانە هەیە: | | |
|---|---|---|
| مردن | X | ژیان |
| قازانج | X | زیان |
| ئەکەی | X | نەکەی |

## جۆرەکانی دژیەک

دژیەک دوو جۆرە:

### أ- دژیەکی ئەری

دوو وشەکە هەریەکە لە رەگەزێکی سەربەخۆن، لە ماناادا دژ و پێچەوانەی یەکترن وەک (خەندە و گریان، تاڵ و شیرین، سەرکەوتن و ژێرکەوتن......هتد) وەک:

چ رووناکی بێ، چ تاریکی، چ نزمی بێ یا بەرزی
بە خۆشی بێ وەیا تاڵی هەمووی ئەڕوا لەسەر ئەرزی
(پیرەمێرد)

| دژیەکی ئەری لەم دێرە شیعرەدا ئەمانەن: | | |
|---|---|---|
| ڕووناکی | X | تاریکی |
| نزمی | X | بەرزی |
| خۆشی | X | تاڵی |

## ب- دژیـەکی نـــەری:

ئەوەیە دوو وشەکە بە نەرێکردن بووبن بە دژیەک وەک :

پاک × ناپاک ، مەرد × نامەرد ، بڕۆ × مەڕۆ ، بەهێز × بێهێز

نمـونە:

ئەی کوردی جەفا دیدە بەسە قەیدی ئەسارەت

نادان بە کوتـەك حـــاڵی دەبێ، دانا ئیشـارەت

(قانیع)

دژیـەک لەنێـوان (دانـا × نـادان) دایـە. کـە هـەردوو وشـەکە لەیـەک ڕەگـەزن بـەڵام بـە نەرێکـردن بوونەتـە دژیـەک.

## ڕاهـێنان

**لەم دێڕە شیعرانەدا چی دژیەك هەیە دەریبهێنە و جۆرەكەی دیاربكە:**

١- گـەلێكم ڕۆژگاری تـاڵ و شـیرین ڕابـوارد ئاخـــو
مـەرگ مـەودا دەدا دیسان ببینم سـەردەمێكی تـر
(هێمن)

٢- ئـەوە ڕزقی مـوقـەرەرە بـــە خۆی دێ
سـەد دەفـعــە بخـوازی یـا نـەخـوازی
(حاجی)

٣- یارم لـە ئەندەروون هات دەسـتی ڕەقیب لە دەستا
غـەمناك و شـادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنـا
(سالم)

٤- نێرگـزێن شـەنگ د مـەسـتن چـەپ و ڕاسـت
سـاقـیان جـام د دەسـتن چـەپ و ڕاسـت
(جزیری)

٥- لـە گـریەی زۆری مـن و خـەندەی كـەمی تۆ
هـەمـوو دنیـا بووەتـە شـین و ڕۆڕۆ
(ڕەمزی)

٦- ئـەگـەر دۆسـتم، ئەگـەر دوژمـن بـزانم
ئـەوەنـدەم تێگـەیێنە كـامـەیـانم
(مەدهۆش)

## پێنجەم جوانیی بایس

دیاردەیەکە هۆی دروست و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت، بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە، لاوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە، هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروستبکرێت کە زۆر دوور بێت لە هۆیە دروست و ڕاستەقینەکەی خۆی.

وەک لەم هۆنراوەیە:

مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو
(گۆران)

زەردبوونی مانگ لە بەرەبەیاندا دیاردەیەکی سروشتییە. بەڵام شاعیر هاتووە هۆیەکی تری بۆ دروستکردووە و دەڵێت مانگ لە ترسی دەنگی قاسپە قاسپی کەو ڕەنگی زەردبووە.

## ڕاهـێنان

**لەم دێرە شیعرەنەدا جوانیی بایس دەربێنە و دیاردەکە دەستنیشان بکە و هۆیە جوان دروستکراوەکە ڕوونبکەوە:**

١- لە خـەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکو شـێت
بـە ڕووزەردی هــەڵات و کــەوتــە کێوان
(نالی)

٢- شــەماڵ لە ترسـی شــنەی نسـێی سەخت
پـەنای بۆ باســـك و پێدەشـــت هــێناوە
(دیلان)

٣- نـــارنـــج و تـــورنـج شـــوبهــی زینی
زەربـــویـــی ل عیللـــــەتا ئـــــەڤـــینی
(خانی)

٤- لــە لێوار حـــەوزا گـــوڵاڵە و بەییـــــوون
ســـاوان، ئـەلــەرزن، لـە تـاو نقووم بوون
(گۆران)

٥- پــەڵــەی گـــوڵاڵــە لە ترسـی چنـــور
نـــاو جــەرگی ســـوتا و ڕەش هــەڵگەڕاوە
(دیلان)

٦- خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێو و کــەژ
بۆیە وا ئێستاکە سوورە، ڕەنگی گوڵناری هەیە!!
(ئەحمەد موختار جاف)

## شەشەم تێهەڵکێش

تێهەڵکێش بریتییە لەوەی شاعیر یان نوسەر ( نیودێر، دێڕێک، پەندێک، ئایەتێک ، فەرموودەیەک)، بێدەستکاری وەربگرێت و لەناو دوو کەوانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە، جا ناوی خاوەنەکەی بهێنێت یان نەهێنێت، نموونە:

جاهیل زلیش بێت وەك كەندوی بۆشە
(دەنگی دەهۆڵیش هەر لەدوور خۆشە)
(پیرەمێرد)

لێرەدا دیارە (پیرەمێرد) پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە.

نموونەیەکی تر:

دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یادم
دەبێ وەك کوشتمت بشپرسی دادم
(کە بارگەت بۆ هەوار تێك نا عەزیزم
شکا ئەستوندەگی تاولی مرادم)
(هەژار)

(هەژار) دێڕە شیعرێکی هێمنی تێهەڵکێش کردووە بێ ئەوەی لە شیعرەکەیدا ناوی خاوەنەکەی بێنێ چونکە دێڕە شیعرەکەی هێمن زۆر بەناوبانگە و خوێنەری شیعرەکانی هێمن دەیناسێتەوە.

نموونەیەکی تر:

بۆچی فەرمویەتی نەبیی ئەمین
(اطلبوا علمکم ولو بالصین)
(حاجی قادری کۆیی)

لەم دێڕەدا (حاجی) فەرمودەیەکی پێغەمبەری بە دەقی خۆی تێهەڵکێش کردووە، بێئەوەی دەستکاری بکات، یان بیکات بە کوردی.

## ســـەرنج

لـەم پێنـج خشـتـەکییەدا بێکەسـی شـاعیر دوو نیوەدێـری (پیرەمێـرد)ی تێهەڵکێشـی شـیعرەکەی خـۆی کـردووە هەروەهـا پێنـج خشـتـەکی بـەر هونـەری تێهەڵکێـش دەکەوێـت.

قـــەدری میلــــەتتان بەجاری شـــکان
نــە حـــەیاتان مـــا نـــە نـاو و نیشـان
بـاری تـــەعنـــەتـان واهاتە سەرشان
(وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هـــەرزە وەکیلی شــــاری خامۆشان)

(بێکەس)

## ڕاهێنان

**لەم دێرە هۆنراوانە هونەری (تێهەڵکێش) دەستنیشان بکە:**

١- (چڵکی دەستە ماڵی دنیا) وەك دەڵێن:
ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن
(هێمن)

٢- گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە
(بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە)
(پیرەمێرد)

٣- ڕۆژی فەرمووت (لیس للانسان الا ما سعی)
هیچ کەسیش هێندی فەلاح ئیشی کێڵانی نییە
(دڵدار)

٤- لە دوو ئاوان کە یەکدەگری دوو میسرەعی بەیتی مەولەوی
(سیروانی ئەم چەم تانجەڕۆی ئەوچەم بدەن بە یەکدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم)
(پیرەمێرد)

٥- سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە
(سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا)
عەلی کەمال باپیر (کەمالی)

٦- تا نەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا
فائیدەی چی (ربنا انزل علینا مائدە)
(صابری)

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١- یەکێک لەم جۆرە شیعرانە بە گشتی دەبێت بە تێهەڵکێش:

ئـ- دوو بەیت  ب- غەزەل  پـ- موستەزاد  د- پێنج خشتەکی

٢- چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم پەندی پێشـــینانە هەیە؟

(دونیــا ببێتە پۆســت دوژمــن نــابێتە دۆست)

ئـ- دژیەک و ڕەگەزدۆزی  ب- خواستن  پـ- تێهەکیش  د- لێکچواندن

٣- ئەو هونەرە ڕەوانبێژییەی، کە لە چوار بنەما پێکدێت:

ئـ- جوانیی بایس  ب- لێکچواندن  پـ- خواستن  د-دژیەکی نەرێ

٤- (پیری بەتەنیا ڕەحمەتە ـ پیری و هەژاری زەحمەتە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوە لە :

ئـ- ژمارەی (پیت)  ب- جۆری (پیت)

پـ- ڕیزی (پیت)  د- ڕیز و جۆری (پیت)

٥- چ بابەتیکی ڕەوانبێژییە ، کە دیاردەیەک هۆی دروست و ڕاستەقینەکەی دەخرێتە لاوە.

ئـ- خواستن  ب- جوانیی بایس  پـ- ڕەگەزدۆزی  د- لێکچواندن

٦-ڕەگەزدۆزی وەک دژیەک:

ئـ- یەک جۆرە  ب- دوو جۆرە  پـ- سێ جۆرە  د- چوار جۆرە

٧- لە هەموو بنەماکانی لێکچواندن لە پێشترە، ئەوانی تر بۆ خزمەتی ئەم هاتوون.

ئـ- ڕووی لێکچواندن  ب- لەوچوو  پـ- ئەوزار  د- لێچوو

٨- ئەم دێرە شیعرە لێکچواندنە:

(کوڕ ئایینەیی جەمالی زاتن - کەچ مەزهەری پرتەوا سیفاتن)

ئـ- یەک بنەمای تێدایە  ب- دوو بنەمای تێدایە

پـ- سێ بنەمای تێدایە  د- چوار بنەمای تێدایە.

٩- ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە ئاڵن لە کێو و کەژ
ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە ڕژاوەکـەم

ئـ- خواستن ب- جوانیی بایس پـ- دژیەک د- لێکچواندن

١٠- لەم دێرەدا (مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان - چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان)

ئـ- دژیـــەکی ئەرێ هــەیــە ب- دژیەکی نەرێ هەیە
پـ- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە د- هەرســێکیان هــەیــە

١١- لەم دێرەدا، چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هەیە؟
( ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە - لەناو مێژوودا ناویان زۆر بەرزە)

ئـ- دژیەک ب- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو
پـ- خواستن د- خواستن و ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

١٢- لە کام هونەری ڕەوانبێژیدا مەرجە جووت کەوانە هەبێت؟

ئـ- جوانیی بایس ب- خواستن پـ- تێهەڵکێش د- لێکچواندن

# بەشی خوێندنەوە






# شێخ سەعیدی پیران
## ١٨٦٨ - ١٩٢٥

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمودی (کلّدار)ە، لە گوندی (پیران) کە کەوتۆوەتە سەرووی (دیاربەکر) لەدایکبووە، کلّدار نازناوی بنەماڵەی باوکی بووە، پیاوێکی زانا و نشتمانپەروەربوو، لەگەڵێ لاوە خزمەتی کردووە یەکێک لەبەرئەوە کە خەلیفەی (مەولانا خالد) بوو، تەریقەتی (نەقشبەندی) لە کوردستانی تورکیادا بڵاوکردووەتەوە، لەم ڕووە خۆشی بوو، بە شێخێکی پایەبەرز و تا دوانزە هەزار مرید و پەیڕەویکەری هەبوو.

زانایەکی پایە بەرز بوو، گەلێ بڕوانامەی تەدریسی داوە بە فەقێیەکانی لەمانە دوانزە عالمی هەرە گەورە لەو وڵاتەدا دەستنێژ و (مجاز)ی ئەم بوون.

بە باوەڕی شێخ سەعید کۆماری تورکیا بە شەریعەتی ئیسلامەوە بەڕێوە ناچێت، ئەمیش بۆهاتنەوە سەرڕێی ئەو حکومەتە و بۆ کەمکردنەوەی ئەو سەرانە و پیتاکانە

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

کە حکومەت خستبوونیە سەر دانیشتوانی وڵات ڕاپەری و نیشتمانپەروەرانی تری کورد دایانە پاڵی، شۆرشی ١٩٢٥- ١٩٣٠ی کوردستان لە وڵاتی باکوری کوردستان هەڵگیرسا، لە ئەنجامدا بەهۆی هەندێ کەموکورِی سەرنەکەوتن، شێخ سەعید گیراو لەلایەن تورکەکانەوە خنکێنرا.

ئەم پیاوە توانی لەو ماوە کەمەی ژیانیدا پێشەوایەکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەی خۆی لەو وڵاتەدا بگرێتە دەست. لەپایەی زانیاری و ئەدەبی و هونەریدا کەسی یەکەم بوو لەو ناوچەیەدا بە هۆنراوە، کوردی و فارسی و عەرەبییەکانی سۆزێکی دەدا بە مەردم. پیاوێکی ساماندار بوو. ناندەر و قۆناغ بوو ئەو پێشرەوی شۆڕشێک بوو. ناوبانگ و (طریقە)ی مەولانا خالد لە شێخ سەعیدی پیرانەوە لەو ناوەدا دەنگ و ئاوازی پەیداکرد. کۆڕی مەدرەسە و خانەقاکەی وەک پورەی هەنگ وابوو، لە دوولاوە بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕێگای (طریق)و شەریعەت ڕووی تێکراوە. ئەو دوو ڕێگایە بوو کە لە ئەنجامدا ڕچەی شکاند بۆ شۆرشی نەتەوایەتی. ئەم سێ ڕێچکەیە کە شێخ سەعیدی پیران گرتبووی بوون بە سێ شارێگە کە مریدان و پەیڕەوانی هەرسێ ڕێگاکە لەپاش خوێشی لەسەری بڕۆن و شوێن ماڵەگەورە هەر کوێر نەبێتەوەو هەر ئاوەدان بێت.



# میر شەرەفخانی کوڕی میر شەمسەدین بدلیسی ڕۆژکی

شــەرەفخان لــە ٢٠/ زیلقعــدە ســاڵی (٩٤٩)ک داو (١٥٤١) ز لــە شــارۆچکەی (کرهــرود) لەنزیــک شــاری (قوم) لــە دایکبــووە دایکــی کچی میرخــان بوو.

لە (٩) ســاڵیدا لەگەڵ شــازادان لە کۆشــکی شــاهی تۆماســبی ســەفەوی بۆ ماوەی ســێ ســاڵان خوێندوویەتــی، لــە ١٢ ســاڵیدا لەســەر داواکاری هۆزەکەیــان کراوە بەمیــر، چونکە باوکــی گوشــەگیریی هەڵبــژاردووە...... ناردراوەتــە سەرســالیان و مەحمــود ئابــاد لــەلای شــیروانانەوە ..... پــاش ماوەیــەک چۆتە لای خاڵــی کە محەمەد بەگی حاکمــی هەمەدان بوو لــە هەمــەدان ژیــاوە وکچــی خاڵی مارەکردووە. ســێ ســاڵیش لە هەمــەدان ماوە.

لــە هــەرای ســوڵتان بایەزیــدا، کــە پەنــای بۆ شــای ئێــران هێنا باوکــی کرایــەوە میر و

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

گروهرودیان دایە.... دوای چەند ساڵێک دیسان باوک بۆ کوڕ دەستی لە میرایەتی بەردا. شەرەفخان بۆ ماوەی دوو ساڵ هەمیشە وەک یاوەر و ڕاوێژکارێک لەگەڵ شادا بوو لێی جیانەدەبوو.... بە لەشکر ناردیانە سەر ئەحمەد خانی (بیە)و بەسەر وڵاتەکەی ڕادەگەیشت. سولتان هاشمی حاکمی گەیلان بە ١٨هەزار سوار هێرشی بردە سەر شەرەفخان کە لە چوارسەدو پەنجا سوار پتری نەبوو. لەشکری گەیلانی شکاند و سێ منارەی لەسەریان بەرزکردەوەو گەیلانی گرت و لەپاشان لەسەر خواستی خۆی هاتەوە قەزوین.... دیسان لەسەر خواستی خۆی ناردویانەتە وڵاتی شیروان و ناوچەکانی، تەرکات و ئەرش و ئاق داش و قەباڵە و باکۆ و کەناراوی دراوەتێ کە خۆی و هۆزەکەی پێی بژین. لەپاش هەشت مانگ شا تۆماسب مردووە و ئیسماعیل میرزا بردوویەتییە قەزوین و کردوویەتی بە میری کوردستان و لوڕستان و گۆران و هەر کوردێک کاری بە شای ئێران بووایە دەبوایە لە ڕێگەی میرشەرەفەوە پێیبگات.

دوایی شایان لێی ڕەنجاندووە و ناردوویەتییە سەر نەخچەوان...... ساڵێک و وچوار مانگ حاکمی نەخچەوان بوو تاکو سولتان مرادی سێیەم بە هۆی خوسرەو پاشای میری میرانی وان لێبوردنی بۆناردووە و هاتۆتەوە بدلیس جێگەی باوباپیرانی. ناوچەی موش و چەند جێگەیەکی تری بۆ خراوەتە سەر بدلیس و ساڵانە ٤١٠ هەزار ئاقچەی داهاتبوو.

خۆی دەڵێ: ئەمڕۆکە دوەمین ڕۆژی مانگی قوربانی ساڵی ١٠٠٥ کۆچی و ١٥٩٦زایینییە لە سایەی سەری سولتان محەمەد خانەوە فەرمانڕەوای بدلیس و کاروباری خۆم داوەتە دەست شەمسەدینی کوڕم میرشەرەفخان لە ساڵی ١٠٠٥ کۆچی ١٥٩٦ زایینیدا تەواوبوو لە دانانی کتێبی شەرەفنامە؛ کە مێژووی میرانی کورد دەگێڕێتەوە.



# مەلا محەمەدی کۆیە
## ١٨٧٦ - ١٩٤٣

مەلا محەمەدی کۆیە به مەلای گەورە بەناوبانگە، کوڕی حاجی مەلا عەوڵای جەلی زادەیە و لە( ١٨٧٦)ز زاینی لە شاری کۆیە لەدایکبووە. بنەماڵەی جەلی زادە هەر لە سەردەمێکی کۆنەوە زانا و مەلا بوون، لە هەموو ڕۆژێکدا جڵەوی زانستیان لەو وڵاتەدا بە دەست بوو، مەلا محەمەد خۆی هزرێکی ڕوون و ڕۆشنبیرییەکی تەواوی هەبووە. دەتوانرێت لەناو مەلایانی وڵاتی کوردەواریدا بەوە دابنرێت کە پێشڕەوی ڕۆشنبیری بووە، لە ڕووی کاروباری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەوە. لە لاپەڕە پان و درێژەکەی ژیانیدا گەلێک ڕوپەڕی لە ژیانی خۆیدا هەڵگێڕاوەتەوە، هەر لە وانەوتنەوە لە ژووری فەقێیان تا قازییەتی و ئیشی میری، تا ئەندامیەتی ئەنجومەنی دامەزراندنی عیراق. لە

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ساڵی (١٩٢٨)ز بە تەواوی لە هەموو فەرمانێکی میریی کەناری گرتو ژیانی خۆی بە تەواوی بۆ وانەوتنەوەو کتێب دانان و ڕوناککردنەوەی بیروباوەڕی خەڵک تەرخانکرد، تا لە ژیاندا مابوو ئەمەش ئیشی بوو. کۆیە شوێنی هاتنە دنیایەی بوو مەڵبەندی هەتاهەتایی و کۆچی دوایکردنییشی بوو.

بێجگە لەو ڕێبازانە کە مەلامحەمەدی کۆیە گرتبوونی ئەو ڕێبازەی کە ئاوڕدانەوە لە کچ و ڕێگەدان بەسەربەستیی ئافرەت لە هەموویان گرنگتر و بەسوودتر بوو. مەلا محەمەد لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و بەبێ دەستیاوی ئەو کۆمەڵە یان ئەو نەتەوەیە پێشناکەوێت. ئافرەت دەبێت ڕێگای خوێندن بگرێت بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە بە تەواوی بێتە ناو کۆمەڵەوە و شان بەشانی پیاو بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ کاربکەن. هەر بۆ سەلماندنی ئەمەش لە ساڵی (١٩٢٦)ز دا هەر کچی خۆی خستە مەکتەبەوە، بەڵکو وتی: دەبێت لە مەکتەبدا لەگەڵ کوڕدا لەسەریەک کورسی دابنیشن بۆئەوە پێکەوە وانەی پاشەڕۆژی نەتەوەی خۆیان و مێژووی نەتەوەکانی تریش بخوێنن.

ئەم هەنگاوەی کە ئەم هاویشتی گەورەترین هەنگاو بوو بۆ ئەو ڕۆژە، چونکە ئافرەت لەو ناوچەیەدا و لەو ڕۆژەدا زۆرتر لە مافەکانی زەوتکرابوو. ئەو هێنای ئەو بیروباوەڕە کە لە دڵیدابوو بەرامبەر بە سەربەستی ئافرەت بەکردەوە پیشانی هەموو کەسێکیدا، ئینجا بە زمانێکی پاراویش هاتە مەیدان و بوو بە لایەنگری سەربەستیی ئافرەت و پڕ بە دەم بانگی کرد و وتی:

ژن زینەتی دونیایە — ئەمانەتی خودایە
حەبیبی مستەفایە — قەڵاتن لە بۆ مێردان
ژن ئەگەر بە حورمەت بێ — بێ زیللەت و زەحمەت بێ
بە تەربیەو ڕەحمەت بێ — دڵ گوشادو لێوخەندان
کوڕی دەبێ وەکی شێر — عاقڵ و دانا و دلێر
بەدڵ غەنی بە چاوتێر — سەردارو مەردی مەیدان
دەرحەق ژنان بێ باکن — بۆیە بێ داکی چاکن

سـەیری حاڵی خـۆ ناکەن          وەك دڕكـن لـە نێو عـەردان

ژنیش وەك مـوزەكـــــەرە          عەینەن ئەوەیـش بەشـەرە
چـاو لادانی لــەســـــەرە          هەردوو لەیەك حوكمدان

وەزیـفـەی زۆرگـەورەیـە          دەزانـی ئــەوەیـش چییە؟
منـداڵ بـــوون و تـەرییـە          بێ مەسخەرە و جـوێن پێدان

تەماشـا دەکەیـن مـەلا محەمـەدی کۆیـە چ بە کـردەوە چ بە وتـن بوو بەو کەسـەی کە بـە پەنجـە لە بـارەی داواکردنـی سەربەسـتیی ئافرەتەوە بـە جۆرێک هێمای بـۆ بکرێت کە لـە دوای خـۆی ئەو کـردەوە و ئامۆژگارییەی بـوو بە جێگای پەیـڕەوی کردن......



# قـەڵای دمـدم

شـەڕی قـەڵای دمـدم لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی شـا عەباسـی یەکەم شـای ئێرانی لـە سـاڵی (١٦٠٨)ز ڕوویـداوە. مێژوونووسـی شـا عەباس کە نـاوی ئەسـکەندەر تورکمان بـوو وەک پەیامنێرێـک لـە جەنگەکـەدا بەشـداربوو، لەپاشـاندا زانیارییێکـی زۆر بەکەڵکـی لـەم بابەتـەوە لە کتێبـە بەناوبانگەکەی (مێـژووی عالەم ئارایـی عەباسـی)دا تۆمارکردووە. مێژوونووسـی کـوردی بـە ناوبانگیـش مەحەمەد ئەمیـن زەکـی زۆر ڕوداوی بەنرخی تری لەبـارەی قـەڵای دمدمەوە لە (مێـژووی کـورد و کوردسـتان)دا بڵاوکردووەتەوە.

لـە سـەدەی شـازدەهەم و سـەرەتای حەڤدەهەمـدا خانـی لەپزێڕیـن میـری ناوچەکانی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ و ئورمـێ و شـنۆ بـوو لـە خۆرهەڵاتی کوردسـتان و سـەرۆکی هۆزەکانـی برادۆسـتیش بـوو. خانی لەپزێڕیـن لە جێگەی پاشـماوەی قەڵا هـەرە کۆنەکەی

دەوروبەری ساسانییان کە ناوی دمدم بوو قەڵاییکی سەختی تازەی دروستکرد، بۆ زیاتر بەهێزکردنی قەڵای دمدم، لە ناوەوە قەڵاییکی بچوکی تری دروستکرد و ناوی نا (نارین).

بەهێزکردن و پتەوکردنی قەڵای دمدم کاریگەری گەورەی کردە سەر میرنشینەکانی هاوسێی خانی لەپزێرین، ئەمانە کەوتنە هاندانی شای ئێران لە دژی خان بۆئەوەی هێزی خان زیاتر پەرەنەسێنێت و لە دوارۆژێکی نزیکدا جاڕی سەربەخۆیی نەدا.

هەر لەو کاتەدا بوو بیست بۆ هەزار کەس لە هۆزی جەلالی لە کوردستانی عوسمانییەوە کۆچیان کردە خۆرهەڵاتی کوردستان. ئەمە هەلێکی بەنرخ بوو بۆ شا و بڕیاریدا کە هەزار کەسیان لە ناوچەی برادۆست جێنشین بن. بەڵام خانی لەپزێڕین بە توندی لە دژی ئەم بڕیارەی شا وەستا. شا عەباس لەشکرێکی قورس و بەهێزی ناردە سەر خان، بەڵام کوردەکان بڕیاریاندا کە تا تاقە کەسێک لە جەنگاوەری کورد بمێنێت قەڵاکە بەدەستەوە نەدەن. بەم جۆرە کوردەکان بۆماوەی چوار مانگ بەرگری قەڵا خۆشەویستەکەیان کرد. دوژمن لەتوانایدا نەبوو بەسەر کوردەکاندا زاڵبێت، بەڵام وەک قسەی نەستەقی کورد دەڵێت ( دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقڵیشێت)، کوردێک تاوانێکی گەورەی کرد بەوەی سەرچاوەی کانیاوەکەی قەڵای دمدمی بە لەشکری دوژمن پیشاندا، ئەمە بوو بە هۆی قڕبوونی هەموو جەنگاوەرانی قەڵای دمدم، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە کوردەکان قەڵایان بۆ دوژمن بەجێ نەهێشت تا دوا جەنگاوەریان شەهیدبوو. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئەمڕۆ پاڵەوانیەتی جەنگاوەرانی قەڵای دمدم لەسەر زاری گۆرانی بێژ و حەقایەتخوانی کوردە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و بە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی.

ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی کە لە ئەنجامی جەنگی قەڵای دمدمەوە کەوتەوە زۆرە، هەندێکی بڵاوکراوەتەوە، بەشێکیشی تا ئێستا هەر لەسەر زاری خەڵکی ماوەتەوە. لەلاییکی ترەوە ئەگەر بەراوردێک لەنێوانی هەوڵ و تەقەلای خۆمان و خۆرهەڵاتناسەکان بکەین، بۆ ئەم کارە دەبینین کە خۆرهەڵاتناسەکان لە ئێمە زیاتر بایەخیان بە حەقایەت و بەیتەکانی قەڵای دمدم داوە، نەک تەنیا بڵاوکردنەوەیان بە کوردی بەڵکو گۆڕینیشیان

بـۆ زمانی ڕوسـی و ئەڵمانـی و فەرەنسـی و ئەرمەنی.

شـەری قـەڵای دمـدم تەنیـا ڕەنگی لـە فۆلكلۆری كـوردی نەداوەتـەوە: بەڵكو بـووە بە سـەرچاوە بـۆ دانانی چیـرۆک و ڕۆمانی كوردیش، بۆ بەڵگە نووسـەری كوردی سـۆڤیەتی بەناوبانـگ عـەرەب شـەمۆ (عـەرەب شـامیلۆڤ) لەبـەر ڕۆشـنایی ڕوداوە مێژووییەكانـی قـەڵای دمـدم ڕۆمانێكی نووسـیوەتەوە. ئەم ڕۆمانە سـاڵی ١٩٦٦ بە زمانی كـوردی و پیتی ڕوسـی (سـلاڤی) لە شـاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنسـتانی سـۆڤیەت بڵاوكراوەتەوە، لە پاشـاندا وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ڕوسـی و سـاڵی ١٩٦٩ لە مۆسـكۆ بڵاوكرایەوە.

عـەرەب شـەمۆ لـە ڕۆمانەكەیدا هەوڵـی داوە پەیوەنـدی دۆسـتایەتی كـورد و نەتەوە هاوسـێكانی ڕوونبكاتـەوە، بەتایبەتـی خەباتـی ئەم میللەتانـە لە دژی داگیركـەری ئێرانی و عوسـمانی. هەروەهـا وێنـەی نایابی ژیانـی كۆمەڵایەتی و ئابوری كوردسـتانی كێشـاوە لە سـەرەتای سـەدەی حەڤدەهەمدا.

ڕوداوەكانـی جەنگـی قـەڵای دمـدم سـەرچاوەییێكی بەكەڵكـن بـۆ دروسـتكردنی گەلـێ بابەتـی نووسـین و هونـەر، وەک چیـرۆک و پیەسـی پەخشـانی و شـیعری، هەروەهـا كەرەسـتەییێكی بـێ هاوتای شـانۆ و سـینەمایە، بـەڵام لەبـەر دەسـتكورتی نەتەوەكەمان تا ئێسـتا هەلێكـی وامان بـۆ هەڵنەكەوتووە كە ئـەم ئامانجـە بهێنینەدی. دەبێت ئـەوەش بڵێین كـە سـاڵی ١٩٣٨ تیپـی نواندنی ئاشـورییەكانی سـوریا بە زمانـی عەرەبی قـەڵای دمدمیان خسـتبووە سـەر شـانۆییێكی گەڕۆک و لە هەندێ لە شارەكانی سـوریا پێشكەشیان كردبوو.

# سەرچاوەکان


١. زمـان و ئەدەبی کوردی ـ بۆ پۆلی شەشـەمی ئامادەیی چاپـی هەولێر ٢٠٠٢ز ـ ٢٧٠٢ کوردی.

٢. د. ئاورەحمانـی حاجـی مـارف، ڕێزمانـی کـوردی بەشـی (١-٥) کۆکردنـەوە و لـە چاپدانەوەیـان لە یـەك کتێبدا سـلێمانی ـــ ٢٠٠١

٣. نوری علی امین، قەواعدی زمانی کوردی لە (صرف نحو)دا، بەغداد، ١٩٥٦.

٤. د. کوردسـتان موکریانی، سینتاکسی ڕسـتەی سـادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیـرە ژمارە ١٣٣.

٥. نوری علی امین، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا ١٩٨٦.

٦. دیوانی شاعیرە کوردەکان.

٧. گۆڤـاری (گەلاوێژ، ڕۆژی نوێ، هیوا، نووسـەری کـورد، کۆڕی زانیـاری، (المعلم الجدید) و ئەوانیتر.....)

٨. نووسینەکانی سەجادی، خاڵ، شاکر فتاح و گۆران.

٩. کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆڵەکانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان.

١٠. مختصری صرف نحوی سعید صدقی.

١١. دەستوری زمانی کوردی تۆفیق وەهبی.

١٢. ڕێزمانەکانی نوری عەلی ئەمین.

١٣. زاراوەکانی کۆڕی زانیاری.

١٤. الواقعیە في الادب الکردي الدکتور عزالدین مصطفی رسول.

١٥. دوکتور مارف خەزنەدار سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی (بەڕوسی).

١٦. محمد عارفی جزیری - سگڤان عبدالحکیم - ١٩٨٤- بغداد

١٧. گۆڤاری سلێمانی ژ(٩)ی ساڵی ١٩٦٩ - د. شوکریە ڕەسول -١٩٨٩ – هەولێر

١٨. المدخـل لدراسـە الادب الکردي المـدون باللهجە الشـمالیە ـ جـزو الاول - تحسـین ابراهیم الدوسـکی -١٩٩٣.

١٩. ڕۆڵـی گۆڤاری هیوا لـە پێشخسـتنی هونەرەکانی ئەدەبـی کوردیدا - نامەی ماسـتەر ـ هیمداد حسـین بکر - ١٩٩٥

٢٠.هونەرەکانـی ئەدەب لـە ڕۆژنامەگەری نێهنـی کوردیدا (١٩٦١ ـ ١٩٩١) -نامەی ماســتەر ـ نەوازد علـی ئەحمەد

٢١. مێژووی پەخشانی کوردی تا ساڵی (١٩٨٠) - عەلادین سجادی - ٢٠٠٠ هەولێر.

٢٢.ئەدەبی ڕۆژنامەنووسـی سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتانی (١٩٤٣ ـــ ١٩٤٧) - نامەی دکتۆرا ـــ هیمداد حسـین بکر- ٢٠٠١

٢٣. (گۆڤاری دەنگی گێتی تازە) سـەرهەڵدان و دەوری لە پێش خسـتنی زمـان و هونەرەکانی ئەدەب و وەرگێڕاندا - پ. د. شـوکریە ڕەسول - ٢٠٠٣ سلێمانی.

٢٤. ڕۆژنامـەی (برایی ـــ برایەتی ١٩٦٧ ـــ ١٩٧٤)و ڕۆلی لە پێشخسـتنی ئەدەب و ڕۆشـنبیری کوردیـدا - نامەی ماسـتەر ـ ئاریـان ابراهیم احمد -٢٠٠٤ سـلێمانی.

٢٥.چیرۆکی هونەریی کوردی - حسین عارف- ١٩٧٧ بەغدا.

٢٦.لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی - عومەر مەعروف بەرزنجی - ١٩٧٨ بەغدا.

٢٧.چیرۆکی نوێی کوردی - حەسەن جاف - ١٩٨٥ ـ بەغدا.

٢٨.بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوریدا - ئەحلام مەنسور - ١٩٩٩ـ سلێمانی.

٢٩.گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع - عەتا قەرەداغی - سلێمانی ـ ٢٠٠٤ .

٣٠. ڕۆڵـی گۆڤـاری گەلاوێژ لە گەشەسـەندن و پێشخسـتنی ئەدەبـی کوردیـدا - محەمەد دلێر ئەمیـن محەمەد - سـلێمانی ـ ٢٠٠٤

٣١. الروایه الکوردیه - عبدالرحمن پاشا - اربیل ـ ٢٠٠١ .

٣٢. خۆشخوانی - عەلائەدین سوجادی - بەغدا ـ ١٩٧٨

٣٣. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا - عەزیز گەردی - ب ١ بەغدا ـ ١٩٧٥ .

٣٤. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا - عەزیز گەردی - ب ٢ هەولێر ـ ١٩٧٥.

٣٥. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا - عەزیز گەردی - ب ٣ سلێمانی ـ ١٩٧٩.

٣٦. ڕەوانبێژی - عەزیز گەردی - هەولێر ـ ١٩٩٢ .

٣٧. دیوانی مەولەوی

٣٨. مێژوی ئەدەبی کوردی د. مارف خەزنەدار.

٣٩. لیژنەی پێداچوونەوەی زانستی جاری یەکەم:

د. فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی
د.عـــزیــز گـــــــەردی
أحمـــد محمـــود محمـــد
محمــــد احمــــد محمــــد
محســـــن احـمـــد کـــریم
هــوشـــیار درویش نامـــق
د. دلشـــاد علـى محــمــد
حمـــه یوســـف عثـــمـــان
ســـەگڤان جـمیل محـمــد
د. مصـــطفی محمـــد زنگـــەنە
عطا حمـــــەصـــالح امـیـــن
عبـــدالســــتار فـــتاح
ناضـــم حـســـن أحـمـــد
ســامـــان نـــوری عــزیـــز
طـــه یاســـین طــــــه
انـــــور علـــي قـــــادر
احمــــد محمـــــد رشـــید
هــــێرۆ عــــبدالطـیف یـونس
عـبدالرحمـــن رشـــید أحمـــد


ئـاو سـەرچاوەی
ژیانە
بۆیە دەیپارێزم

www.bgprogram.org

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن (١٦٩) ساڵی ٢٠١١

نرخی یەك دانە (     ) دینار

تیراژ (     ) دانە

چاپی شازدەیەم

١٤٤٣ کۆچی - ٢٠٢٢ زایینی - ٢٧٢٢ کوردی